# با حکومڕانی خۆجێی هەرێمی کوردستان بۆ هەموومان بێت! ل٢




بەدرخان
Bedirxan
www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedirxanpp@gmail.com
بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش
هەفتەنامەیەکی رۆژنامـەوانیی رووناکبیری گشـتییە - دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات
خولی سێیەم، ژمارە (١٧١)، پێنج شەممە، کانونی دووەم ٢٠١٥/١/٢٢ زایینی - ڕێبەندان ٢٧١٤ کوردی - ساڵی چواردەهەم

## کۆنە کا بە با ناکەم



لەوەرزو خولی نوێی دەزگای بەدرخان دەخوازم کۆنەکا بەبا نەکەم و بێمە سەر ئامانج وبەرنامەی (دەزگای بەدرخان) کە خەون وخولیای زۆرێک لەهەواداران وکلتورپەرستان وئەو کەسانەش بووە ڕۆژانێک کە مانگنامەی بەدرخان لەتەک هاوار مستەفا خانی نوسەر و ڕۆژنامەنووس کە لە 2000/10/22 لەشاری سلێمانی ژمارە (سفر)ی دەرچوو, لەکاتێکدا لەو سەردەمە هیچ بڵاوکراوەیەکی هونەری و رۆژنامەنووسی لەو کوردستانە بوونی نەبوو, جگە لە هەوڵی رۆژنامەی ئەمرۆ ساڵی 1994، بۆیە جێگای شانازی بەدرخان و بەدرخانیەکانە لەپاش ڕاپەڕینی 1991 ی گەلی کوردستانی عیراق بەیەکەمین بلاوکراوەی (مانگانە) ی ئەهلی دادەنرێت, کە تاکو ئێستا 170 ژمارەی لێ دەرچووە.

دەزگای بەدرخان پاش پێدانی ئەو نەخشە عوسمانلییەی پێشکەشی بەڕێز مام جەلالی کرد, تەکانێکی دیکەی دا بە چالاکیەکانی دەزگای بەدرخان, بۆیە لە 2004/4/22 یەکەمین ڤیستڤاڵی خۆی لە سلێمانی سازدا, بەناونیشانی (هەموومان قەرزاری بەدرخانیەکانین) لەجۆش وخرۆشی زیاتر لە 600 میوانی هەرێمی کوردسستان و وولاتانی دیکە ڕێکخرا.

ئەوەی دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم.. سەرەتا دەزگای بەدرخان لەتەک (کاروان ئەنوەر وساڵح بێچار وهێمن جەمیل وهەوراز محەمەد و محەمەد فەتاح وفاتح عەزیزو حەسەن یاسین و شەهرام نامیق و ئیسماعیل جیهانگیرو هتد).

سەرەتا لەدوکانێکی 2م بە 3 م لەباڵەخانەی ڕەحیمی مەلا عەلی لە سلێمانی بەکرێمان گرتبوو, بۆیە لەپاش تەواو بوونی ڤیستڤاڵی یەکەمی بەدرخان هەریەک لە موفید جەزائیری وەزیری رۆشنبیریی عیراق وفەتاح زاخۆیی وەزیری رۆشنبیری و د. کەمال فوئاد وسینەم خان جەللادەت بەدرخان وسەلاح سەعدوللا و د. کەمال مەزهەر و حەمەی مەلا کەریم و ئەورەحمانی حاجی مارف و فەرهاد عەونی و د. مۆفەق دەرگەلەیی و زۆرێک لە میوانان..... هتد, داوایان کرد سەردانی نووسینگەی دەزگای بەدرخان بکەن.

منیش چەند سەرم هێناو برد, چۆن لەو داوایەی میوانان خۆم دەرباز بکەم.. نەمتوانی, بۆیە سواری پاص وکۆستەر بوون وهاتن بۆ دەزگای بەدرخان, کە کەوتبووە بەرامبەر دەزگای سەردەم لای فولکەی دەستەکە, کاتێ میوانەکان گەیشتن منیش کلیلی نوسینگەم دەرهێناو دەرابەی نووسینگەم کردەوە ومیوانان ئەبلەق بوون کە سەیری ژوورەوەیان کرد, تەنیا مێزێکی بچووک ودوو کورسی لێبوو هیچی دیکە.. کە سەیری میوانانم کرد هەموویان منیان زیاتر خۆش ویست, لەو شوێنەی بچووکە وئەو کارە گەورەیە.. هانیان دام وپشتگیرییان کردم.

ئەو سەرەتایە پاڵپشتێک و زەمینەیەک بوو بۆ ئەمرۆ کە دەزگای بەدرخان توانیویەتی لەسەر قاچەکانی خۆی بوەستێت و ببێتە ناوەندێکی کولتوریی کە وەک سەرچاوەیەکی زانیاری بتوانین دەزگاکە بخەینە ڕوو, بۆیە ئەمرۆ نووسینگەی بەدرخان لە هەولێر زیاتر لە بیست هەزار کتێبی لێیە, ئەوە سەرباری سازکردنی یانزە ڤیستڤاڵی نێو دەوڵەتی وچاپکردنی زیاتر لە 200 کتێب وچاپکردنی ئینسکلۆپیدیای هەولێر... ئەوانە مێژوویەکی گەشاوەیان بۆ دەزگاکە تۆمار کردووە, کە ببێتە جێگای شانازی هەموومان.

لەوەرزی ئەمجارەماندا وبەتایبەت بەرنامەی کاری 2015, پێش هەر شتێک دەرچوونەوەی بەدرخان, کە بەداخەوە بەهۆی سەرقاڵیم بە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و کاری دیکەم, بۆیە لێرەوە بەتایبەتی لای خۆشەویستانمان گلەیی و هەندێکجار سەرکۆنە ئەکراین لە بەرامبەر دەرنەچوونی بەدرخان و کارو چالاکیەکان, ئێمەش ڕای خۆشەویستانمان لا گرنگە وپەرۆشی ئەوان بەرپرسێتی ئێمەیە, سەرکۆنەی ئەوان وامان لێدەکات کە لەجاران باشتر درێژە بەکارە ڕۆژنامەوانیەکان وکولتوریەکانمان بدەین.

بەدرخان لەڕۆژە سەختەکاندا پشت و پەنای خوێنەران و دڵسۆزانی و هەوادارانی بووە, ئێستاش بەهیمەتی هەموو لایەک ژمارە 171 ی بەدرخانتان پێشکەش دەکەین. چاوەڕوانی چاپکردنی (50) کتێبی گیرفان بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی تایبەت بە کەلتوورو پردی روناکبیری و کردنەوەی کەناڵێکی تەلەڤزیۆن بە ناوی (بەدرخان) و چاوەڕوان بن.

**سەرنووسەر**

## پێڵاوی شەنگالیەکان

کەلچەر ل ١٠-١١



**لەم ژمارەیەدا:**

* ئیخوان موسلیمین.. دامەزرێنەری بیرۆکەی جیهاد لە.......................سۆران سێوکانی ل٢
* کورد رەمزی نافیع لە بیر ناکات........................... د. فرسەت رۆژبەیانی ل٦-٧
* پێشنیازێک سەبارەت بە رووماڵی میدیای کوردی لە سەردەمی شەڕدا..... ئەرسەلان رەحمان ل٢٠

هەر جارەو باسێک



رزگار عەلی

## با کوردستان بۆ هەمووماν بێت!

نامەوێ لێرەدا ووردەکاری قۆناغەکانی راپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) و هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان، لە ساڵی (١٩٩٢) و دواتر پێکهێنانی هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا رژێمی بەعس فەرمانگە کارگێرییەکانی حکومەتی عێراقی لە کوردستاندا کشاندەوە.

تەنها پێی ناوترێ یادگاری ئەویش شەڕی ناوخۆیە، کە ساڵی ١٩٩٤ دەستی پێکرد و بەرێکەوتنی واشینتۆنی ساڵی ١٩٩٧ کۆتایی پێهات، بەڵێ لە هەمان کاتدا یادگاریە بۆ هەموو دڵسۆزانی کوردستان، کە ئەو قوربانیانەی لە شەڕی ناوخۆ دران ، تەنها بە قازانجی دوژمنانی کوردستان تەواوبوون و ئێش و ئازارێکی درێژخایەنی لە نێو ئەندێشە و سایکۆلۆژی تاکەکانی گەلەکەمان جێهێشت.

بۆ شەڕی ناوخۆ روویدا، بەشێکی هۆکارەکان پەیوەندیدارە بە دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و تێڕوانینی سیاسی لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم.

بوونی دەسەڵاتی هەر لایەنێکی سیاسی لە بەڕێوەبردنی وڵات دەکرێت هیوابەخش و خزمەتگوزار بێت و ئاسوودەیی گەلی بە دواوە بێت، بە پێچەوانەش نەهامەتییەکانی بە دواوە دێت.

لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە تا ئێستا دووجار پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە ، ئەویش لە ساڵانی (٢٠٠٥) و (٢٠١٤).

لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٥) ئەو سێ ئەنجوومەنەی لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم، (پەرلەمان و دەستەی دادوەری و حکومەتی هەرێمی کوردستان) زەمینەی کارکردنی ئەو سێ ئەنجوومەنەی فەراهەم نەکرد، تەنها رۆڵیان بریتی بوو لە هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا و پارێزگار و دابینکردنی موچەی ئەندامانی ئەنجوومەن، جگە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی نەبێت کە برێک جموجۆڵی تێدا هەبوو... ئەم حاڵەتە دژ بە دەستوری عێراقی فیدراڵە کە ئێمەی خەڵکی کوردستان لەم هەرێمەدا دەنگمان بەو دەستورە داوە.

ناکرێت ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش کە لە هەڵبژاردنەکانی (٣٠-٤-٢٠١٤) هەڵبژێردراون، لاسایی کەرەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی خولی یەکەم بن، بۆ ئەوەی گشت هاووڵاتیان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەرجەم چین و توێژەکانی ئەم حکومەتە خۆجێیانە بە هی خۆیانی بزانن، وە دەربڕی داواکاری و ئامانجەکانیان بن.

ئەو کەلتوری یەک حزبی و یەک رەنگییە دەبێ لە گۆڕ بنرێت، نابێت حیزب و رەنگ ببێتە مایەی هاووڵاتی بوون، بەڵکو لۆژیک و هاونیشتمانی بوون دەبێت جێگای بگرێتەوە.

پێویستە و هیچ بیانویەکیش نابێت تێپەرێندرێت، لەلایەن لایەنی براوە، دەبێت حکومەتە خۆجێیەکانی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم، ئاوێنەی دەنگی هەموو لایەنەکان بێت.

زۆربوونی رەنگەکان دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و ململانێی زانستی و پێشکەوتن دەهێنێتە ئاراوە، تەنها بۆ بە بیرهێنانەوە نەمانبیستووە، لایەنێکی سیاسی کوردستان کە نوێنەری هەیە لە هەرسێ ئەنجوومەنی پارێزگاکەی هەرێم دژ بە سیستەمی دیموکراسی بێت.

کەواتە! بۆ ترس و دڵەراوکێ! بۆ بێ متمانەیی لە نێوان براکان، بۆ دەسەڵات تەنها بۆ تۆ!.

با کوردستان بۆ هەمووان بێت!.

# ئیخوان موسلیمین

## دامەزرێنەری بیرۆکەی جیهاد لەدەرەوەی دەسەڵات



سۆران سێوکانی

یەکێک لە ترسناکترینکایەکانی ئیسلامی سیاسی کەبە درێژیایی سەدەیەک کاری لەسەر کردوە ؛ زیندووکردنەوەی مەسەلەی جیهادە. ڕیبەری یەکەمی ئیخوان حەسەن بەننا زۆر بەڕاشکاوی؛لە ستراتیژیە سەرەکیەکانی ئیخواندا ؛باس لەجیهاد دەکات وبەروکنێکی سەرەکی ئیسلامی دادەنێت؛ لەجیهادیش مەبەستی (قیتال ) ە؛ وەک خۆی بە ڕاشکاوی باسیدەکات. هەر بۆیە لەسەرەتی دامەزراندنی ئیخوان موسلیمینەوە حەسەن بەناا داوا لە شوێنکەوتوانی دەکات کە خۆیان خەریک بکەن بە خۆ بەهێزکردن و فێر بوونی چەکداری وخۆئامادەکردن بۆرۆژی (حسم). لەمەش زیاتر چەک و تەقەمەنی کۆ دەکاتەوە ورێکخستنی تایبەت تەشکیل دەکات وبەنهێنی راهێنان لەسەر چەک بەئەندامەکانی دەکات. یەکەم کەسێک کەباسی جیهاد دەکات لەدەروەت دەسەلات حەسەن بەننایە! ئێمەئەبێت ئەو راستیە بڵێین کە لە مێژووی ئیسلامدا چەمکی جیهاد قۆرخ بوە لەدەستی دەسەڵاتدا؛ هەر گروپێک لەدەروەی دەسەڵات چەکی هەڵگرتبێت ودژبەدەسەلات بەخەواریج ولادەر لە ڕێی ئەهلی سوننەت وجەماعەت ناو براوە. ئەڵبەت ئەمە قسەی دەسەڵاتداران نیە بەڵکو فەتوای زانایانی گەورەی ئیسلامە. گەڕانێک بەناو کتێبەکانی فیقهدا ئەم راستیەت تێدەگەیەنێت. موسوڵمان تەنیا کاتێک دەتوانێت چەک دژی دەسەڵات بەکار هبێنێت کە ئەو دەسەلاتە کافرێکی رەها بێت ؛یا داگیرکرێک بێت. بەڵام حەسەن بەننا لە رواڵەتدا مەلیک فاروقی بە خەلیفەی موسوڵمانان ناو دەبردو بەیعەتی پێدەدا ؛ کەچی لە پەنهاندا پیلانی لەدژی دەگێڕاو ؛ ئەندامەکانی ئامادە دەکرد بەجیهاد؛ هەرواشبوو ؛کۆدەتای ساڵی ١٩٥٢ بەپیلانی ئیخوان ئەفسەرانی ئازادکرا لەراستیدا تێوەگلانی ئیسلام وەک ئایینی زۆرینە بەمەسەلەی گروپێکی دیاریکراو؛ پاشانیش تتێوەگلۆانی بە تیرۆرەوە بهۆی ئەو گروپانەوە تاوانێکی گەورەی سەردەمە کەئیسلامی سیاسی کردوێتی. لەراستیا مەفهومی جیهاد لای ئیسللامی سیاسی چەکدار ؛زیاتر لە مەفهومی خەواریج حەشاشین و هەموو گروپە مەزەبیەکانی مێژووی ئیسلامی نزیکن بەتایبەت لەم خاڵانەدا: ١:ئەوگروپانە ڕێکخستنی نهێنیو شاراوەیان هەبوە بۆ پیلانگێڕان دژ بەدەسەڵاتی سیاسی لەکاتی خۆیاندا ٢: ئەوان هەمیشە ئەجیندای ئاشکرایان جیاواز بوە لە ئەجیندای شاراوەیان ٣: ئەوان هەوڵی گۆرانکارییان داوە لەڕێگەی شۆڕش ویاخیبوونی چەکداری وتیرۆرو کوشتنەوە؛ خەواریج خەلیفەی چوارەم دەکژن وچەندی کەسایەتی گەورەو موسوڵمانی سادە دەکوژن. حەشاشەکانیش بەهەمان شێوە گەورەترین گروپی ناسراوی تیرۆریستی بوون لە مێژوی ئیسلامدا کەکەسانی خۆکوژو ئینتیحارییان پەروەردەکردوە ٤: ئەوان مەفهومێکی توندو داخراویان بۆ ئیسلام کردوە ؛دوور لەمفهومی خەتی گشتی ئیسلام وەک ئەهلی سوننەت وجەماعەت؛ ئەم خوێندنەوەیە بەزۆری بۆ مەبەستی سیاسی و دەسەڵاتگرتنە دەست بەکار هاتوە ؛ وەک خەواریج دەیانکرد. ئەوان علی کوری ئەبوتاڵیبیان بەکافر زانی؛ بۆیە تیرۆریان کردو ویستیان کودەتابکەن وخۆیان دەسەڵات بگرنەدەست پاش ئەوەش جەندین شۆڕشیتریان هەڵگیرساند بۆ هەمان مەبەست. بەسەیرکردنی ئەو خاڵانەی سەرەوەو بەراوردکردنی لەگەڵ ئیسلامی سیاسی ئەمڕۆدا ؛لێکنزیکیەکی سەیر لەنێوانیاندا دەبینین؛ بۆ نمونە: ١: گروپە ئیسلامیەکانیش هەردەم ڕێکخستنی نهێنییان هەیەو لەژێرەوە کارێک دەکەن ولەسەرەوەکارێکیتر ٢:ئەوانیش هەوڵی لەناوبردنی دەسەڵاتی سیاسی کودەتا یا شۆڕش دەدەن ٣: ئاشکرایە حزنەئیسلامی وگروپە سەلەفیەکان تێگەیشتنێکی توندو داخروو جیاواز لەتێگەیشینی گشتییان هەیە بۆ ئیسلام وسیاسەتو شتیتر؛ هەر بۆیە ناتوانن بەئشکرا ئامانجەکانی خۆیان بسا بکەن بەڵکو لەڕێی باسی تەقواو دینداریەوە خەڵک ڕاو دەکەن؛ هەرکاتێکم سەید قوتب یەکێکە لەو نوسەرە گرنگ وکاریگەرانەی کە تیۆریزەی فەلسەفەی جیهادو دژایەتیکردنی تاغووت دەکات و؛تەکفیری رژیمەکانی دنیای ئیسلام دەکات. ئەو بە مەفهومی خۆی بۆ ئایین ولەژێر کاریگەری زانای هیندی پاکستانی ؛ئەبو ئەعلای مەودودی؛ مەفهومێکی نوێی بۆ دین و سیاسەت وچەمکەکانی عەقیدەو شەریعەت هێنا .بە جۆرێک دەکرێت بڵێین مەفهومی ئەهلی سوونەت و جەماعەت؛ بەڵکو مەفهومی ئیخوانیشی بۆ چەمکە دینیەکان تێکدا. دەکرێ ئیسلامی سیاسی بکەین بە دوو مێژوو؛ پێش سەید قوتب وپاش سەید قوتب.ئەو تەواو ئیسلامی سیاسی کردە مەفهومێکی توندرەوو داخراوو دوور لە کۆمەڵگەو ژیانی کۆمەلایەتیی مرۆڤە ئاساییەکان. بە تەفسیری نوێی بۆ جیهاد واکمیەت و کەنارگیری لە کۆمەڵگەو جەهلاندنی جڤات وتەکفیری دەسەڵات وهتتتتددد حەسەن بەننا هەر چەندە بەشێوەیەکی زەق؛ سیاسەتی تێکەلاو بەدین کردو ؛لەژێر کاریگەریی حزب وسیاسەتی هاوچەرخدا گروپی ئیخوانی بنیاتنا؛ بەڵام ئەو لەتەکفیری دەسەڵات وکۆمەڵگە بەدوور بوو؛ بەهەمان شێوە وەک سیاسەتوان خەباتی دەکرد. بەڵام سەید قوتب چەمکەکانی هەڵگێرایەوە؛ ئەو تەکفیری دەسەلات وتەجهیلی کۆمەڵگەی کرد؛ لەهەمان کاتیشدا ؛خەباتی ئیخوانی لە مەیدانی سیاسی کۆمەلایەتیەوە گواستەوە بۆ مەیدانی کوفرو ئیمان؛ خوداو شەیتان؛ تاقمی ئیماندارو تاقمی دژە ئیمان ؛ ئەو ئیخوان و ئیسلامی سیاسی بە تاقمەکەی موساو موسوڵمانانی مەککە شوبهاند؛ نەیارە سیاسیەکانیشی بەفیرعەون و شوێنکەوتوانی فیرعەو ئەبو جەهل شوبهاند. ئەتوانین نوکی قەڵەمەکەی سەید قوتب لەنێو فکری لینینزمیشدا بدۆزینەوە ،بێگومان سەید قوتب وەک بەننا نیە کە تەنیا لەناو چوارچێوە کەلتوری دینیدا گەورە بوبێت. ئەو نیوەی تەمەنی لە ناو کلتوری خۆراوادا بەسەربردو پێش ئینتیمای بۆئیخوان ؛لەناوچەند رەوتێکی سیاسی چەپدا خۆی بینیوەتەوە. سەید قوتب لە (معالم في الطريق) داکەگرنگترین بەرهەمیەتی و وەک مانیفیستۆی رادیکالیزمی ئیسلامی دەناسرێت؛ بەئاشکرا باس لە (عصبة مسمة) دەکات کە پێشرەوی خەباتی ئیسلامی وگۆڕانکاری دەکات لە کۆمەڵگەدا. بیرۆکەی (عصبة مسلمة) ڤیرژنێکی کت و متی (طليعةحزبية) کەی لینینە لە کتێبی (ماالعمل) دا.ئەوەی سەیرە ئیوای سوریا پاشان (طليعة مقاتلة) بەرهەم دێنن کەدیارە ناوەکە لەکوێوە دێت خوێندنەوەی گروپە جیهادیەکانی ئەمڕۆ هەرلە جماعة اسلاميه ی میسرەوە تا دەگاتە قا/عیدەو داعش؛ رەنگی قەڵەمی سید قوتبی پێوە دیارە. بەهەمان شێوە تیرۆر ی ئیسلامی و خەباتی چەکداری لەدەرەوەی دەسەڵاتی سیاسی درێژکراوەی عەقلیەتی جیهادو ڕێکخستنی تایبەتی ئیخوانە. راستە ئێستا ئیخوان (بەلایەنی کەمەوە لەڕواڵەتدا) خۆیان لە توندو تیژی بەدوور دەگر، بەڵام ئەمە پاش ئەوە دێت کە دەروازەی عیفریتەکەی سولەیمانین شکاندو ؛جنۆکە شەڕاننگێزەکانیان رەهاکرد.



بەدرخان
Bedirxan

# پێکدادانی دز و درۆزنەکان



یونس سیڤەر

لەگەل هەر هێرشێکی تیرۆرستانە لەهەر کوێیەکی سەر ئەو زەمینە، یەکسەر پەنجەی تۆمەت بۆ سەر ئیسلام و موسلمانان درێژدەکرێ تەنانەت زۆر جاریش پێش ئاشکرابون و دەستگیرکردنی هیچ کەسیک، وەک کردەوە تیرۆرستیەکەی نەرویجیە چاوشین و پرچ زەدەکە، بەتاییبەتیش لە میدیا رۆژئاواییەکان، خۆی تەمەنی ئەو هێرش و کردەوە تیرۆرستیانە لە بیست ساڵیک تێپەڕ ناکاو دیاردەی»خۆکوژە ئیستیشهادیەکان»یش زۆر نوێترن و نزیکەی پازدە ساڵیکە، بەلام ئەگەر سەیری سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام بکەین ئەوا تەمەنێکە زیاتر لە هەزار و چوار سەت ساڵ، کەواتە بۆچی ئەو گرێدانە، خۆ ئەگەر مەبەستیان فتوحاتەکانی ئیسلامیش بێت ئەوا ئەوەیان دوای مردنی پێغەمبەر بوە و موسلمانەکانی ئەوکاتیش هەر عەرەب بون کاریگەریی دزی و کەلتوری راوڕوتیی عەرەبی جاهیلییان هەربەسەر مابو ، لێرەدا باس لەسەر دیاردەی تیرۆری مۆدێرنە و بەتاییبەتییش ئەوەی لە رۆژئاوا ڕودەدات، بۆچی تاکو بن لادن روی تفەنگەکەی لە روسیەکانەوە نەسوڕاند بەرەو ئەمریکیەکان هیچ کردەوەیەکی لەمشێوەیە روی نەدەدا، ساموێل هەنتینگتۆنی بیرمەندی ئەمریکی لە نۆهەتەکان پێشبینی پێکدادانی شارستانیەکانی(صراع الحضارات) کرد و گروپە جیهادی و ئسولیە ئیسلامیەکانیش بەوپەڕی دڵخۆشیەوە وەلامیان دانەوە، کە بەلێ ئەوە پێکدادانی شارستانیەتی رۆژئاوا و ئیسلامە، بەلام ئەوەی ئێستا رودەدا هەرگیز لەململانێیەکی دو شارساتانی باڵا ناچێت، بەلکو پێکدادانی کەلتوری دزی و فاشیلی عەرەبە بەرامبەر درۆ و نیفاقی ئەوروپا، ئەوروپا بە ئەنقەست وێنەیەکی سادەی نەخش کردوە و وای پێشاندەدا کە ئەوە ئازادی ڕا دەربڕینە لە ئەوروپا ڕوبەڕوی ئازادی روح دەربڕینی ئیسلامەکان دەبێتەوە، لێ ئەگەر سەیرێکی نزیکەی بیست ساڵیک لەمەوبەر تا ئەمرۆ بکەین، جگە لەمیدیای عەرەبی بەتاییبەتی ئەلجەزیرە و میدیا رۆژئاواییەکان، ئەوا ئەستەمە لەسەر ئەرزی واقیع هەست بە پێکدادانی ئەو دو شارستانیەتە بکرێت، ئەگەر لە سایەی تەکنەلۆجیای ئینتەرنێت و سەتەلایت نەبوایە هەرگیز ئەو کێشەیە نەدەبوە ململانێیەکی نێوان «شارستانیەکان» وەک کە پرۆپاگەندەی بۆ دەکەن ، ئەوەی لەماوەی رابردو رویداوە لە نێوان ئەو دو بەرەیە لەراستیدا شەڕی نێوان عەرەب لەلایەک و ئیسرائیل و غەرب بوە لەلایەکەی تر، جگە لەوەش هەبونی رەوەندێکی چەندین ملیۆنیی عەرەب لە رۆژئاوا، کە پێشتر لەلایەن دەولەتە ئەوروپیەکان داگیرکرابون، هەردەم بەچاوێکی دوژمنانە تەماشای ئەو وڵاتانەیان کردوە کە مافی پەنابەرییان پێداون و هەمیشە بیری تۆڵە سەندنەوە لە مێشکیاندا بوە ،لە بیست ساڵی رابردو نزیکەی ٨٠ لەسەت کردەوە تیرۆرستیەکان بەدەستی عەرەب ئەنجام دراون بەتاییبەتیش ئەوانەی ناو ئەوروپا، لە ئەوروپا وشەی عەلی بابە هەمان مانای دز دەدات و ئەو وشەیە زۆر کۆنە لەناو ئەوروپیەکان، لەبەرامبەریش عەرەب، ئەوروپیەکانیان پێ زۆڵ و فەرخە بەرازن، یەکەم کەس لەسەرەتای ساڵی دوهەزارەکان کردەوەی خۆکوژی دژی جولەکەی مەدەنی حەلال کرد و بە جیهادی دانا، ئەحمەد یاسینی حەماسی فەلەستین بو، کە زۆر ئاشکرایە فتواکەی پێچەوانەی خۆکوشتنە لە ئیسلام کە بەگوناحێکی گەورە دادەنرێت، ئەگەر باسیش بێتە سەر تیرۆری ئەفغانی و پاکستانی و سۆمالی و چیچانی، ئەویش ئیستغلال کردنی هەژاریی و نەهامەتیی ئەو گەلانەیە و تیرۆرەکانیشیان ڕەگێکی لە عەرەبە و هەمو سەرچاوەکەیان عەرەبی هاوردەن کە بە فیکر و پارەی بۆگەنی وەهابیەکانی سعودیا ئاودراون، زۆربەی ئەو عەرەبانەی کە دەستیان هەبوە لە کردەوەی تیرۆریستی لە ئەوروپا سابیقەی دزی و تاوان و حەشیشفرۆشیان هەیە لای پۆلیس و لە زیندان ریشیان درێژ دەکەن و لە ژێر ناوی جیهاد کردەوەی قێزەوەن ئەنجام دەدەن، بەهیچ جۆرێک خەلکانی مەبدەئی و موسلمانی نمونەیی نین، هێرشە تیرۆرستیەکانی عەرەب بەرامبەر رۆژئاوا زیاتر فاکتەرێکی نوێی دنیاییە لەوەی عەقیدە و ئاین بێت، ڕق و بێدەسەڵاتیی عەرەبە لە هەمبەر کێشەی فەلەستین و تۆڵەی چەندین ساڵەی زەمانی داگیرکاری ئەوروپیەکانە، فەلەستینیە عەرەبەکان چەندین دەیە پێش بن لادن کاری تیرۆرستیان ئەنجام داوە لەسەر خاکی ئەوروپا و مۆتیڤ و پاڵنەرەکەش بەهیچ جۆرێک ئاینیی نەبوە، وەک لێدانی جەماوەری ئیسرائیلی لە خولێکی ئۆلۆمپی لە نەرویج لەلایەن عەرەبەکان، یاخود فڕاندن و خستنە خوارەوەی فرۆکەیەکی غەربیی لە ئوسکوتلەندا لە لایەن تیرۆرستانی عەرەبی لیبیی لە هەشتاکان، کەلتوری عەرەب خۆی شەڕانگێزە و بێ خوێن ناژێ، ئاینی ئیسلامیش نەیتوانیوە لەو وەحشییگەراییەیان کەمبکاتەوە، شێخ و ئیمامی گەورەی عەرەب هەیە، دزیکردن لە ئەوروپیەکان بەحەلال دەزانن، بەلام تورک و کورد و پاکستانی و بۆسنی بۆ نمونە لەژێر هیچ مەرجێک دزییان حەلال نەکردیە، خۆ ئەگەر سەرنج بدەین ئێمەی کوردیش جۆرێک لەو هەستەی رقمان تێدایە بەرامبەر بەتورکیا، بەلام لەحالەتی عەرەب چونکە دوژمنەکە ئاینی جیاوازە، هەستەکە زۆر خەستتر دەبێت،لایەنێکی دیکە کە دەکرێ رونیبکاتەوە کێشەکە ئاین نیە، بۆ نمونە نیتشە چەندین ساڵە گوتیتی خوا مردوە، کەچی هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر ناکرێت لەلایەن عەرەبەکان، بەلام ئەگەر ناوی محمد بەخواری بێنی بێ گفتوگۆ دەتکوژێ، واتە ئەو داکۆکیەی کە لە پێغەمبەر دەکرێت لەلایەن عەرەب، وەک کەسایەتیەکی عەرەب لێی دەکرێت، نەک وەکو پێغەمبەرێک کەخاوەن پەیامێکی گشتی بێت بۆ مرۆڤایەتی، چونکە لای عەرەب جگە لە پێغەمبەرایەتیەکەی، وەک قارەمانێکی قەومیی عەرەبییش سەیر دەکرێت، بەلگەش بۆ ئەم بۆچونە ئەوەیە کاتێک لە ئەفغانستان و ئەبوغرێب و گوانتانامۆ سوکایەتی زۆر گەورەتر لە کاریکاتێرەکان بە قورئانی پیرۆز کرا، هەرگیز لەلایەن عەرەبەکانی ئەوروپا کاردانەوەیەکی لەمجۆرەی وەک کاریکاتێرەکانی دانمارک و فەرەنسای لێنەکەوتەوە، پیرۆز پێپشاندانی ئەو کردەوە تیرۆرستیانە وەک ململانێیەکی شارستانی نێوان ئیسلام و رۆژئاوا کارێکی ناراست و شێواندنی حەقیقەتە لە هەردولای عەرەبی و غەربی، لە هەموی چەواشەکارتر میدیای ئەوروپییە کە راسگۆ نین، کێشەی فەلەستین لە رۆژهەلاتی ناڤین بە کێشەی نێوان عەرەب- ئیسرائیل وەسفدەکەن بەڵام هێرشەکانی سەرخاکی ئەوروپا وا پێشاندەدەن کە ئەوە شارستانیەتی تاریکی ئیسلامە هەڕەشە لە بەهاکانی ئازادی دەکات لە ئەوروپا، هۆکارەکەش یەکێیان ئەوەیە کە حەز دەکەن هەمو موسلمانێک، چ دز و حەشیشەفرۆشێکی عەرەب بێت یان باوەردارێکی ئەفغانی بێتاوان بێت و یان فارسێکی گومڕا بێت یان تورکێکی ئیشکەر بێت لە هەمان سەبەتە گەورەکەی (ئیسلام)ی دابنێن ، هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە کە ئەوروپا تادوای جەنگی دووەمی ئەوروپا ئەوەندە رەگەزپەرستییان کردوە، ئێستا دروشمیان کردوتە مرۆڤایەتی و لەترسی ئەوەی بە راسیست و ڕەگەزپەرست دابنرێن، لەبری ئەوەی بەکۆنکریتی عەرەب تۆمەتبار بکەن، بەگشتی ئیسلام تۆمەتبار دەکەن, لەراستیدا ئەوەی موسلمانی راستەقینە بێت باش دەزانێ کە ئاینی ئیسلام زۆر لەوە گەورەترە سوکایەتی پێبکرێت، باشترین کاردانەوەش بۆ کاریکاتێرێک یان وتارێک وەلامنەدانەوەیەتی، بەتاییبەتیش لەلایەن موسلمانی غەیری عەرەب بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ ئەوە شەڕی ئاین و بەهاکان نیە، بەلکو شەڕی دز و درۆزنەکانە.





وەیش

محەمەد گۆران

## ژنەکەت بۆچی تەنوورەکەی کورتە!؟

ئەو ماوەیەی شانسەکەم نایهێنێ، ئەگەر لەدانیشتن و دەمەتەقێی هاوڕێیان، یاخود پرتکە نووسینەکی فەیسبووک، باس لەشکستی شەنگال بکەم کە نەدەبووا تەواوی شارەک بۆ درندە جێبهێڵی، یان ئەوەی لەگوێڕ رووی دا، دەبووا جۆرێکی دیکە با، یاخود هەندێجار وەک بنیادەمی ئەو عالەمە، گەندەڵییەکانی حکوومەت دەژمێرم و دەڵێم، چۆن دەبێ حکوومەتەک ماوەی دە ساڵان، دەیان ملیار دۆلاری لەبەغداوە بۆ بێت و فلسێک پاشەکەوتی نەبێ؟ تەنانەت وای لێهاتووە ئەگەر بڵێم لەو بێ پارەییە، کەنالی رووداو پارە لەکوێ دەهێنێ؟!.

وەک دۆمبەلانی هەڵتۆقیو، خەڵکێکم لێ راست دەبێتەوە و دەڵێ، ئەی بۆ پەکەکە لەباکوور ناتوانێ گوندێ ئازاد بکات؟ لەهەڵبژاردنەکان لەهەژدە ملیۆن دەنگدەری باکوور، پەکەکە تەنها دوو ملیۆن دەنگی هێناوە؟! پەیەدە جاشی ئەسەدە! با بچن کۆبانێ ئازاد بکەن! ئەمانە و چەندین قسەی دیکە. وەک ئەوەی من ئاپۆچی بم و تەواوی ژیانم لەناو پەکەکە بووبم، دەیانەوێ ناچارم بکەن و بمخەنە خانەی بەرگرییەوە، وەلێ ئەوان خراپ حاڵی بوونە!

کاتی خۆی لەکۆلان، ئێمە منداڵ بووین نوکتەمان دەکرد، ئێستاش وادەزانم ئەمڕۆیە، یەکێ لەنوکتەکان گوایە شەوێ دز دەچێتە سەر ماڵێ و خاوەن ماڵ توند پشتەملی دزە دەگرێت و دەڵێ کورە تۆ عەیب ناکەی دزی دەکەیت؟ کابرای دزەش سوبحانەلا یەکسەر دەڵێتە خاوەن ماڵ، ئەی بۆ ژنەکەت تەنوورەکەی کورتە؟!.

منیش رێک بەدەست ئەوانەوە وام لێهاتووە! بەس هەر بۆ خۆشی حەزدەکەم هەندە کورتە وەلامان لێرە بدەمەوە! جارێ لەلای هێروە ئەو ژمارەتان لەکوێ هێنا کە لەباکوور هەژدە ملیۆن دەنگدەر هەیە؟! باشە ئەگەر سبەی باشوور و باکوور ببێتە یەک دەوڵەت، ئەوکات ئامادەن بڵێن باکوور ئەوەندە دەنگدەرەی هەیە؟! یان پێچەوانە دەبێتەوە!

دیسانەوە هەر لەلای هێروەش، ئەگەر پەکەکە تەنها دوو ملیۆن دەنگدەر لەگەڵییەتی، ئەی بۆچی هەموو شارەوانییەکانی باکووری بەدەستەوەیە و شانزە ملیۆنەکەی دیکە تەنها گونی کورمیان بۆ ماوەتەوە؟!

دواتر بۆ بچن گوندێ ئازاد بکەن لەکاتەکدا بەیەک ئاماژەی ئۆجەلان تەواوی باکوور بێنە سەر شەقام؟! مەگەر ئێوە ئەو هەموو گوندەتان لەژێر دەستە چەند کەستان پێ دیتە سەرشەقام؟ ئەی ئەو بوختانە چییە پەیەدە جاشی سوریا بێت؟ ئاخر کەسێ ئاگاداری رابردوو و مێژوو بێت، چۆن جورئەتی وەها قسەیەک دەکات؟!

هەر لەو نوکتانەی کاتی منداڵی، دەیانگوت ئەندازیارەک بەفرگرێک دەکرێ و بەبێ ئەوەی مامەڵەی لەگەڵدا بکات بەحەماڵیک دەیباتەوە ماڵ، کابرای حەماڵ لەبەرامبەر ماندوو بوونەکەی داوای پەنجا دینار دەکات و ئەندازیارەکە واقی وڕ دەمێنێ!

ئەندازیار بەحەماڵ دەڵێ تۆ رۆژێ چەند باری وا دەبەیتەوە؟ ئەویش دەڵێ پێنج بۆ شەش! موهەندیسەکە دەڵێ کەواتە تۆ رۆژانە سێسەد دینارت هەیە و منیش بەو بڕوانامە بەرزەوە دووسەد و پەنجا دینار مووچەکەمە! حەماڵەکە دەڵێ جا من چی بکەم ئێوە بەدەستی خۆتان، دوارۆژی خۆتان شێواندووە!



## باهەبح (٥٧)

سەنگەر زراری

# کەیفی میللەت

وەزیرێک لە وەزیرە زۆر و زەبەندەکانی یەکێک لە حکوومەتەکانی ئەم وڵاتە، هاتە ناو شاشەی تەلەفزیۆنە سی و دووەکەمان و گوتی: ساڵی ٢٠١٥ وەکو ٢٠١٤ نابێ و ساڵێکی سەخت دەبێ.
دیوی پشتەوەی قسەی وەزیرەکە یەعنی: ئەی میللەت باش گوێتان لێ بی، ئەو خۆشی و شادیی و کامەرانیی و بەختەوەرییەی لە ٢٠١٤ تێیدا بوون گوزەشت و ئەمساڵ بە چاوی خۆتانی نابینن، نابینن لە ماوەی تەنیا یەک ساڵدا دە مووچە وەربگرن، خۆ هەموو ساڵێک هەر بە کەیفی ئێوە نییە، ئەم ساڵ وەکو جاران پارە و مارەمان نابێ و تەواو، ئێوەی میللەتیش بێ سیفەت مەبن و تۆزێ تەحەموولتان هەبێ.
کاک حەمیدی بەدرخان گوێی بە هۆشدارییەکەی وەزیر نەدا و دەیەوێ ڕۆژنامەی (بەدرخان) لەم زروفە دەربکاتەوە، ئەوە لە حاڵێکدا کە لەو ڕەفاهییەت و خۆشگوزرانییەی ٢٠١٤ ئەم کارەی نەکرد!!! دەی ئۆباڵ بە ملی خۆی و ئەوی بە ئێمەش بکرێ بۆی دەکەین، سوپاسی دەکەم کە هەواڵی ئەوەی پێدام گۆشەکەی بۆ داناومەتەوە، منیش کە لە ئان و ساتی ڕاوەستانی بەدرخان (٥٦) دانەم نووسیبوو، دەیکەمە (٥٧) و بزانین دەگاتە کوێ، لەو سەردەمی بێدەنگکردن و دەمکووتکردنەدا، گرنگە کەسێک گۆشەیەکت پێ بدا بۆ ئەوەی قسەی دڵی خۆتی تێدا بکەی!!
دەڵێن: کابینەکەی ئەمساڵ هەمان کابینەی جاران نییە، دڵتان تووند نەبێ و عەبادی هاتۆتە سەر تەختەی حکومداریی و سەردەمی مالیکییە دوژمن بە کوردەکە نەماوە، ئەوەشیان گوت کە عەبادی یەک عەیبی بەسیتی هەیە، ئەویش ئەوەیە نازانێ جوان بە ڕێدا بڕوا، جارجاریش پانتۆڵەکەی لە پێدا دێتە خوارێ، لەوە بترازێ، بە عام پیاوەکی باشە و بۆ کوردیش خراپ نییە.
دەڵێم: هێشتا فێر نەبووینە لەو نەوعە هێڕ و گێژانە بترسێن؟!! مالیکی لە سەردەمی خۆی دە مانگان حکومەتی دواخست تا هەموو لایەک لە هەولێرێ ڕازی بوون و حکومەتەکەیان پێکەوەنا، کەچی عەبادی لە پەرلەمان نیو سەعات کۆبوونەوەی پەرلەمانی دوانەخست تا کۆبوونەوەی کوردان لە گردەکەی ئەولا تەواو دەبێ و بڕیاری خۆیان دەدەن.
کورد سێ مانگ مۆڵەتیان دا حکومەتەکەی بەغدا، کەس نازانێ ئەو سێ مانگە و ئەو مۆڵەتە چییان لێ هات؟!! دەمی هەر نووێنەرێکی کورد دەکەیەوە، بە وەزیر و گزیر و پەرلەمانتار و ناپەرلەمانتارەوە، دەڵێ: نیەتی باش لە هەردوو لا هەیە..!!! کەچی وەزع هەر بەرەو خراپییە.
بۆیە گەیشتمە ئەو ڕایەی کە نییەتی خراپ لە یەک لا هەیە ئەویش.. میللەتە و بۆتە عیللەتی ئەو حکومەتانە.

# ژنانی باشووری کوردستان کەمینە لە پرۆسەی سیاسی دا



ئەمەل جەلال محەمەد

بەکارهێنانی زاراوەی کەمینە دوای ئەوە هات لە سەرئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەناو سیستمی حوکمڕانی دەوڵەتەکان جگە لە پێکهاتە سەرەکییەکە کە زۆرینەی وڵاتەکانی پێک هێناوە چەندین گروپی جیاواز بونیان هەبووە،بەڵام پەراوێزو پشتگوێ خراوبوون،لە پەراوێزی پرۆسەی سیاسی و حوکمرانی زۆرینەی دەوڵەتەکانی دنیابوون،بۆیە سەرەئەنجام وەک کێشەیەکی بنەڕەتی مامەڵەی لەگەڵ کراو تایبەت بەم بابەتە چەندین ڕاگەیاندن و ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی لێکەوتەوە ،هەر بۆ نمونە ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە 1992/12/18 بە چەندین بڕگەومادەی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کەمینە جیاوازەکان بە ئیلزام بوونی دەوڵەتان بەو ڕاگەیاندن و پڕۆتۆکۆل و ڕێکەوتنامە جیهانیانە و تەوزیف کردنی لە ناو دەستوور و یاسا ناوخۆییەکانی وڵاتەکانیان وە جیبەجێکردنیان لە ناو پرۆسەی حوکمڕانیدا بە ئامانجی بەشداریکردنی راستەقینەی کەمینە و پێکهاتە جیاوازەکان لە تەواوی جومگەو دەسەڵاتەکانی سیستمی حوکمرانییاندا . ئەگەر چی بە داخەوە تا ئەم ساتەش لەگەڵ بوونی چەندین ڕێکەوتنامە و راگەیاندن و پرۆتۆکۆلی نێودەولەتی مافەکانیان پێشێل دەکرێت و زۆر جار پارتە سیاسیەکان گروپی کارتۆنی دروستدەکات بۆ نیشاندانی وێنەیەکی جوان بەڵام سەرەنجام بە زیانی زۆرینەی ئەو گروپانە دەکەوێتەوە. لێرەدا بابەتەکەی من لە سەر کەمینەکان نیە بەڵام وەک بەراوردکارییەک ئاماژەم پێداوە کە بە داخەوە هاوشێوەی کەمینەکان , ژنان لەگەڵ ئەوەی نیوەی کۆمەڵگاکان لە سەر ئاستی دونیا پێک دەهێنن،بەڵام لە رووی پرەنسیبی بەشداریکردنەوە زۆرجار لە ئیستیحقاقی کەمینەکانیش کەمتر ئەو مافە دەستوری و یاساییەیان دەبێت !! ژنانی باشوری کوردستان لەگەڵ ئەوەی لە رووی ژمارەوە نیوەی کۆمەڵی باشووری کوردستان پێک دەهێنیت لە هەمان کاتدا بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسی لە باشوور لە هەموو قۆناغە هەستیارو نەخوازراو و رۆژگارە سەختەکان رۆڵی گرنگ و نمونەیی پێشکەش کردوە ، لە هەمان کاتدا لە پرۆسەی دەنگدان و بانگەشەی هەڵبژاردن و سەرخستنی لیستی پارتە سیاسیەکان زۆر زیاتر لە ڕەگەزی بەرامبەر کە پیاوە کاریگەری هەبووەو بەشداری زیاتری کردوە ، بەڵام هەر تا ئەو کاتەی لیستەکان کێبڕکێکانیان تەواو دەبێت و دەگەنە پێگەکانی بڕیاردان و دەبنە بەشێک لە پرۆسەی سیاسی باشوور تەواوی بەڵێن و بەرنامەی لیستەکانیان پشتگوێ دەخەن و دووبارە ژنان ڕووبەڕووی چەندین ناحەقی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری... هتد دەبێتەوە. لە ناو پرۆسەی سیاسی باشووری کوردستان لە سەر ئاستی تەواوی دەسەڵاتەکانی باشوور جگە لە دەسەڵاتی یاسادانان نەبێت کە بە یاسا رێکخراوە بە چەسپاندنی نیزامی کۆتا کە نابێت بە ڕێژەی لە 30% بەشداری ژنان کەمتر نەبێت ئەگەر چی لە و دەسەڵاتەشدا غیابی ژن لە زۆرێک لە سیاسەت و پێکهاتەی لیژنەکان و ڕێژەی فەرمانبەرانیان مایەی سەرنج و ڕەخنەیە، بەڵام بە داخەوە لە زۆرینەی جومگە و پێکهاتەکانی تری دامەزراوەکانی هەرێم لە رووی ڕێژەی بەشداری ژنان لە کەمینەکانیش کەمترە یاخود هەر بەشداری نیە ، بۆیە لای من جێگەی نیگەرانی یە کە دەبینم لە زۆرێک لە جومگە و دامەزراوەکانی باشووری کوردستان ژنان بەشدار نین یاخود کە بەشداری دەکرێت بە داخەوە لە رووی رێژەوە وەک کەمینەیەک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بە نمونە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان کە بەم دواییانە لە لایەن پێنج حزبە هاوبەشەکە نوێنەرایەتیان دەستنیشان کرد ، بە داخەوە چۆن بۆ کەمینەکان نوێنەریان دانابوو بە هەمان شێوە بۆ ژنانیش دەبوایە یەکێک لە پارتەکان یەک لە نوێنەرەکانیان ژن بوایە لە کاتێکدا دەبوایە لانی کەم لە رووی ژمارەوە لە (3) ژن کەمتر نەبوایە ڕێژەکە کەواتە لەمەوە بۆمان دەردەکەوی کە ژنان لە پرۆسەی سیاسیدا هاوشێوەی کەمینەکان ،ئێمەی ژنانیش وەک کەمینە سەیر دەکرێن و لە دامەزراوەکانی باشوور لە پەراوێزێکی بەردەوامداین .

# سۆران عومەر شەڕی هونەر یان شەڕی هەڵەبجە؟



تەها سلێمان

لە یادی «25» ساڵەی کیمبارانی شاری هەڵەبجەدا، ووتارێکم لە ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان بڵاو کردەوە لە گۆشەی «شەن»، ئەوکاتە بە ڕوانی ڕەخنەم لە بەد مەسرەفی دارایی یادەکە گرت، داتاو ژمارەشم خستە پێش چاو، وتیشم دەتوانرا بەو بڕە پارەیە هۆڵێکی شایستە بۆ بۆنەکانی هەڵەبجە درووست بکرێت، ئێستاش دەڵێم چی بۆ هەڵەبجەو هەڵەبجەییەکان، گەرمیان و گەرمیانیەکان، بارزان و بارزانیەکان، قەڵادزێ و قەڵادزێییەکان، شەنگال و شەنگالیەکان و ئێزدییەکان، تەواوی ئەو شوێن و شارو شارۆچکانەی بەرکەتووی تاوانەکانی «جینۆساید، ئەنفال، کیمیاباران»ن، بکرێ هێشتا هەر کەمەو ناکاتە دڵۆپێک خوێنی قوربانیەکان.
بەڵام ئێستا سەیرم لێدێ، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان و هەندێ میدیای «بینراو، بیستراو، نوسراو» لە هەرێمی کوردستان دەڵێی هەنگوێنیان لە کونی دارا دۆزیوەتەوە، کردویانە بە رۆژی خۆیان و «شەلم کوێرم دەست ناپارێزم»، بە پاساوی دۆزینەوەو خستە ڕووی گەندەڵی، ژەهر بڵاو دەکەنەوەو هەڕەشەی ئاشکرامان لێدەکەن، تەنیا ئەوە ماوە یاسای قەرەقوشی دەربکەن و قەڵەم و گیتارو سازو تابلۆو سروودو گۆرانی و سیناریۆو تێکستەکان «لەغاو» بکەن، پێمان بڵێن ئەوەی لە دەرەوەی فەلسەفەی ئێمە بیربکاتەوە «مەرگ» لە دەرگای ماڵەکەی دەدا.
ئەسڵی مەبەست لێرە وەستانەوەیە بە ڕووی ئەو ژەهرانەی «سۆران عومەر» دەیرێژێ و ئاراستەی دەکات، ئەم کەسە «کە ئەلفێکی بەس نیە»، ئەوەتەی بوە بە ئەندام پەرلەمان و بە قودرەتی قادری حزبیش سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ، بێشەرمانە باسی مافی مرۆڤ دەکات، وەک بڵێی پاشەڵی هێندە خاوێن بێت هەموو کوردو کوردستانیان قەرداری ئەو بن لە داکۆکی لە مافی مرۆڤ، باوەڕ ناکەم ئەم زاتە بیری چوبێت ئێستاشی پێوەبێت جەنابیان یەکێکە لە تۆمەتبارەکان بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئەنجامدانی تاوانی جۆراو جۆر.
ئێستا ئەم زاتە ناموبارەکە هاتوەو بۆ دۆسیەی خەرجیەکانی یادەوەری بیست و پێنج ساڵەی هەڵەبجە، کە ئێمەومانا زووترو پێش ئەو قسەی جدیمان لە بارەوە کرد، دەڵێ «لە یادی 25 ساڵەی هەڵەبجەدا 55 هەزار دۆلار دراوە بە تەوالێت و بە سێو». سەیرکەن «سۆران» چۆن دەیەوێ دژایەتی هونەر لە ڕێگای چەواشەکردنەوە بکاتە ئامانج و دغ دغەی هەستی خەڵک بدات؟ پرسیاری روون و ڕەوان بۆ «سۆران» و سۆرانەکانی هاوڕێی ئەوەیە: چۆن ئەوەندە هەزار دۆلارە دراوەتە سێو؟ ئەم سێوە چ جۆرێکە ئەو هەموو پارەی بۆ سەرف کراوە؟
خەڵکینە ئێوە شاهیدی راستگۆبن، ئەوە سێو نیە بەڵکو ئەوە فیلمێکی دیکۆمینتاری بەناوی «1001» سێو، ئەم فیلمە بە شاهیدی بینەرە لۆکاڵی و بیانیەکانی لە کارە هەرە باشە هونەرییەکانە، تا ئێستا کورد دە فیلمی وای لە سەر کۆی تاوانەکانی جینۆسایدو ئەنفال و کیمیاباران نیە، «سۆران» لە جیاتی ئەوەی دەست خۆشی لە ستافی ئەم فیلمە بکات و بڵێ خۆزگا تەواوی ئەو پارەیە کە بۆیادەکە سەرف کراوە بۆ چوار فیلمی وا خەرج بکرایە، کەچی بێشەرمانەو دوور لە هەموو ئاکارێکی هونەری و بە پێچەوانەوە بە مەبەست بۆ ناشرینکردنی هونەر، فیلمی «1001» سێو دەخاتە هاوشانی «تەوالێت»؟!
من بەش بەحاڵی خۆم پێم وایە نابێت و ناکرێ، هونەرمەندان، ڕووناکبیران، نووسەرو ڕۆژنامەنووسان، خەڵکی ئازادیخوازو دیموکراسیخواز، هەڵەبجەو هەڵەبجەییەکان، تەواوی کوردستانیان، لە ناوخۆو دەرەوەی کوردستان، ئەم بێڕیزیە لە «سۆران» و ئەوانەی وەک ئەو بیر دەکەنەوە قبوڵ بکەن، چونکە قبوڵکردنی ئەم بێڕیزیە دەمانگەیەنێتە کەنارێک کە نموونەکانی وەک «سۆران» ببنە دادوەری رەهاو بڕیار لە چارەنوسمان بدەن، کە کۆتاییەکەی بە هەموو شێوەیەک پێچەوانەی بەها مرۆییەکانە.
ئەگەر «سۆران عومەر» راستگۆیە، رێز لە بەها مرۆییەکان دەگرێ، فرمێسکی بۆ هەڵەبجەیە، ئەمەی بۆ ریکلامی فیکرو سیاسەتی حزبەکەی نیە، نایکاتە ئامراز بۆ دژایەتی کردنی هونەرو ئەدەب، خۆ بەڵگەی خەرجیەکان بە «سیحر»ی جەنابیان ئاشکرا نەبوە، ئەو بەڵگەیە لای زۆربەی هەرە زۆری پەرلەمانتارەکان هەیە، با بە رێزەوە «راست و ناڕاست»ەکانی بخستایەتە ڕوو، با کاری خراپ و باشی لە یەکدی جوێ بکردایەتەوە، با پەنجەی بخستایەتە سەر کارە خراپەکان و کارە باشەکانی هەڵسەنگاندایە، نەک وەک هەرزە کارێکی توندڕەوی ئیسلامی سیاسی، پێگەی پەرلەمان و سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ کە هەستیارترین لیژنەیە بەکار بێنێ بۆ ناشرینکردن و سڕینەوەی بەهای هەموو کارە جوانەکان لە نێویاندا فیلمی «1001» سێو.

# پیرۆزی پێشمەرگە لەکەدار مەکەن



**هەریار جەمیل ڕەنجبەر**

هیچ گومانی تێدا نییە، خەونی هەرە گەورەی هەر هەمووومان دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە، کە دەبێت لەسەر بناغەیەکی تۆکمەو پتەو دابمەزرێ.. لەوانەش یەکبوونی بڕیاری سیاسی کورد. ئیدارەی کوردی وهێزی سەربازی کوردییە کە خۆی لە پێشمەرگە دەنوێنێ، یەکبوونی هێزی پێشمەرگەش بە هەموو شێوەیەک هەنگاوێکی ڕێکخەرە بۆ دامەزراندنی سوپایەکی ئەکادیمی و بەتواناو کاریگەر لە مەیدانی سەربازیدا، بەڵام با ئەمجارە یەکگرتنەوەی پێشمەرگە وەک یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی خاوەن دەسەڵات نەبێت کە لە ئەرزی واقیعی هەنووکەیی هێشتا پەنجە مۆری بڕیارەکەی (ڕۆبێرت باڵترۆ) جێگیری سەرۆک وەزیرانی دەرەوەی ئەمریکای ئەوساکەی پێوە دیارە کە لەساڵی ١٩٩٦ بڕیاری دوو ئیدارەیی دەرکرد کە تاوەکو ئێستاش لە پەیڕەوی سیاسی کارا و ئەکتیفە.

لە ئەزمونی ئەمڕۆی کوردستان ڕاستیەکی ڕەها هەیە کە ناتوانین فەرامۆشی بکەین ئەویش دوای ئەو هەموو خەباتە دوور و درێژانە نەمانتوانیوە ببینە خاوەن دەوڵەت هەتا نەمان توانیوە ببینە خاوەن دەسکەوتێکی مەزن، تایبەت بە ئێمەی کورد کە لەژێر سێبەریا بە ئارامی تیدا بژین، هەیەو نیەمانە تایبەت بە کورد و هەڵگری و مۆرک و خەسڵەت جوانەکانی و نەتەوایەتی و بەرهەمی شۆڕشەکانمان کە ڕووبارێک خوێنمان بۆی ڕشتووە، ئەویش (پێشمەرگە)یە، تکایە ناوی پێشمەرگە مەزڕێنن و موزایەدی خۆتان بە یەکگرتنەوەی پێشمەرگە مەفرۆشن کە لە پەنای ئەم کارە هەرچی هەرزەکاروخزم و دۆست وکەسوکاری عەشیرەتەکانتانە بە پلەی بەرزی سەربازی تێدا دادەمەزرێنن، جگە لەمەش هیچ لە ئەلف وبێ سەربازیش نازانن!.

لەیەکەم تەقەش لەچوارەمین هێلی دواوەی سەنگەر دەکشێنەوە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆکاری شەهید بوونی چەندین پێشمەرگە وهاووڵاتی، سەرباری ئەمەش لە شکۆو بەهای پێشمەرگەش کەم دەکەنەوە. تکایە تێکی مەدەن وەک چۆن هەموو داموودەزگاکانتان تێکداو تێکەڵ بە حزبایەتی و گەندەڵیتان کرد، هیچ شتێکتان وەکو خۆی بە ڕەسەنی و بەنرخ نەهێشتەوە، تەنها پێشمەرگە نەبێت بۆیە پێشمەرگەش پارچە زەویەک نیە داگیری بکەن و بیکەنە هی خۆتان، یاخودی سەروەتی کوردستان نییە بیگوازنەوە بەناوی خۆتان لە بانقەکانی دەرەوەی داینێن، پێشمەرگە نەوتی کوردستان نییە بۆخۆتانی قۆرخ بکەن، یان ناوی شەقامەکان نیە بەناوی خۆتانی بکەن، ئەوەش ئەو مێژووە نییە کە بە پارە دەیگۆڕن و دەیکەنە هی خۆتان، پێشمەرگە باب وبرا وکوڕی ئێمەیە تکایە. پیرۆزی پێشمەرگە لەکەدار مەکەن.

---

## پانتایی



**بورهان ئەمین-ئەڵمانیا**

# «پەگیدا» و سەلەفیەت

لەوماوەیەی دواییدا نیشتیمانپەروەرانی ئەوروپا دژی ئیسلام وپەنابەران « پەگیدا» لە ڕق وتۆڵەی بیری ئیسلامی سیاسی توندڕەوو وڕادیکاڵی لە ئەورپاو بەتایبەتیش لە ئەڵمانیا لەدایک بوو،بۆ ڕێگرتن لەوتەوژمەی خێرایەی بیری تیرۆریزم وبە ئیسلامبوونی ئەوروپاو فروانبوونی پانتایی جوگرافی وژمارەی پەنابەران نازیە نوێکان وڕەگەزپەرستەکانی ئەڵمانیا لەمەترسی تەشەنەکردنیان کەوتونەتەخۆو داوا لە ناوەندە سیاسیەکان دەکەن کە ئیدی نەهێڵن بەهۆی ئەمانەوە ئارامی وشیرازەی ژیان وگوزەرانیان تێک بچێ وئەوەی سەدان ساڵە لەسەردەستی بیری عەلمانیەت وپێشکەوتنی مرۆڤایەتی بنیاتیان ناوە لەدەستی بدەن وکۆمەڵگاکانیان خەڵتانی خوێن بکرێت،ئەوان هەموو ڕۆژی پانۆرامای کارەساتی جەرگبڕی گۆڤاری « شارلی « دەبینن ونایانەوی کۆمیدیاو تەنزئامێزی ڕووداوەکانی گوزەرانی فەرەنسا ببێتە تراژیدیاو ئەڵمانیاش بکەوێتە داوی ئەو تیرۆریستانە.

ئەوڕەوتە تازەیە لەئەڵمانیا بەتایبەتیش لەوشارانەی کاتی خۆی کەوتبونە بەری ڕۆژهەڵات وتائێستا کاریگەری بیری نازیەت وبلۆکەکەی خۆیانیان بەسەردا ماوە، ڕۆژبەڕۆژ ڕەواجی زیاتر پەیدا دەکەن ولەبەرامبەرئەو هەموو مزگەوت ودیوەخان وچالاکی سەلفی وهەوادارانی داعش وزیادبوونی بەردەوامی پەنابەران لەو وڵاتەدا ڕێپێوانی دەیان هەزاری سازدەکەن وکەمپی پەنابەران دەسوتێنن و بەتیرۆر وەڵامی تیرۆر دەدەنەوە.

ئەگەرچی دەسەڵات ڕووبەڕوویان دەبێتەوەو داواکاریەکانیان دەخاتە خانەی ڕەگەزپەرستێتی وبیری جیاخوازی و لەدژی پێکەوەژیانی میللەتانی دانیشتووی وڵاتەکەوتێکەڵاوی شارستانیەتیەکانیان دەداتە قەڵەم ،لەهەندێ شوێنیشدا لەلایەن ڕۆشنبیران وڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیەوە ئەنتی ڕێپێوانیان لەبەرامبەردا کراوە، بەڵام ڕێژەیەکی دیار لە ڕای گشتی لەگەڵ ئەو تەرزە تازەیە لەمەترسی تێکچوونی باری وڵاتەکە یەکدەگرێتەوە،بەگشتی ئەوان شوون پێی تاقمی تیرۆریستی داعش وسەلەفیە توندڕەوەکان لەناو ئەو مزگەوت وشوێنانە هەڵدەگرنەوە کە بە ڕیشی درێژ وعەباو پەچەوە تەراتێنێی تێدا دەکەن وئەو ئازادی ودیموکراسیەی ئەڵمانیا بۆ خەڵکەکەی فەراهەم کردوە بۆ قازانجی بیری تەسک ونەخوازراوی خۆیان سوودی لێوەردەگرن ،پەگیدانەک هەر نایەوێت ئەوانە ئاوێتەی کەلتوری وڵاتەکەیان بن،بەڵکو داوای دەستبەجێ ددورخستنەوەیان دەکەن لە وڵاتەو بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش هەمان ڕیتمی ئیسلامیەکان گوللەو ئاگرو ئاسن بەکاردەهێنن.

لەهەندی ڕووەوە لەوانەیە داواکاریەکانیان لەجێی خۆی بێ وخۆشەویستیان بۆ خاک ونیشتیمان ودەستکەوتە مێژووییەکانیان نەهێڵن شیرزاەی وڵاتیان لێ تێک بچێ ،بەڵام سیمای هەمان ڕیتمی ئیسلامیە توندڕەوەکانیان تێدا بەدی دەکرێ لە توندوتیژی وپەلاماردانی پەنابەران ودروشمی گرژی سیاسی کەلەگەڵ بەرژەوەندی نیشتیمانی جیهانێکی نوێ ومۆدێرن یەکنەگرێتەوە.

حکومەت لەوە تێدەگات کە ئەو ئیسلامیە سەلەفی وڕادیکالیانە چەندە مەترسیدارن بۆسەر ئاسایشی وڵات وئیسلام ونەتەوەبێگانەکانی دانیشتووی وڵاتەکە لێیان بێبەرین ، مەترسی «پەگیدا»ش هیچی لەوانە کەمتر نیەو هەردوولا بەدوو شێوازی جیاوازو دژبەیەک کۆمەڵگا لەکەناری ئارامی ومەدەنیەت وپێشکەوتن دووردەخەنەوە، بۆیە نە پەگیداو نە سەلەفیەت وتوندوتیژی لەناو کۆمەڵگەی ئەڵمانی جێیان نابێتەوە.

---

# ڕزگار عەلی دەزگای بەدرخانی بەسەرکردەوە



**کریکار تەحسین**

ئێوارەی ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٣ ڕزگار عەلی لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەردانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان-ی لەشاری هەولێر کرد.

لەو سەردانەیدا لەلایەن هەریەک لە حەمید بەدرخان لێپرسراوی دەزگاکەو ئەندامانی ئەنجومەنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان پێشوازی لێکراو لەلایەن خۆیەوە حەمید بەدرخان لێپرسراوی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان وێڕای بەخێرهاتنی لێرسراوی مەڵبەندی ٣ی هەولێر سوپاسی ئەو بەسەرکردنەوەیەی کردو ئاماژەشی بۆ ئەوەکرد کە دەزگاکەیان لەگەڵ کەمی ئیمکانیەت لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە هەموو تواناکانی خستۆتەگەڕ بۆ زیاتر خزمەتکردن و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی.

وتیشی: هەمیشە کارمان کردووە بۆ گەڕان و پەرەپێدانی چالاکییەکانمان و سەردانی کردنی وڵاتانی دەرەوە وە ئەنجامدانی فیستیڤاڵ و کۆنفڕانس لەدەرەوە، بۆیە ئامانجمان زیاتر ناساندنی گەلی کوردە بە وڵاتانی دەرەوە.

لەبەرامبەردا ڕزگار عەلی لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ی هەولێری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە وتەیەکیدا وێڕای سوپاس و پێزانینی بۆ ئەو پێشوازیەی لێیکرا ئاماژەشی بۆ ئەوەکرد کە دەزگای بەدرخان هەر لەوکاتەوەی کە لە سلێمانی بووە ناسراو بووە وە ئێمە بە کاروچالاکیەکانیان ئاشناین و دەشزانین چ ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری بە خستنەڕووی چەندین بەرهەمی دانسقەو دەگمەن.

لێپرسراوی مەڵبەند تیشکیشی خستە سەر ئەوەی کە لە هەر وڵاتێک چالاکیەکی ڕۆشنبیری یاخود کۆنفڕانس و فیستیڤاڵێک ئەنجام دەدرێت ئەوا چەندین دەزگای ڕۆشنبیری لە پشت ئەو چالاکییانەوە هەن، بۆیە لەم هەرێمەی خۆشمان هەستی پێدەکەین کە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان کاریگەری باشی هەیە لەسەر پەروەردەکردن و چاپەمەنی و هەروەها چالاکییە جۆراوجۆرەکان.

ڕاشیگەیاند: دەبینین لە ئێستادا ئەو دەزگایە پێویستی زیاتری بە پاڵپشتی و هاوکاری هەیە، بۆیە ئێمە وەک مەڵبەندی ٣ی هەولێری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ئامادەی هەرجۆرە هاوکاریەکین بۆ زیاتر فراوان بوون و بەرەو پێشچوونی دەزگاکەو هاوکاریشمان تەنها بەناوی حیزبەوە نیە، بەڵکو وەک هەر لایەنێک کە هەست بە بەرپرسیاری بکات بەرامبەر بەو دەزگایە.

دواتر هەر لە میانەی ئەو سەردانەدا بیرو ڕای جیاواز لەلایەن ئامادەبووانەوە خرانەڕوو سەبارەت بە چۆنیەتی فراوانترکردنی دەزگاکەو پێداچوونەوە بە سیاسەتی کارکردنەکانی لە ڕابردوودا لایەنە ئیجابی و سلبییەکانی، هەروەها دارشتنی پلانێک بۆ کار و چالاکیەکانی داهاتووی بە شێوەیەک کە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ پێداویستیەکان و ئەو گۆڕانکاریانەی لە ناوچەکەدا ڕوودەدەن.

---

# دەزگای بەدرخان بۆ یادی یەکساڵەی ئەکادیمیست (د.کەمال فوئاد) کتێبێک بڵاودەکاتەوە

**٭ڕاگەیاندنی دەزگای بەدرخان**

پاش پرسە و ڕێورەسمی بە خاک سپاردنی ئەکادیمیست (د. کەمال فوئاد) لە ڕۆژانی ١١/٣٠ و ١٢/١ی ٢٠١٤ ، لە شاری بەرلین لە گۆرستانی (پارک فرید هۆف، نیو کۆڵن (بوکۆڤەر دامم ١٢٣٤٩/١٤٨ بەرلین) ،کەتیایدا ژمارەیەک لە دامەزرێنەرانی (ی،ن،ک) و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) و نوێنەری پارتە سیاسیەکان و دۆست و بنەماڵەی د.کەمال فوئاد و نوسەر و ڕۆژنامەنووس حەمید بەدرخان بەرپرسی دەزگای بەدرخان و ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئامادەی ڕێو ڕەسمەکە بوون لە ئەڵمانیا، بەرلین.

بە ڕاوێژکردن لەگەڵ بنەماڵەی (د.کەمال فوئاد) (د.جەمال فوئاد ، سەعدیە فوئاد ، ئاریانا کەمال فوئاد و د.ئەحمەد بەرواری) ،بڕیاریاندا لە یادی یەکساڵەی کە دەکاتە٢٠١٥-١١-١٦ ، کتێبێکی شایستە بە (د.کەمال فوئاد) لەلایەن بنەماڵە و کەسانی نزیکیەوە و بە تایبەتی هاوڕێ و نوسەر و ئەکادیمیستەکان و هاوخەباتی سیاسی و نوسەران و ڕۆژنامەنووسان..هتد بنوسرێت و کە لەلایەن (حەمید بەدرخان) وە ئامادەبکرێت و دەزگای بەدرخانیش چاپ و بڵاوی بکاتەوە ، بۆیە لێرەدا ڕایدەگەیینین و ئاگاداری سەرجەم ئەکادیمسیت و نوسەران و ڕۆژنامەنوسان و سیاسییەکان و هاورێیانی (د.کەمال فوئاد) دەکەین ، هەرچی یادەوەری و وێنە و نامە و دۆکیۆمێنت و دەستنوسێکی لایە دەتوانێت لە ڕێگەی ئەم ئیمێلە یان ژمارە مۆبایلەوە ، بۆمان بنێرێت یان ئاگادارمان بکاتەوە.

ناونیشان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان
هەولێر ،شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری ، نزیک هۆتێل لارسا bedirxanpp@gmail.com
٠٠٩٦٤٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨





د. فرسەت رۆژبەیانی

# کورد ڕەمزی نافیع لە بیر ناکات

**1/17/ 1917، نەوەد و هەشت ساڵ لەسەر بیرەوەری لە دایکبوونی هەڵکەوتوی کوردستان ڕۆڵەی تێکۆشەری هەولێریان رەوانشاد (ڕەمزی نافیع رەشید ئاغای هەولێریە) بەدرخان بە پێویستی زانی یادی ئەو تێکوشەرە بکاتەوەو زانیاری نوێ و پێویست کە لە لایەن نوسەروو لێکۆلیار (د. فرسەت رۆژبەیانی) نووسراوەو کە تێزی دکتوراکەی بە ناونیشانی کردەوەی ماموت کە کردەوەیەکی نهێنی دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا بووە کە ساڵی 1943 ئەنجامدراوە.**

**بەدرخان**

گەر بمانەوێت لە کردنەوەی ماموت و رەمزی نافع رەشید ئاغا بگەین , دەبێت تۆزێک باسی ئەو سەردەمە بکەین و بزانین چی بوون وایان کرد کە ئەڵمانەکان لە ساڵانی 1942-1943 کردەوەی ماموت بکات بە پرۆژەیەک و ئەو پرۆژەیە چەند خێری کوردی تێدا بووە , رەمزی چۆن ڕازی کراوە کە لەگەلیاندا بەشدار ببێت . لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە کە کردەوەی ماموت چی بووە و کێ بیرۆکەی سەرەکی داهێناوە و کەسانی بەشدار بوو کێن و لێرەدا فۆکوسمان لەسەر رەمزی دەبێت و بۆچی رەمزی نافع بەشداری کرد و مۆتیڤەکانی چی بوون بۆ بەشدار بوون ؟ دوای بەشداری کردنی چی بەسەر هات ئایا رەمزی هەر خۆی ئەم کارەی کرد یان لەگەڵ حزبێک بەشدار بوو یان بۆ پارە وای کرد , باشە بۆچی رەمزی لە لایەن میللەتەکەیەوە لە بیر کرا ,تەنانەت لە شارەکەی خۆشی کەس نایناسێت , بۆچی شارەوانی هەولێر جادەیەکی بە ناو دەکات دوای یەک هەفتە لای دەبات ! ئایا نازی بووە , ئەمانەو هەزار پرسیاری تر هەیە کە لەسەر کەسایەتی رەمزی کە بە نهێنی ماوەتەوە وە کەس نازانێت ڕاستی لای کێیە ! بێ گومان نووسینی ئەکادیمی دەبێت پشت بە بەڵگە ببەستێت و بەڵگەی مادی هەبێت بۆ ئەرگومێنتەکان وەک ئەرشیف یان شیکردنەوەیەکی لۆجیکی و رێک بۆ بابەتەکان , باشە ئێمە گەر بمانەوێت سەرچاوەکانی ئەم کردەوەیە هەڵسەنگێنن دەبێت یەکەم جار بزانین چ کتێبێک یان چ ئەرشیفێک باسی ئەم کردەوە یان باسی رەمزیان کردووە . ئەو سەرچاوانەی کە لەبەر دەستی ئێمەدایە لە ڕاستیدا زۆر نین , ئەوەی تا ئێستا لای توێژەران ناسراو بێت بریتیە لە سەرچاوەی ئەڵمانی و کوردی ,ئەم باسەی ماموت بە زمانی تر وەک ئینگلیزی بۆ نمونە هیچ شتێکی لەسەر نەنووسراوە وەک ئێمە ئاگادار بین . سەرچاوە ئەڵمانیەکان دەکرێن بە سێ بەشەوە

-1نووسینەکانی گۆتفرید یوهانس مولەر لە رۆژهەڵاتی گرگرتوودا , هەروەها نامە و پەیوەندییەکان دوای ساڵی 1992 کە سەردانی کوردستانی کرد .

-2 فایلێکی 86 ل لە میلیتیر ئەرشیف واتا ئەرشیفی سوپا لەسەردەمی نازیدا کە لە شاری فرایبۆرگ پارێزراوە , لەوێ لەژێر ژمارەی
BA-MA –RWS –V27
هەیە کە باس لە رێکخستن و مۆتیف و دەوامی بەشداربووانی ئەم کردەوەیە دەکات

-3 نووسینی ئەکادیمی لەلایەن هاوڕێم دکتۆر بیرند لیمکە کە سەرۆکی بەشی توێژینەوەیە لە وەزارەتی بەرگری ئەڵمانیا کە لەسەر ماموتی نووسیوە لەلاپەڕەی کەسی ی خۆی بڵاوی کردۆتەوە و هیچ ئاگاداری لایەنی کوردی مەسەلەکە نەبووە.

-4 دکتۆرایەکەی من کە تایبەتە بە کردنەوەی ماموت لە ساڵی 2001 لە زانکۆی هۆمبوڵدت لە ئەڵمانیا وەرگرتووە وتا ئێستانە کراوە بە کوردی .

-5 لە هەندێ کتێبی زانستیدا ناوی ماموت هاتووە لە هەندێ سیاقدا کە پەیوەندی بە کوردەوە نیە .

ئەمە بە نیسبەت نووسین و سەرچاوە لەسەر ماموت و رەمزی بە زمانی ئەڵمانی بە کورتی , بەڵام بە زمانی ئینگلیزی تەنها شتێک کە ئێمە دڵمان پێی خۆش بێت و بە دۆزینەوەیەکی گرنگی بزانین ئەوەی لە ئەرشیفی بەریتانیادا لە ژێر ژمارەی NATIONAL (ARCHEIVE KEW (UK 1736--1735-KV2-1734-KV2-NAK,KV2) . (1738-1737-KV2-KV2
پێنج فایلی زۆر بەهادار لەسەر هەرچوار (جاسوس) ی ئەڵمانیا , هەریەکەی فایلێکی تایبەتی لەسەریان تەرخان کردووە کە زۆر بەهادارە بۆ کەسی توێژەر لەم بارەیەوە چونکە ووردەکاری هەموو دەورەکەی تێدایە بەڵام داخەکەم هەمووی کۆپی مایکرۆفیلمە و ناتواندرێت هەمووی بخوێندرێتەوە و ئێمەی دکتۆر لیمکە بڕیارمانداوە نووسخەی ئەصلی لە بەریتانیا داوا بکەین و هەموو فایلەکان لەگەڵ فایلە ئەڵمانیەکە بڵاو بکەینەوە بە ئینگلیزی و ئەڵمانی و کوردی ئەوە پرۆژەیەکە .

ئەوەی بگوترێت لەبارەی ئەم فایلانەی بەریتانیاوە بەڕاستی هەموو ئەفسانەکان بەرانبەر بە رەمزی و مولەر و رۆڵیان لەماموتدا ئاشکرا دەکات , بێ گومان تا ئەو شوێنانەی کە بۆمان خوێندراوەتەوە توانیومانە زانیاری تێدا هەڵبهێنجین , لێرەداجگە لە وێنەیەکی رەمزی هی سەردەمی گرتنی ڕاپۆرتێکی زۆر گرنگی البیرت حورانی رۆژهەڵاتناس و مێژوونووسی بەریتانی کە ئەو سەردەمە لەگەڵ سوپای بەریتانی کاری کردووە , زۆر ڕاپۆرتێکی جوان لەسەر رەمزی دەنووسێت دەتوانین بڵێین لایەنگری رەمزیە وە دەیەوێت کە رەمزی وەک دڕندە نیشان نەدات وەک بەریتانیەکان تێگەیشتبوون . ئێمە دەرگا لەسەر نووسین داناخەین کە لەوانەیە بە زمانی ئینگلیزی یان هەر زمانێکی تر هەبێت و باسی کردەوەی ماموت بکات و بە دەستی ئێمە نەگەیشتبێت , هەروەها لێرەدا باس لە کتێبی موولەر و وەرگێرانی بۆ زمانی ئینگلیزی ناکەم .

کردەوەی ماموت و رەمزی لەلای لەسەرچاوەی کوردی دا گرفتێکی زۆر گەورەیە , کە ئەو هەموو ئەفسانەیە لەسەر رەمزی بڕەوێتەوە و بڵێ ی وانیە .

کۆنترین نووسینی کوردی لەسەر ماموت و رەمزی نووسینەکەی دکتۆر جەمال نەبەز لە کورتەیێکی کوردناسی لە ئەڵمانیا لەوێ باسی لە کتێبەکەی مولەر دەکات و هیچ بایەخی بۆ رەمزی نیە من لام سەیرە کە جەمال نەبەز یێک ساڵانێکە لە ئەڵمانیا دەژی بۆچی هیچ بایەخی بە رەمزی رەشید ئاغا نیە و بۆچی هیچ زانیاری لەسەر مولەر نیە وەک ناسیۆنالیستێک لە هیچ نووسینێکیدا باسی رەمزی نەکردووە , من خۆم لێم پرسی یەک دێری کورتی لەسەر مولەر گوت ئەویش نێگەتیڤ .

- یەکەم کەس کە باسی لە رەمزی نافع کردووە و سۆزی لەگەڵدا هەبووە مامۆستا مسعود محمدە لە نووسینێکی لە گۆڤاری کاروان و بە پشت بەستن بە هەندێ زانیاری لە بنەماڵەی رەمزی نووسینێکی زۆر جوانی لەسەر رەمزی نووسیوە داخەکەم زۆر زانیاری هەڵەی تێدایە کە مامۆستا لێی بەرپرس نیە چونکە ئەوەی زانیویەتی نووسیویەتی بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەو بە یەکەم کەس دادەنرێت زۆر بە جورئەتەوە باس لە رەمزی دەکات لەسەردەمی بەعسدا .

هەر زوو خەڵکانێکی تر کەوتنە رەخنە و تەقە لە مامۆستا مسعود محمد ,ئەوان دەوریان هەبووە لەوەی کە رەمزی نافع ناوی لە هیچ شوێنێکدا نەهێندرێت چونکە هەم خەڵکی ناوچەی ئەوان نەبووە و هەر ئەوان دەیەڵاتیان بەسەر میدیای کوردیدا شکاوە نەیانهێشتووە هیچ لەسەر رەمزی بنووسرێت و رەمزی خۆی لە چینێکی دەوڵەمەند بووە کە ئەوان خۆیان بە دوژمنی ئەو چینە دەزانی بە داخەوە کارەکەیان سەری گرتوو ئێستا کەس لە کوردستان رەمزی ناناسێت .

-جگە لەوە نووسین و کتێب هەبووە بە زمانی کوردی لەسەر رەمزی نافع بۆ نمونە هەموو لە کاتی کاک بەدران حەبیب لە وەرگێران و ساغ کردنەوەی ڕاستیەکان لەسەر رەمزی و هاتنی مولەر کە هاتە کوردستان . ئەوانەی تر کە لەسەر رەمزی نووسرا یان کۆکردنەوەی ئەو مەقالانەن کە لەسەر رەمزی نووسراوە یان خوێندنەوەی زانیاری ناو نووسینی مسعود محمد و لێکۆڵینەوەکەی بەدران حەبیب , بۆ نمونە کتێبەکەی محمد گۆران و نەریمان خۆشناو (رەمزی نافع ڕۆڵەیەکی هەولێری فیداکاری سەربەخۆیی کوردستان ) ئەم کتێبە بریتیە لە کۆکردنەوەی نووسینی رۆژنامە کانی کوردی لەسەر رەمزی نافع.

کتێبی مولەر کراوە بە عەرەبیش لەلایەن ئەندازیار یونس عبدالعزیز لە شاری دهۆک , وەرگێر مولەری ناسیووە لە کاتی سەردانی کردنی بۆ کوردستان لە ساڵی 1992 .

ئەمە بە شێوەیەکی کورت ئەو سەرچاوانەن کە باس لە رەمزی و کردەوەی ماموت دەکەن لە ساڵی 1942-1943 وەک کردەوەیەکی نهێنی لە لایەن دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا پلانی بۆ داڕێژرابوو بە تایبەتی لە لایەن گۆتفرید یو هانس (1914-2009 ) کەسی



ڕەمزی نافیع

سەرەکی و خاوەن بیرۆکەکە بوو مۆلەر لە ئیستەنبۆڵ وەک ئەفسەرێکی هەواڵگری سوپای ئەڵمانی.بوو.

مولەر پیش ئەوە لە ساڵی 1936 دا سەردانی رۆژهەڵاتی کردبوو مصر و فەڵەستین و بەغدا و کوردستانی بینی بوو دوای گەڕانەوەی کتێبێکی چاپکردبوو کتێبەکە بە ناوی خۆکوتانە ناو کوردستانی داخراودا , ئەم کتێبە چیرۆک ئامێزە لە نووسینەکانی کارڵ مای دەچێت لەوە دەچێت هەندێک رووداو لەوانە رووی نەدابێت هەر بۆ تەشویق زیادی کردبێت , لەوێدا مولەر باس لە کوردستان دەکا هەروەها چۆن مەلیکی کوردانی ناسیووە چۆن شێخ محمود وێنەی خۆی پێشکەش کردووە کە لە کتێبەکەدا هەیە هەروەها چۆن لەگەڵ شێخ لەتیف بە کوردستاندا گەڕاوە بە تایبەتی لە ناوچەی سلێمانی و پشدەر , لەوێ ئاغاکانی پشدەری ناسیووە و زیاتر لە مانگێک لە کوردستان بوو.

کاتێک کە هاتووەپلان دابرێژێت بۆ کردەوەی ماموت مولەر خۆی وەک شارەزایێک لە کاروباری کوردان و هاورێی مەلیکی کوردان پێشکەش کردووە , بیرخەرەوەیەکی پێشکەش بە سەرانی خۆی کرد کە دەقەکەی پارێزراوە لە فایلی ماموت دا تێیدا زۆر بە درێژی و بە ووردی پلانی داگیر کردنی کوردستانی عیراق دادەرێژێت و لە بارەی میللەتی کوردەوە شارەزایی خۆی دەخاتە روو کە هەندێکیان هەڵەی زەقن .

مولەر ناوی کردەوەکە نانێت ماموت بەلکو ناوی دەنێت (سەید شاسواری) کە ناوی کوڕی یەکێک لە ئاغاکانی پشدەرە ,بەڵام بەرپرسی مولەر خەتێک بەسەر ئەم ناوە دەهێنێت دەنووسێت لەسەری کردەوەی ماموت وەک ئیشارەتێک بە ناوی شێخ محمود بەڵام بە شێوەیەکی تێکدراو بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەش دوو بەلگەمان لەبەر دەستە لە ئەرشیفی ئەڵمانی و ئینگلیزیدا .

کەواتە پلانی مولەر هاندانی کوردبووە بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێک دژ بە ئینگلیز و وەدەرنانیان لە کوردستان , هەروەها هیوای ئەوە بوو کە سوپای ئەڵمانی لە قەفقاسیا تا ئەو کاتە بەهانایەوە بێت و یان ئەوانە بن کە بەتەمابوون میسر داگیر بکەن .

پلانی ماموت بۆ دەست بەسەرداگرتنی نەوتی موصل و کەرکوک بوو , ئەڵمانیا لە کۆتایی ساڵانی 1942 دوای ئەوەی کە نەیتوانی ستالینینگراد بگرێت هەروەها لە قەفقاسیاش کە چاوی بڕیبووە نەوتی ئەوێ لە باکۆ و گرۆزنێ و مایکۆب نەیتوانی زیاتر پێشڤەچوون بکات , ئەڵمانیای نازی بۆ دابین کردنی نەوت بۆ بەرێوەبردنی ئەو هەموو ئالەتی شەڕە هیچی لەدەست نەمابوو لە سەرچاوەی نەوتی جگە لە کێڵگە نەوتییەکانی رۆمانیا کە داگیری کردبوون هەروەها نەوتی خۆماڵی لە شارە هانۆڤەر کە بەشی هیچی نەدەکرد .

ئا لێرەدا سەرانی سوپا رازی دەبوون بە هەر پرۆژەیەک کە لەم تەنگەژەیە قورتاریان بکات هەر چەندە چانسی سەرکەوتن تێیدا کەم بێت , لەلایەک خۆیان لەلای هیتلەر خۆشەویست دەکەن و لەلایەکی ترەوە هیچی تێناچێت چوار کەس بنێری بوو کردەوەیەکی نادیار کاتێک کە هەزارەها سەرباز رۆژانە لە بەرەکانی شەردا دەکوژرێن .

بەشداربووانی ئەم کردەوەیە جگەلە مولەر خۆی وەکو کۆماندۆ سێ کەسی تر بوون یەکەمیان فریدریش ولیەم هۆفمان ناوێک کە لە 1912 لە دایک بوبو و لە کابول لە ساڵانی 1930 وەکو مامۆستا کاری کردبوو وەک ئەندازیار کەسی دووەم ناوی گیۆرگ هاینریش ئادالبێرت مستەفا کۆنێچنی بوو ئەمە لە ساڵانی 1930 لە قەسری رەزا شا کاری کردبوو وەک هونەرمەندێک لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەڵمانیەوە کاری کردووە , ئەم کۆنێچنیە لە ساڵانی دوای جەنگی جیهانی دووەم دەبێت بە موسڵمان وە ناوی مستەفا لە خۆی دەنێت , ژیانێکی زۆر سەرنج راکێشی هەبووە لە دەرفەتێکدا لەسەری دەنووسین .

هەڵبژاردنی ئەم دوو کەسە لەبەر ئەوە بووە کە شارەزا بوون لە زمانی فارسی و رۆژهەڵاتیان دی بوو کە ئەم دوو مەرجەش مەرجی مولەر بوو بو بەشداریکردن لە کردەوەکەدا .

سێیەم کەس کە مولەر دانابوو بیدۆزێتەوە کە خەڵکی کوردستان بێت وەک چاوساغ و وەرگێر لەگەڵیاندا بێت دەزگای هەواڵگری کوردێک پەیدا دەکات کە خەڵکی

سەقزبووە دوای ئەوەی مولەر دەیدوێنێ بە دڵی نابێت لەبەر ئەوەی ڕۆحی کوردایەتی زۆر لاواز بووە لە لای، وەک مولەر دەڵێت .

مولەر دەزگای هەواڵگری ئەڵمانی لە ئیستەنبۆڵ ڕادەسپێرێت بۆ ئەوەی کەسێک بدۆزنەوە کە کوردی عیراق بێت و ناسیۆنالیست بێت و ڕازی بێت بە کارکردن لەگەڵیان , ئەو کاتە ڕەمزی نافع ڕەشید ئاغای هەولێری لە دایکبوی 1917 لە ڕۆبەرت کۆلێج دەبێت بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ئەوەی لە زانکۆ دەست بە خوێندن بکات لەوێ کەسێک بە ناوی لویس سەرکیس باکوزی یان باقۆز پەیوەندی پێوە دەکات و دیارە ئەم باکۆزە لەگەڵ ئەڵمانەکان کاری کردووە , لویس وا لە ڕەمزی دەگەیەنێت تۆ دەچیت بۆ ئەڵمانیا لە زانکۆکانی ئەوێ دەخوێنێت بەڵام لەبری ئەوە دەبێت یارمەتی ئەڵمانان بدەیت وەک بێژەرێک لە ڕادیۆی بەرلین ,ئەم ڕادیۆیە دەنگی دەگەیشتە هەموو ڕۆژهەڵات و پرۆپاگەندەی نازیانی بڵاو دەکردەوە لە عیراقدا بێژەری بەناوبانگ یونس بحری کە لە بەشی پەخشی عەرەبی دا کاری دەکرد و کاریکە ری زوری هە بوو لە سەر خەلک .

ڕەمزی ڕازی دەبێت و دەیبەن بۆ ئەڵمانیا بە ڕێگای بولغاریاوە بەشێوەیەکی نهێنی کە دەگاتە بەرلین لە ئەتمۆسفێرێکی ئەکادیمیدا دەخولێتەوە , زانکۆ و پرۆفیسۆری ناوداری پێدەناسێنن , بۆ تیاترۆ , سینەما , ئۆپێرای دەبەن .

دوایی ڕەمزی دەبەن بۆ ئەو شوێنەی کە ئەندامانی کردەوەکە مەشقی تیادا دەکەن , مولەر لە کتێبەکەی خۆشیدا باس لەو ساتانە دەکات کە چۆن ڕەمزی ڕازی بکات بەوەی پێی بڵێت ئێمە بە تەمای کردەوەی ماموتین و ئایا تۆ بەشدار دەبیت لەگەڵمان .

بێگومان مولەر دەتوانێت ڕەمزی ڕازی بکات لە کۆتاییدا بەوەی کە خەباتی هەردوو میللەت ئەڵمان و کورد لێک دانەبڕاوە و دەبێت دژی ئینگلیز بجەنگین و لە خاکی کوردستان وەدەریان نێین و ئەڵمانیا یارمەتی کورد دەدات بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیان .

لە ڕاستیدا ئەمانە تەنها بەڵێنی مولەر بووە بۆ ڕازیکردنی ڕەمزی ئەگینا ئەڵمانیا وەکو دەوڵەت هیچ کاتێک پلانی نەبووە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی و خۆی هیتلەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمووی سەرنجی ڕانەدەکێشا چونکە ئەو کاتە تەنها بیرکردنەوەی لای داگیرکردنی رووسیا بوو , لای هیتلەر مەجالی حەیەوی ئەڵمانیا ڕووسیایە نەک شوێنێکی تر .

لەژێر ڕۆشنایی ئەو بەڵگانەی کە دەستمان کەوتووە لە ئەرشیفی بەریتانی و ئەلمانیدا , کەر هە ندیک برسیار وە لام بدەینەوە .

ئایا ڕەمزی نازی بوو یان بۆ پارە بەشداری کرد لە ماموتدا کرد؟ ئایا ڕەمزی لە چ حزبێک بووە بۆ بەشداریکردنی پەیوەندی هەبووە بە هیچ حزبێکەوە هەبوە, ئایا ڕەمزی داهێنەری ئاڵای کوردستانە یان مولەر پەیوەندی ڕاستەقینەیان بە ئاڵای کوردستانەوە چیە ؟

بۆ وەڵامی پرسیاری کە ئایا ڕەمزی نازی بووە بێگومان ئێمە دەڵێین نەخێر چونکە نەک ئەو لە کوردستان وەکو ڕێکخراو کەس نازی نەبووە نەک ڕەمزی, ڕاستە خەڵکانێک هەبوون زۆر سەرسام بوون بە پرۆپاگەندەی نازییەت کە لە عیراقدا لەگەڵ هاتنی نازییەکان بۆ سەر حوکم لە هەموو دونیا دا ڕێکلامیان بۆ دەکرد لە عیراقیشدا بێگومان سەرسامی بە نازییەت لەلای هەموو خەڵک بلاو بوبۆوە بە هۆی کارەکانی فریتز گروبا کە کونسوڵی ئەڵمانیا بوو لە بەغدا .

سەرسامی خەڵک و دونیا بە نازییەت زیادی کرد دوای دەست پێکردنی جەنگی جیهانی دووەم سەرکەوتنەکانی سوپای ئەڵمانی وای کرد دونیا سەرسام بێت بە مۆدێلی حوکم و بەڕێوەبردنی نوێی نازییەکان لە حوکمدا .

ڕەمزی نافع وەک هەر کەسێکی تری ئەو سەردەمە وەک گەنجێکی ناسیۆنالیست بێگومان سەرسام بووە بەو مۆدێلە و مۆدێلی ئینگلیز وەک داگیرکەرێک سەیر دەکراو نەهامەتییەکانی میللەتی کورد لە ئەستۆی ئینگلیز بوو.

ئەم شیکردنەوەیە هی مێژوونووسی بەناوبانگی عەرەب ئەلبێرت حۆرانییە کە لەگەڵ سوپای بەریتانیا کاری دەکرد و خۆی ڕاپۆرتێکی لەسەر کەسایەتی ڕەمزی نافع و مۆتیڤەکانی بەشداری کردنی لەم کردەوەیەدا نووسیوە .

ئەگەر سەیرێکی مێژووی ناسیۆنالیستی میللەتانی دونیا بکەین و بگەڕێینەوە سەردەمانی جەنگی جیهانی دووەم دەبینین زۆر میللەت بە یارمەتی دانی نازییەکان دەیانویست دەوڵەتی ناسیۆنالیستی بۆ خۆیان دامەزرێنن پێش کورد عەرەب ئەو کارەی کردووە لە مایسی 1941 دا بە سەرکردایەتی رشید عالی الکیلانی و الحاج امین الحسینی کە موفتی قودس بوو تا کۆتایی شەر لەگەڵ نازییەت بوون , لەلایەکی ترەوە چەچانی و ئۆکرانی و فیللەندی و لیتوانی و لاتیڤی و چەندەها میللەتی تر یارمەتی سوپای نازیان دەدا بۆ ئەوەی لە دەست سوپای سووری سۆڤیەتی ڕزگارییان بکات , نمونە زۆر زۆرە بۆ هێنانەوەی بەڵگەی بەشداربوونی ناسیۆنالیستی دونیا لە کارکردن لەگەڵ نازیدا بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان .

لێرەدا دەبێت ئێمە ئەوە بڵێین کە ئەم قسانە نابێ بەوە لێک بدرێتەوە کە ڕژێمی نازی بە ڕاستی مۆدێلێکی باش بووە بۆ حوکم ڕانی , ئێمە لە کاتێکدا ئەم ڕاستیانە دەخەینە ڕوو نابێت تاوانەکانی نازییەت بەرانبەر بە گەلانی دونیا لەبیر بکرێت بە تایبەتی هۆلۆکۆست و کوشتنی 50 ملیۆن ئینسان لە ڕووسیا و تاوانی تر .

ئێمە تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکمان لەبەردەست نیە کە بیسەلمێنیت کە ڕەمزی نافع لەگەڵ هیچ کەسایەتی و حزبێک ڕێکەوتبێت بۆ بەشداری کردن لە کردەوەی ماموت دا ,چونکە ڕەمزی خۆی نەیدەزانی بەشدار دەبێت لە کردەوەی ماموتدا تا نەچووە ئەڵمانیا .


وێنەی ڕەمزی نافیع لە ساڵی 1943 لە کاتی لێکوڵینەوە لە قاهیرە

هەروەها دروستکردنەوەی ئاڵای کوردستان و بەرزکردنەوەی پێش دەست پێکردنی کردەوەی ماموت لە نمایشێکدا بۆ ئەوە بووە کە ڕەمزی تەواو تێبگەیەنن لە جدیەتی کارەکەیان و وە ئەڵمان خۆشیان فۆرمێل هەموو شتێک ئەبێت بە ئوسولێ خۆی بکرێت .

وەک لە دۆکیۆمێنتەکاندا و لە کاتی تەحقیق کردندا لەگەڵ مولەردا دەردەکەوێت ,ڕەمزی نافع هیچ پارەیەکی لە بری بەشداریکردن لە کردەوەی ماموتدا وەرنەگرتووە مولەر دەڵێت ئێمە ڕۆژانەمان 11 ڕایش مارک بوو هی ڕەمزی 20 ڕایش مارکیان بۆ دانابوو جگە لەوەش 20 هەزار ڕایش مارک بە تەمابوون بیدەن بە ڕەمزی بەڵام ڕەمزی ئەم پارانەی هەموو ڕەفز کردۆتەوەو


نووسەر لەگەڵ د. بیرند لیمکە کە یەکێکە لەو لێکۆلەرەوانەی کە لەسەر کردەوەی ماموت دەنوسێت

گوتوویەتی بیدەن بەو قوتابییە کوردە هەژارانەی کە لێرە دەخوێنن , تەنانەت ڕەمزی ئەو پارەی لە ماڵەوە بۆی هاتووە بۆ تورکیا ئەویشی بەخشیووەتەوە بە خاچی سوری نێو دەوڵەتی .

ئایا مولەر یان ڕەمزی ئاڵای کوردستانیان داهێنا وەک هەندێک ڕۆژنامەنووسی بێ خەبەر کە بانگەشەی بۆ دەکەن ؟ ڕاستی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە ڕێکخستنی کردەوەی ماموت زیاتر لە 6 مانگی خایاندووە بۆ ئەو کردەوەیە مولەر خەمی لە هەموو وەردەکارییەک خواردووە هەر لە دەرمان و چەک و دیاری بۆ ناودارانی کورد و مەشق کردن و بە کورتی هیچ شتێکی نەهێشت بۆوە تەنانەت بیری لە ئاڵاش کردبۆوە .

مولەر خۆی ئیدیعای ئەوە دەا کە ئاڵای کوردستانی داهێناوە و زۆر کەسیش وا دەزانن ڕەمزی ئاڵای کوردستانی داهێناوە , بەڵام لە ڕاستیدا کێ دایهێناوە لێرە وەڵامی نادەینەوە بەڵام دەتوانین زۆر بە ڕاشکاوانە بڵێین کە نە ڕەمزی و نە مولەر ئاڵای کوردستانیان دانەهێناوە , ئەوەی ئێمە دەیزانین لەم بارەیەوە کە ڕەمزی وەک ناسیۆنالیستێک کە ساڵانێک لەگەڵ حزبە ناسیۆنالیستە کوردەکاندا کاری کردوە بە تایبەتی سەرانی خۆیی بوون میر کامەران بەدرخان و ئەوانی تر .

ڕەمزی سکێچی دروستکردنی ئاڵای کوردستانی لەناو موفەکیرەکەیدا هەبووە ,مولەر پێویستی بە دروستکردنی ئاڵای کوردستان هەبووە , کۆنێچنی کە یەکێکە لە بەشداربووانی ماموت و دەستێکی هونەری هەبووە ئەو ئاڵای کوردستانی دروستکردووە بۆ کردەوەی ماموت بەڵام ئەو قسەیە مانای ئەوە نیە کە کەس لە بەشداربووانی ماموت داهێنەری ئاڵای کوردستانە .

بە نیسبەت شێخ محمود کە کردەوەکە بەناوی ئەوەوە بووە ئایا ئاگاداربووە پێشتر ئەڵمانەکان یان ئەڵمانەکان ویستوویانە پەیوەندی پێوە بکەن؟ مولەر هیچ پەیوەندییەکی بە شێخ محمودەوە نەکردووە و تەنانەت نەیزانیوە کە شێخ محمود لە ساڵانی 1930ەوە چیتر وەکو شۆرشگێر ئەکتیڤ نەمابوو , خۆی مولەر کاتێک کە لە بەغدا چاوی بە شێخ دەکەوێت ئەو کاتە شێخ لە مەنفادابوو , ئەمە یەکێکە لە هۆیە سەرەکییەکانی فەشەلی کردەوەی ماموت واتە کەمی زانیاری ئەلمانە کان لە سەر کورستانو بیکومان هۆی تری زۆرە ئێمە لێرەدا باسی ناکەین لە ناو دۆکیۆمێنتەکانی ماموتدا دەردەکەوێت کە ئەڵمانەکان نامەیان بۆ چەند کەسایەتیەک نووسیوە بۆ ئەوەی کە بەشداربووانی ماموت ئامادە کردبوو بو ئەوەی کە بە شداربوانی ماموت دوای هاتنە کوردستان یارمەتیان بدرێت , لەوانە نامەیان بۆ شێخ محمود و حەسەن فەهمی بەگی جاف و چەند کەسێکی تر لێرەدا ناکرێت هەموو وردەکارییەکی کردەوەی ماموت باسکرێت بۆ نمونە ئەو چوار کەسە لە ناو دۆکیۆمێنتەکان پێیان دەگوترێت گروپی یەک و ئەگەر سەرکەوتووبان گروپێکی تر ئامادەبوون بە ناوی ماموت دوو , هەروەها ئەگەر بێتو دۆکیۆمێنتەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزی کە زیاترن لە هەزار لاپەرە بکرێن بە کوردی زۆر ڕاستی تر ئاشکرا دەبێت بە تایبەتی ئەگەر قسەکانی مولەر بەرانبەر بە دۆکیۆمێنتەکانی تەحقیق لەگەڵیدا بەراورد بکەین , بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن مولەر خۆی کردووە بە پاڵەوانی ماموت هەرچی گوتبێت کورد باوەری پێ کردووە بەداخەوە .

لە کۆتاییدا دەمەوێت بێژم کە ئێستا ئێمە کاردەکەین لەسەر بڵاوکردنەوەی هەموو دۆکیۆمێنتەکانی کردەوەی ماموت و لەگەڵ بەشی توێژینەوە لە وەزارەتی بەرگری ئەڵمانیا بە بەشداری دکتۆر بێرند لێمکەدا کە ئەویش ئەم بابەتەی لا گرنگەو سوپای ئێستا ئەڵمان کە یارمەتی کوردستان دەدا ئەمرۆ دەیانەوێت بزانن چ پەیوەندییەک لە نێوان کورد و ئەڵماندا هەبووە لە مێژوودا .

دەبرسم من تاکەی ڕەمزی لەبیر بکرێت لە هەولێر یەک جادەی بەناوکرا ئەویشیان لابرد نازانم هۆیەکەی چیە , بۆچی حکومەت و حزبی کوردی خۆی یەکلایی ناکاتەوە لە بارەی یادکردنەوەی ڕەمزیدا ئەو نهێنیە چیە وا حکومەت و حزبی کوردی لێی دەترسێن بۆ بۆمانی بەیان بکەن .



لە هەولێر بۆ هەفتەیەک شەقامێک بە ناوی ڕەمزی نافیع کرا و لابرا


MULLER, Gottfried Johannes
KONIECZNY, Georg Ramzi
HOFFMANN, Friedrich
Wilhelm
W
403

بەرگی یەکێک لە پێنج فایلەکەی ئەرشیفی بەریتانی لە لەندەن لەسەر ڕەمزی و هاوەڵانی لە ساڵی 1943 تا 1946

کەلچەری بەدرخان
Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی
رووناکبیریی
گشتییە لەگەڵ
بەدرخان دەردەچێ

سەرپەرشتی کەلچەری بەدرخان
د.وریا عومەر ئەمین

راوێژکاری زمانەوانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان
خولی سێیەم، ژمارە (١٧١)، پێنج شەممە، کانونی دووەمی ٢٠١٥/١/٢٢ زایینی - ڕێبەندانی ٢٧١٤ کوردی - ساڵی چواردەهەم

# سێژوان



**د. وریا عومەر ئەمین**

**دوای دامرکانی پشکۆی خۆرنشین**
**تارای ڕەش ئەکشێ لە پیرۆزەی شین**
**مرواریییەکان ئەکەونە دزە**
**زەمین ئەپژێنن بە نمەی بزە**
**لەتەک مانگی نوێ هی گەش و درشت**
**ئەبنە ملوانکەی گەردنی سروشت**
**ئەم ڕەشبەڵەکە ئەفسووناویە**
**ژوانی نهێنیی .. بوون و جوانیە**
**نارێ تۆش پێکێ لەو گەوهەرانەی**
**هۆشبەستی نازی ئەو ئێوارانەی**
**کە چرۆکانم بۆت ئەجریوێنن**
**شنەکانی سۆز بەرەو تۆم دێنن**
**ڕوویان تێ ئەکەم لەوێ ئەتبینم**
**لێتان ئەبیستم ئاوازی ژینم**

# پێشمەرگە



**قوبادی جەلیزادە**

**لەسەر هێڵی ئاگردام**
**ئەوەی من و مردن لێک جودا دەکاتەوە،**
**تفەنگەکەمە.**
**دایکم لەسەر بەرماڵە...**
**هەر دەنکە تەسبیحێک، کە بەدەم سەلەواتەوە،**
**ئاودیو دەکات،**
**لێرە مینێک،**
**لەبن پێی جنۆکەیەکدا،**
**دەت ەقێ ت ەوە.**
**ژنەکەم ژوورێکی چۆڵ کردوە بۆ خێزانێکی ئێزدی.**
**لە باخچەی ماڵەکەماندا،**
**منداڵێکی شنگالی و**
**منداڵێکی کۆبانێ،**
**بەیەکەوە گەمان دەکەن.**
**بەیەکەوە،**
**ژنە کریستانییەک و**
**ژنە کاکەییەک و**
**ژنە شەبەکێک،**
**گەسک لە تەنیایی دەدەن و**
**گوڵەکانی ئومێد، ئاو دەدەن.**
**لە تەنوورەکاندا، ئاگر کراوەتەوە.**
**ژنەکانی شار هەویر دەشێلن**
**زارۆکەکان لەسەر چیای ژەهردا،**
**بە لەتێک نان و مەتارەیەک هەنگوینەوە**
**شۆڕ دەبنەوە دەشتاییەکانی ئارامی.**
**لەسەر هێڵی ئاگردام.**
**ئەوەی من و ژیان لێک جودا دەکاتەوە،**
**بستێک نیشتمانە.**

# بیرەوەریەک بۆ ٧٥ ساڵەی ئێزگەی کوردی بەغدا

رۆژی ٢٩ ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٩ وەرچەرخانێکی گرینگە بۆ بۆ هەموومان بەگشتی و هونەرمەنان و هونەری رەسەنی کوردی و میدیای کوردستان بەتایبەتی چونکە خودی رادیۆی کوردی بەغدا لەدوای دامەزراندنی یەکەم رادیۆی عیراق کراوەتەوە لەو مێژووە کۆن و دوور و درێژەشدا کاری زۆر گەورەی لەسەر دەستی رۆشنبیران و و هونەرمەندان و نووسەران و تەواوی ئەو کەسانەی بە گۆرانیەک یان بەرهەمێکی ئەدەبی و رۆشنبیری و هونەری بەشداریان کردووە.

ئەوەی لێرەشدا مەبەستە بیخەمەروو بۆ وەک پێویست دوای لەکارکەوتنی ئەو ئێزگە کۆنەمان لەساڵی ٢٠٠٣ وەکو پێویست نەتوانراوە ئەو ئێزگەیە وە دەستکەوتێکی گەورەو گەوهەرێکی زێرین سەیر بکەین و یادی بکەینەوە رەنگە ئەوەش هۆکاری خۆی هەبێ دەشێ لێرە تیشکی بخەینە سەر و سەرەتا وەک پاکگراوندێکی مێژووی بە قۆناغەکانی دا برۆینەوە.

بۆ ئەوەی سیاسەتی ئەوسای حکومەتی شاهەنشاهی عێراق و درەستکردنی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و میللەت هەبێ و ئەوێ رۆژێش تەنها وەسیلەی پەیوەندی گشتی رادیۆ بوو بەتایبەتی رۆژنامەو گۆڤارەکان وەک پێویست نەدەگەیشتە کوردستان و رێک دوای کردنەوەی ئێزگەی رادیۆی عێراق بیر لە کردنەوەی بەشی کوردی کرا و سەرەتاش بە ١٥ دەقیقە دەستی پێ کرد کە بەرنامەکانی بریتی بوون لە خوێندنەوەی دەنگوباس و ووتارێک و گۆرانی و لاوکی کوردی و دواتر و پەیتا پەیتا بەپێی قۆناغەکان کاتەکانی زیاتر کران و بەوەش دەرگایەکی گەورە لەسەر گۆرانیبێژو لاوکبێژان کرایەوە کە ئەوسا ئامێری تۆمارکردن نەبو بەڵکو راستەوخۆ لەبەر دەم مایکەوە تیپێکی بچوکی مۆسیقا بەرهەمە هونەریەکان پێشکەش دەکران و دای ساڵی ١٩٤٠ کاتەکە گەیشتە کاتژمێرێک لە ٣، ٥ ئێوارە تاکو ٤، ٥ و هەندێ بەرنامەی وەکو و گوندنشینان وکیشاوەرزی رێنمایی ئایینی پانۆرامای هەواڵ بوون و تا ساڵانی ١٩٤٧ تاکو ١٩٥٠ وورده وورده بەرەو پێشەو هەنگاوی نا .

بۆ ئەوەی بەشە کوردیەکەی رادیۆی عێراق لە بەغدا بەباشی هەڵسورێ خوالێخۆشبو کامیلی کاکەمین رۆشنبیرێکی شاری سلێمانی بوو لە شاری بەغدا بوو وەکو یەکەم نووسەر و بێژەی ئەو بەشە دەستەبەکار بوو و عەبدولقادر قەزازیش هاتە پاڵ کامیلی کاکەمین و هەریەک لە رەشید نەجیب و ئەنوەر سائیب و ئیبراهیم ئەحمەدو چەندانی تر .

ئەو بەرێزانەی لە بەشی کوردی دەستبەکار بوون لەلایەک کاری رۆژانەیان بە وەرگرتنی هەواڵەکان و رووداوە ناوخۆیی و هەرێمیەکان لە رادییۆکانی ترو ئاژانسەکان وەردەگرت و لە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیەو وەریان دەگێرایە سەر زمانی کوردی و هەر خۆیشیان ئەو ووتارانەیان دەنووسی کە ئەو سەردمە پێویست بوو.

**ئامانجەکانی بەشی کوردی رادیۆی عێراق:**

١- تونوتۆڵکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو گەلی کورد و گەلی عارەب دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی لە عێراقدا.

٢- پرکردنەوەی ئەو بۆشیاییەی لە میانەی دەستپێرانەگەیشتنی کوردان لەو گۆڤارو رۆژنامانەی لە بەغدا دەردەچوون .

٣- بایەخدانی توانا هونەری و رۆشنبیریەکان و کۆکردنەوەی سامانی رەسەنایەتی کوردی لە گۆرانی و ئاواز و حەیران ولاوک و نەفەوتانی ئەو فۆلکلۆر و کەلەپوورە کوردیانە و زیندوکرنەوەی



**عەدنان کاکە دیبەگەیی**

ئەوەی پێشخۆیان.

٤- رێگەخۆشکردن بۆ ووشیاری نەتەوەیی.

٥-پەرەپێدانی گوندنشینان و پەرەپێدا و چاککردنی کشتوکاڵی

لەساڵانی پەنجاکانەوە دەستەبی سەرپەرستیاری ئێزگە کە کامیل کاکەمین بەرپرسی یەکەم بوو هەوڵی زۆریاندا بۆ هێنانی ئەو (قەوان) و بەرهەمانەی لەلایەن کۆمپانیاکانی بێگانە وەکو بەیزافۆن و چەخماخچی و ئەبوکەلب و هی تر بۆ قازانج و فرۆشتنی خۆیان بۆ هونەرمەندانی کورد وەک دایکی جەمال و مریەمخان و سەیدعەلی ئەسغەری کوردستانی وسێوە و رەشوڵ و تاڵیب مەجید وکاویس ئاغا و عەلی مەردان و رەسوڵ گەردی و تایەر تۆفیق و حەمدیە فەندی و چەندانی تر تۆمارکرابوون لە دەرەوەی کوردستان بهێننەوە بۆ بەکارهێنان بەوە بەشی کوردی پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی.

هەر لەساڵانی ١٩٥٣ و ١٩٥٥ چەند کەسێکی تر هەوڵیاندا بچنە ئێزگەو خزمەت زیاتر پێشکەش بکەن بەتایبەتی ئێزگەی کوردی بەهۆی پەیدا بوونی رادیۆ لە شوێنەگشتیەکانی وەک چایخانەو قاوەخانەو ماڵە دەوڵەمەندەکان و دیوەخانەکا پەیدا بوون بیسەری زۆر بوون و کوردیش خواستی زیاتی هەبوو لەوانەش مامۆستا رەفیق چالاک کە خۆی مامۆستای سەرەتایی بوو بەڵام توانای زۆری هەبوو وەکو هونەرمەند لە بواری تەمسیل و شانۆ و ووتنی گۆرانی و نووسینی ووتاردا هەروەها مامۆستا قادر دیلان لە بواری موسیقاو ئاوازدا و مامۆستا ئەحمەد دەنگ گەورە ئەحمەد دلاوەرو هی تر و مامۆستا کەمال رەوف محەمەد وەکو ئێزگەوانیک لە هەموو بوارەکاندا چوونە ئێزگەوە.

**لە رێنماییە ئایینەیکانیشدا دینیەکان مامۆستا عەلائەدین سەججادی رۆڵی بینی .**

لە قۆناغی دواتری ئێزگە و دوای روخانی دەسەڵاتی پادشایەتی و کوژرانی فەیسەڵی دووم و بەرپا بوونی شۆرشی ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨ و دەرکردنی دەستووری کاتی عێراق و چەسپاندنی نەتەوەی کورد وەک دووەم نەتەوە لە عێراقدا بەوە زۆر مافی تر بۆ گەلی کورد دەستەبەر بوون ئەوە بوو جەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم زەعیموەحید بامەرنی ئەفسەرێکی پلەداری هاورێی خۆی وەک بەرێوەبەری بەشی رادیۆی کوردی تەرخان کرد و لە لایەکی ترەوە ماوەی بەرنامەکان زیارتربوون و لە رووی تەکنیکیشەو پەخشەکەی فراوانکرا کە هەموو ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە بەوەش هونەرمەندانی کورد باشتر گورتینێکی بەخۆوە بینی و بەوەش ئێزگە بەسترایەوە بە وەزارەتی ئیرشاد و ئاراستە.

**بەرێوەبەر ئێزگەلەساڵی ١٩٣٩ تاکو ٢٠٠٣ :**

خوالێخۆشبوان کامیل کاکەمین، زەعیم وەحید بامەرنی، دکتۆر سادق بەهدین ئامێدی، عەبدوڵڵا حاجی موسا، شاکر مەنسوور ، محەمەد جیهاد حەسەن، محەمەد سەلیم سواری(لە ژیاندا ماوە) و خوالێخۆشبوو کەمال ئەمین سەمین.

**بێژەرانی ئێزگەی کوردیش بریتی بوون لەمانە:**

کامیل کاکەمین ، رەفیق چالاک ، عەبدولقادر قەزاز، کەمال رەئووف محەمەد، مەحمود موفتی، عەبدوڵڵا عەباس، محەمەد سەدیق ئیمام، فەخرەدین دۆسکی، عەبدولوەهاب تاڵەبانی، نیهایەت جەلال، هاشم عەلی مەندی، محەمەد جیهاد حەسەن، قومریە حەسەن، کەمیلە عەلی، محەمەد ساڵح عەبدولکەریم ، محەمەدئەمین عوسمان، حافز مایی، تەحسین ئەحمەد بەگ بەرواری ، ماجیدە محەمەد، موختار فایق، مزەفەر دێرکی، شیرین عەباس، کەریم بدەل، بەهادین جەلال، سوکەینە مەنسور، شەعبان مزوری، ئیسماعیل گەیلانی، هەڵات ئامێدی، نیشتیمان عومەر، خەلیل ئیبراهیم.

**ئەو رۆشنبیرانەی بەرنامەیان ئامادەو پێشکەشکردووە:**

جەمال بابان، د.سادق بەهادین، مستەفا ساڵح کەریم، بەدرخان سندی، د.زەنون پیریادی، د.مارف خەزنەدار، بورهان قانیع، عوسمان عوزێری، .

**بەرنامە ئاینیەکان:**

عەبدولحەمید ئەتروشی ، ئەبوزەید مستەفا سندی، عومەر مەولود دیەگەیی، محەمەد شەوکەت، شەعبان گولی، ئەیوب دەرباس

**گۆرانیبێژو لاوکبێژانی ئێزگەی کوردی:**

عەلی مەردان، دایکی جەمال، مریەمخان، نازدارو ئەسمەرفەرهاد، شەماڵ سائیب، رەسوڵ گەردی ، تایەتۆفیق، باکووری، حەسەن جەزراوی ، خوداد عەلی، سەعیدئاغا زێباری، محەمەد عارف جەزراوی، نەسرین شێروان، گوڵبەهار، فوادئەحمەد، عومەر رەزا، بەلقیس دۆسکی، تەحسین تەها، عیسا بەروری.

**هەنگاوەکانی دوای بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ :**

ئەڵبەت کورد وەک نەتەوە لە رووی سیاسیەو وویستویەتی بایەخی خۆی بداتە ئەو ناوەندە ستراتیژیانەی کە کورد وەکو نەتەوە بەموڵکی خۆی دەزانی رادیۆی کوردیش یەکێک بوو لەو ستراتیییانەی شۆرش کاری بۆ کرد لەوانە بە بەرێوەبەرێتی کردنی رادیۆی کوردی لە بەشەوە بۆ دەزگایەکی سەربەخۆ ئەوە بوو لە دوای ساڵی ١٩٧١ و بەوە هەنگاوێکی گەورەتر بوو لە لایەک ماوەی بەرنامەکان تاکو ساڵی ١٩٩٠ بووە ٢٢ کاتژمێر ناوەندی پەیامنێران لە شارەکانی کوردستان کرانەوە و چەنید بێژەرو کارمەندی دڵسۆز و رۆشنبیری تری بۆ دامەزرا دەرگا کرایە هەموو هونەرمەندانی کورد بەرهەمەکانیان تۆمار بکەن رایەڵەیەکی پتەو لە نێوان بیسەری کورد و رادییۆ دروست بوون بایەخی زیاتر بە هەموو کەرتەکان درا رادییۆ کاری بۆ بکات و تەنانەت سەرچاویەکی گەورەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و زانستی گەورەی ناوەچەکە بوو.

**لەکارکەتن و وێران بوون:**

بەداخەوە دوای ئەو هەموو ماندوبوونەوی گەلی کورد ئەو ناوەندە گەروەیەی رۆشنبیری و هونەری لەئەنجامی شەرخوازی سیستەمی دیکتاتۆریەتی عێراق ، میللەتی کورد قوربابنیەکی زۆری دا بە وێران بوون و بۆمبارانی فرۆکەکانی هاوپەیمانان و دوت ردزین و بەتاڵانبردنی ئەرشیفێکی مەزنی نەتەوەکەمان کە بە میراتێکی گەروەی رۆشنبیری دادەنرێت لە ماویەکی کەمدا کە بە لە ماوەی زیاتر لە ٦٠ ساڵا بوو کۆکرابوە لەناوچوو تەنها ئەو ماوە لە ووتارەکانماندا یادی بکەینەو وەکو مێژووش بینویسنەوە.

# بەفەرمی ناساندنی زمانی کوردی دەسکەوتێکی نەتەوەییە



فەرەیدوون سامان

زمان ناسنامەی نەتەوەیە، هەر نەتەوەیەکیش زمانەکەی لەدەست بدات، هەڵبەتە خاکەکەشی لەدەست دەدات، لەوەتەی کوردستانیش دابەشکراوە، زمانەکەشی لە لایەن نەتەوە سەردەستە دەسەڵاتدارەکان دابەش و قەدەغەکراوە، هەر بۆیەش دەبینین داگیرکەرانی کوردستان بەر لەهەموو شتێک دژایەتی توندی زمانی کوردییان کردووە، چونکە بایەخی زمان لە گەیاندن و بە یەکبەستنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە و پەرەپێدانی بوارەکانی لە ڕێگەی دیالۆگ و لە یەکحاڵیبوون. هیچی کەمتر نییە لە کۆڵەگە نەتەوەییەکانی دیکەی وەک گەل و خاک و مێژوو و ئایین و کەلەپوور و بەرژەوەندی هاوبەشی تاکەکانی کۆمەڵگە، هەر چەندەش زمانی کوردی ساڵانی ساڵ لەلایەن دوژمنانیەوە دووچاری نکۆڵی لێکردن و دژایەتی و چەندان وەرچەرخانی تراژیدی لەوانەش قەدەغەکردنی ئاخاوتن بۆتەوە، بەڵام بە هەوڵی بەردەوامی ڕووناکبیران و قوربانی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی توانی ناسنامەی خۆی بپارێزێت و وەک قەڵایەکی پۆڵایین دژی ڕەشەبای دوژمنانی بوەستێت. لەبارەی بایەخی ئەو یاسایە که لە عێراق دەرچووە زمانی کوردی و عەرەبی یەکسان تەماشا دەکات، کورد تا چەند دەتوانێت سوود لەو یاسایە وەرگرێت بۆ یەکخستن و پێشخستنی زمانەکەی لەو هەرێمە. بێگومان دەتوانین سوود لەو یاسایە وەربگرین ، ئەویش لەسەر بنەمای کۆمەڵێک هەنگاوی گەورەی پراکتیکی لەوانەش هەوڵی جیدی بدرێت کە لەسەر ئاستی هەموو کوردستانی باشووردا، زمانی کوردی بکرێتە زمانی ستاندارد و بە زمانی ڕەسمی و پەروەردەی ئەو هەرێمە، هاوکات بایەخ بە شێوەزارەکانی دیکەش بدرێت و ڕێگە لە خوێندن و نووسینی نەگرین بە تایبەت لە بواری ئەدەبیات و ڕاگەیاندن و چاپەمەنییەوە، نەک دوو دیالکتیک کە لە واقیعدا دەبینین لە هەردوو ناوچەی سۆران و بادینان کاری پێدەکرێت، چونکە لەم قۆناغەدا دەکرێت ئەو زمانە ستانداردە کە ساڵەهایە لەسەر ئاستی پەروەردە و خوێندن و چاپەمەنی و ڕاگەیاندندا خزمەتی زۆری پێکراوە. بکرێتە بناخەیەکی پتەو بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی و کێشەی جووت ستانداردی و فرەیی چارەسەر بکات،دیارە بایەخی ئەم بە ڕەسمی ناساندنەش کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت بە سەرکورد زمانەکانی دیکەی بەشەکانی کوردستان کە هێشتا بە ڕەسمی لە لایەن دەوڵەتەکان ددانیان پێدا نەنراوە.

هەر بۆ وەبیرهێنانەوە لە دانیشتنی سێشەممەی ڕۆژی 7 کانونی دووەمی 2014 ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەسەر پرۆژە یاسای زمانی ڕەسمی وڵات دەنگیدا، کە زمانی کوردی و عەرەبی بە دوو زمانی ڕەسمی وڵات دەناسێنێت. بە پێی یاساکە هەر دوو زمانی کوردی عەرەبی بە دوو زمانی ڕەسمی وڵات دادەنرێن، لە وتار و کاروباری ڕەسمی دەوڵەت و فەرمانگەکان، هەروەک زمانی تورکمانی و سریانیش بە دوو زمانی ڕەسمی لەو ناوچانە کاریان پێدەکرێت کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی تورکمان یان سریانن. عەلی شەلا سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ڕاگەیاند، ئەندامانی لیژنە و لیژنەکانی دیکەی پەرلەمانی ئەمڕۆ بە ڕەسمی زمانی وڵاتیان لە عیراق دەستنیشان کرد، وەک دەزانن عیراق وڵاتێکی خاوەن شارستانییە و پێمانوایە ئەو یاسایە هۆکاری هێز و فراوان بوونی شارستانیەتەکانی عیراقە بە درێژایی مێژوو. بە وتەی شەلا جێبەجێ کردنی یاسای زمانی ڕەسمی وڵات، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە عیراق وڵاتی دیموکراسییە و بە کردار ڕێز لەسەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی دەگرێت. پرۆژە یاسای زمانی ڕەسمی وڵات کە ماوەی چەند مانگێکە خوێندنەوەی یەکەم ودووەمی بۆ کراوە و بە یاسای سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی گەلانی عیراق هەژمار دەکرێت، پێشتر لەلایەن چەند لایەنێکی سیاسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ڕێگریی لێدەکرا دەنگدانی لە سەربدرێت، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە دەنگی کورد لەپاڵ دەنگی عەرەبی بە زمانی ڕەسمی وڵات داناوە. دیارە پرۆژە یاسایەکە هەردوو زمانی کوردی وعەرەبی لە خۆدەگرێت و ئەو ناکۆکی و کێشانەش دەخاتە ڕوو کە لە کاتی دەنگدانەکەدا هاتوەتە ئاراوە و ئاماژەش بۆ ئەو سوودانە دەکات کە لەڕێگەی ئەو قانوونەوە بە گەلی کورد دەگات، "لە دوایین دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا و دوای هێنان و بردنێکی زۆر، توانییان قانوونی زمانە فەرمییەکان دەربچێنین ودەنگی لە سەر بدرێت، لە کاتێکدا ماوەی هەشت ساڵە ئەو قانوونە لە نێو ئەنجومەنی نوێنەراندایە و ناهێڵن تێپەڕێت، خولی پێشوویش هەوڵیاندا ئەو قانوونە دەربچوێنن، بەڵام نەیانتوانی، لەم خولەشدا بە قوڕسی و نەشتەرگەری قەیسەری توانییان ئەو قانوونە تێپەڕێنن، پێشتر دووجار خرابووە دەنگدانەوە و نەیانهێشت تێپەڕێت و ئەمەشیان جاری سێیەم بوو ڕۆژی شەمەی ڕابردووش لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان داوایانکرد، کە ئەو قانوونە بخاتە نێو کۆبوونەوەکانەوە و لەدوایین دانیشتندا خرایە نێو کۆبوونەوەکانەوە و دوای گفتوگۆیەکی زۆر بە قوڕسی توانییان قانوونەکە تێپەڕێنن، مەبەستیش ئەوەیە ژمارەی ئەوانەی دەنگیان بە مادەکان دەدا زۆر نزیک بوو لەوانەی کە بە نەخێر دەنگیاندا، بەڵام لە بەرژەوەندی نوێنەرانی کورد تێپەڕی، ئەگەرچی لە 18 مادەدا دوو ماددەیان لەو هەموارکردنەوانەدا نەبوون کە دایانڕشتبوون، بەڵام گەڕانەوە بۆ دەقی قانوونە ڕەسەنەکەی ئەو دوومادەیە، کە حکومەت کاتی خۆی بۆی دانابوو، بەشێوازێکی گشتی قانوونێکی باش بوو، ڕاستە لە سەداسەد لە ئاستی خواستی کوردا نییە، بەڵام تارادەیەکی باش لە ئاستی ڕەزامەندیدایە، بۆیە سەرۆکی هەرچوار کوتلە کوردستانیەکە، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیان سازکرد و پیرۆزبایی وخۆشحاڵی خۆیان دەربڕی"، ئەم قانوونە بۆ یەکەمجارە لە مێژووی عێراقدا هاتووە لە دوای قانونی مەحەلی زمانە ڕەسمییەکانی ناوی قانونەکە ئەمەیە: (قانونی اللغات المحلیە) ساڵی 1931 کە لەسەردەمی مەلەکیدا دەرچووە و دوای ئەوەش ئەمە یەکەمجارە قانوونێک بە ناوی قانوونی زمانە ڕەسمیەکان دەربچێت، ڕاستە لەمادەی 14 ئاماژەی بۆ کردوە، بەڵام بنەمای دەستووری ئەگەر بەقانوون ڕێک نەخرێت، کە خودی مادەی چواری دەستووردەڵێت، پێویستە مەسەلەی قانوونی زمانە ڕەسمییەکان بە قانوون ڕێکبخرێت، ئەگەر ئەو قانوونە دەرنەکرێت ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەو قانوونە وادەکات بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و حکومەت ناچار بکات کە جێبەجێیبکەن و لە دوای 90 ڕۆژ دەبێت دەستبەجێبەجێ کردنی بکات لە دام و دەزگاکانی حکومەت و ئەو شوێنانەی کە لە قانوونەکەداهاتووە"، سودێکی قانوونەکە ئەوەیە دەبێتە هۆی دامەزراندنی دەیان و سەدان کەس لە دامودەزگاکانی دەوڵەت لە هاووڵاتیان، چونکە پێویستی بە وەرگێڕ دەبێت بۆ کۆمەڵێک دۆکیۆمێنت، بە پێی ئەو قانوونە لە نێو پەرلەماندا و ئەنجومەنی فیدراڵ و داداگای باڵای فیدراڵی و ئەنجومەنی وەزیراندا هەمووی زمانی کوردی و عەرەبی تێدا بە کار بهێندرێت و بە ڕەسمی لە هەموو بڕیار و قانوونێکدا بە کوردیش بنووسرێت، تەنانەت ڕاگەیاندنی ئەو دەسەڵاتانەش وەکو هەموومان دەزانین دەسەڵاتەکان وەکو پەرلەمان و دادوەری و ئەوانیتریش ڕاگەیاندنیان هەیە چ لە سایت و ڕۆژنامە و میدیاکان دەبێت بە هەردوو زمان بێت، لە مادەیەکی ئەم قانوونەشدا هاتووە و دەڵێت ئامانجی ئەم قانوونە ئەوەیە کە گرەنتی یەکسانی لە نێوان زمانی کوردی و عەرەبی لە ڕووی ماف و ئەرکەوە ڕابگرێت، کە بۆ یەکەمجارە قانوونێک ئەم قسەیە بکات"، ڕوونیشی کردەوە "ئەو دوو مادەیەی کە دەنگی پێنەدرا، ئەوە بوو کە داوا کرا بوو زمانی کوردی لەسەرتاسەری عێراق بخوێندرێت، ئەو مادەیە ڕێگەیان پێنەدرا تێپەڕێندرێت، دواتر لەلایەن لیژنەی پەروەردەوە ئەو مادەیە تاوتوێ دەکرێت، چونکە ئەوان پێیان قوڕس بوو ئەو کارە بکرێت و پێویستی بە توێژینەوەی زیاترهەبوو، مادەکەی تریش ئەو مادەیە کە لە سەرهەموارکردنەکە بوو کە ئێمە کردبوومان، ئەوەش بە شێوەیەک بوو بە وردی باسی لەوە کردوە کە لە چ شوێنێکدا زمانی کوردی بە کاربهێندرێت، وەکو تابلۆکانی هاتوچۆ و فڕۆکەخانەکان و بلیتی فڕۆکەکان ناونیشانی وەزارەتەکان و ڕەگەزنامە، ئەمانە بە وردی باسیان لێوەکراوە، دەمێنێتەوە ئەوە بڵێین کە لە ئێستا و داهاتوویەکی نزیکدا دەزگا ئەکادیمیەکان و ڕۆشنبیرییەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر بایەخ بە شارەزا و پسپۆڕەکانی ناوە ودەرەوەی وڵات بدەن، بە سازدانی کۆنگرە و سیمیناری زانستی بۆ لێک نزیککردنەوە دیالیکتیکە سەرەکیەکانی زمانی کوردی و دانانی قامووسی هاوبەشی شێوەزارە جیاوازەکان و پاککردنەوەی زمانەکەمان لە ژێر کاریگەری و باندۆری زمانە بیانیەکان بەتایبەتی عەرەبی و فارسی و تورکی، هەروەها ڕێککەوتن لەسەر زمانێکی ڕەسمی و ستاندارد بۆ هەموو گەلی کوردستان، بۆئەوەی لێرەدا خزمەتی زێتر بە گەل و نیشتمان بکەن. هەروەها خولی ڕۆشنبیریی ڕێکخراوەکانی زماننناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی بەردەوام بێت وپسپۆڕانی لایەنە کێشەدارەکانی زمانی کوردی دەوڵەمەند بکەن وحکومەت پاڵپشتی زیاتری ئەم جۆرە پرۆژە زانستیانە بکات.. هاوکات بەم دواییە لە هەوڵێکدا لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، بە پشت بەستن بە ماددەی ١٥دەستووری بنەڕەتی ئێران پرۆژەیەک لەبارەی پەروەردە و خوێندنی زمانی زگماک (زمانی کەمینە نەتەوەکانی ئێران) گەڵاڵە کرا. مخابن فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی، بە زۆرینەی دەنگ فێرکردنی زمانی زگماکی لە ئێرانی ڕەتکردەوە و ئەو مەسەلەی وەک پیلانێک دژ بە زمانی فارسیی لەقەڵەم دا.

«محەمەدعەلی موەحید» ئەندامی «فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی»، لە کۆبوونەوەی دامەزراوەکەدا، دژکردەوەی توندی بەرانبەر بە بەڵێنی دەوڵەتی ڕووحانی بۆ ڕێگەدان بە فێرکردنی زمانی زگماکی نیشان دا و گوتی کە «ئێمە زمانێکی ستانداردمان هەیە کە زمانی فەرمییە[مەبەست فارسی]، با دەوڵەت دەست لە دۆزی فێرکردنی زمانە خۆجێییەکان وەرنەدات».

بە گوێرەی هەواڵدەری مێهر، «محەمەد دەبیر موقەدەم»، ئەندامێکی دیکەی فەرهەنگستانی ئاماژەپێکراو، وێڕای ڕەتکردنەوەی پرۆژەی فێرکردنی زمانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، تەنیا توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر زمانە «خۆجێییەکان»ی بە گرنگ وەسف کرد و گوتی کە «ئەوەندە بەسە».

«فەتحوڵڵا موجتەبایی»، ئەندامێکی تری فەرهەنگستان، بابەتی «فێرکردنی زمانی زگماکی» بە پیلانێک دژ بە زمانی فارسی لەقەڵەم دا و «غوڵامعەلی حەداد عادڵ»، سەرۆکی فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسیش، زمانی فارسی وەک سەرمایەی نەتەوەیی پێناسەکرد و هۆشداری بە دەوڵەت دا کە نەکا ئەو سەرمایە نەتەوەییە بۆ سەرکەوتنی کاتی و بێ سوود سەرف بکات. دژایەتیکردنی فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی سەبارەت بە ئەگەری ڕێگەدان بە خوێندنی زمانی کوردی، تورکی و باقی زمانە نافەرمییەکانی ئێران لە کاتێکدایە کە هەر لە کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵێک بەرنامە بۆ پەرەپێدانی هەرچی زیاتری زمانی فارسی خرایە بەر باس .

بۆ نمونە فەرهەنگستان بە نیازە، چەند کاتژمێری تر لە بەرنامەی هەفتانەی خوێندکاران بە فێربوونی باشتری فارسی لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێب و نووسینی ئینشا تەرخان بکات، سەدان وشەی بە گوتەی ئەوان «بێگانە»لە ناوەڕۆکی کتێبە دەرسییەکان بسڕێتەوە و وشەی «فارسی»یان لەجێگە دابنێ و لە ڕێگەی دامەزراوەیەکی تر بەناوی «بنیادی سەعدی»یەوە پەرەی زیاتر بە فێرکردن و گەشەسەندنی زمانی فارسی لە دەرەوەی ئێران بدات. ئەو هەڵوێستەی فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی دژ بە زمانی زگماکی باقی نەتەوەکانی ناو ئێران لەکاتێکدایە کە کاربەدەستانی دەوڵەتی حەسەن ڕوحانی، لەم دواییانەدا، باسیان لە ئەگەری مۆڵەت پێدرانی سنوورداری پەروەردە و فێرکردنی زمانە زگماکییەکان دابوو. بەڵێنییەک کە سەرەڕای گونجانی لە دەستووری بنەڕەتیی ئێراندا، لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی پشتگوێ خراوە و بگرە هەر کەس ئەو خواستەی هێنابێتە سەر زمان وەک «جیاییخواز»،»نەتەوەپەرست» و هتد...ناساند. دیارە ئامانجیش لەوە کە فەرهەنگستانی ئێران کە بەکارهێنانی زمانی زگماک قەدەغە دەکات، تواندنەوەی زمانەکانی گەلانی ڕەسەنی ئێرانە بەتایبەتیش زمانەکانی کوردی و بلوچی و گیلەکی دەکەوێتە بە شاڵاوی نکۆڵی لێکردن و توانەوە. چونکە تارادەیەک ئەم دژایەتی کردنە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر زمانی نەتەوەکانی وەک عەرەب و تورکە ئازەریەکان نابێت. ئەویش سەبارەت بەوەی کە ئەو دوو نەتەوەیە خاوەنی قەوارەی سیاسی خۆیانن و لە وڵاتەکانی خۆیاندا دەمێکە زمانەکەیان بۆتە فەرمی و کاری پێدەکرێت، هەر ئەم هۆکارەشە کە دەوڵەتی ئێران زمانی فارسی دەکات بە زمانی باڵا دەست و ڕەسمی وڵات .

بارودۆخی زمانی کوردی لە کوردستانی بندەستی تورکیا و سوریا کە نزیکەی سەدەیەکە زۆر بە بەرنامە و ئەجیندای تایبەتەوە دژایەتی کراوە تارادەیەکی زۆریش ئاسمیلە کراوە، زمانی کوردی لەو دوو وڵاتە لە ڕەوشێکی تراژیدی دایە، تەنانەت هەبوونی ئەلفابیتایەکی جیاواز زیانیکی زۆری بە زمانی یەکگرتووی کوردی گەیاندووە، وای کردووە کە هاووڵاتیانی ناوچە جیاوازەکان بە زەحمەت لەیەکتر حاڵ بن. تەنانەت لەسەر ئاستی ئیلیەتی خوێنەوارو ڕۆشنبیرانیش لەیەکتر نەگەن وبەرهەمە ئەدەبی و هزرییەکانی یەکتر نەخوێننەوە، پاشەڕۆژی زمانی کوردی بەم هەموو لەهجانەوە، بەتایبەتیش هەردوو لەهجەی کرمانجی باکور و باشور، ئەگەر لە داهاتوویەکی نزیکدا کاری جددی و دڵسۆزانەی بۆ بە یەکگرتووکردنی بۆ نەکرێت و لەسەر ئاستی کەسانی شارەزاو پسپۆڕ و دوور لە دەمارگیری ناوچەگەریی چی دەبێت و بە کوێ دەگات؟

# پێڵاوی شەنگالیەکان

## پێشکەشە بە پێڵاوە مێژووییەکانی کورد



د. مەولود ئیبراهیم حەسەن

**توڕەیی پیر**

– هێ ی دنیا
تۆ ئاگاداری ،
لە هەموو جیهاندا
هیچ ژیانێک
لەژیانی نێو (کوردستان)
پڕ (باج) تر نیە؟!
هێ ی جیهان
تۆ دەزانی،
لەهەموو مێژوودا
تاجی سەری
هیچ پادشایەک
لە تاجی پێی پەتی
منداڵە شەنگالیەک
پڕ (تاج) تر نیە؟!

**نەفرۆشتن!**

ڕۆژنامەنووسێک،
ویستی
پێڵاوی دڕاوی
(پیر)ێ بکڕێ!
پیرە: نایفرۆشم.
نایفرۆشم.
تۆزێ نیشتمانی پێوەیە.
ئەمە پێڵاو نیە !
ئەمە چیای شەنگالە
لە سایەی ئەو پێڵاوەیە
میللەتێک،
بەسەر پێوەیە.

**کارگە**

کاتێ شەنگالیەکان
هەموو پێکەوە
لە پێناو مانەوە
پێڵاوی خەباتیان دڕی ،
شەنگال
بەردەکانی خۆی
هەڵوەراند
وەک دایکێکی دڵسۆز
بۆ بەرپێی
پێخواسەکان
کردی بە خۆڵێکی
نەرم و پیرۆز
هەر بەدەستی خۆشی
شریتی شۆڕشێکی نوێی
پێڵاوی تازەی بڕی.

**نەوە**

باوکێک
لە شەنگال
کوڕەکانی هەمووی،
کوژرابوون.
کچەکانی هەمووی
بردرابوون.
ئەوەی بە دەستیەوە مابوو
وێنەی
منداڵەکان و
جوتێک پێڵاوی
دڕابوون.

**میرات**

منداڵێک
لە چیای شەنگال
دایکە پیر و نەخۆشەکەی
بەرگەی کۆچ و ڕەوی
نەگرت.. مرد.
منداڵەکەش
بۆ سەبووری و
هاودەنگی
پێڵاوەکانی دایکی
ماچ کردوو
لەگەڵ خۆی برد.

**حەج**

تا ئێستا ئێزیدییەکان
کە دەچوونە حەج
لەبەر دەرگای
لالشی نورانی،
پێڵاوەکانیان
دادەکەند.
لەمەودوا
هەر لە شەنگالەوە
پێتان خواس کەن
حەجتان قبوڵە
بێ چۆن و چەند.

**کەمپ**

پێڵاوە
جیماوەکانی
چیای شەنگال
پێڵاوی
پیر و گەنج
ژن و منداڵ
کۆبوونەوە
تووڕە و توند
بە هاوار و ناڵەناڵ
: بۆ کەسێ
ئاگای لە ئێمە نیە؟
بۆ کەسێ
ئاوڕ لە ئێمە ناداتەوە؟
بۆ ڕێکخراوێ
شارێ
حکومەتێ،
کەمپێکمان بۆ ناکاتەوە؟

**مۆر**

پێڵاوێکی پیرۆز
لەگەڵ پیرێکی نوورانی
خۆیان نەدایەدەست ،
بەرەو چیای شەنگال
بەڕێ کەوتن
هەوراز و لێژ.
لە پڕ بەجووتە
درانەبەر
ڕێژنەی دەستڕێژ.
نورانی.. بریندار بوو
پێڵاو.. کونی تێکەوت.
خوێن ڕێچکەی بەست
شەنگال
سوور بوو
شەنگال ئاڵا بوو
بۆ یەکەمینجار
چیای شەنگال
بەرەو سەردەمێکی تازە
مۆری خوێناویی
ژیانێکی
نوێی پێکەوت.

**داهێنان**

لە هەڵاتندا
هەڵاتنی دەست تاریکی
لە پێناو ڕۆیشتن
لە پێناو ڕووناکی و
بەردەوامی ژیان.
منداڵە شەنگالیەک
پێڵاوەکانی
گیان لە دەست دەدەن.
منداڵە..
لە پارچەی لباد و بەن
نوێترین پێڵاوی
داهێنا،
پێڵاوێکی
پڕ لە پەیامی ژیان.

**کەمپ نەورۆز**

منداڵە شەنگالیەکە
لە کەمپی نەورۆز
دەستێکی پیرۆز
پێڵاوە لاستیکە
نوێ کەی لە پێ کرد.
–بەهەشت دەرگای
کرایەوە.
ژیان لە نوێوە
دەستی پێکرد.

**کۆچێکی تر**

لە ژێر پەردەکەی دەهۆک
منداڵێکی شەنگال
سەری بە جووتە پێڵاوەکەی
کردبوو.
خەوی لێ کەوتبوو
خەوێکی خۆش
کە دەنگی هۆڕنی
ماشینەکە
زیندووەکانی ڕاچەناند
ئەو کۆچێکی تری
کردبوو،
دەمێک بوو مرد بوو!

**مارەیی**

کچ و کوڕێکی شەنگال
یەکتریان خۆشدەویست
خۆشەویستییەکی،
پیرۆزو حەلال
لە کۆچ و ڕەو
زۆر بە دڵ و داو.
ڕێککەوتن و بڕیاریاندا
ببن بە یەک ماڵ.
مارەییان بۆ یەکتر
جووتێک پێڵاو بێت،
پێڵاو.

**هاوسەر**

دوو تاکە پێڵاو
یەکێکیان، پێڵاوی ژن
ئەوەی تریان هی پیاو
لەسەر (بیری بەهار)
لە چیای شەنگال.
گەیشتنە یەک و
ڕێککەوتن،
سەر پێکەوە نێن
بۆ ڕۆشتن
بۆ بەردەوامی ژیان
ببنەوە بە خاوەن ماڵ.

**بریندار**

پیرەک...
لە چیای شەنگال
تاکێکی پێڵاوەکەی
بریندار بوو.
بەجێی نەهێشت
هەردوو تاکی پێکەوە
خستە باخەڵی
بە پای پەتی
بە پێڵاوی بریندارەوە
بەردەوام بوو
تا ڕزگار بوو.

**توێشە**

منداڵێکی شەنگال
تاکێکی نەعلە لاستیکەکەی
پێمابوو
توند
توند
گرتبوویە مشت.
کە برسی دەبوو
پێڵاوەکەی دەجوی،
کە تینوو دەبوو
پێڵاوەکەی دەمشت.

**خەڵات**

ڕۆژنامەنووسێک
ویستی وێنەی
منداڵێکی شەنگال
بگرێ!
منداڵەکە زوو
پێڵاوەکانی داکەنی و
لەسەر سینەی خۆی دانا
دانانێکی پڕ لە مانا.
ڕۆژنامەنووس
وێنەی خۆی گرت.
دوا جار بەم وێنەیە
گەورەترین
خەڵاتی وەرگرت.

**نوێنەر**

–چی لە نەتەوە یەکگرتووەکان
دەخوازن،
چیتان بۆ بکەن؟
ئێستا ئامادەن
بارمەتیتان بدەن
گوێتان لێ بگرن.
– پیر: –پێیان بڵێ
با لەمەودوا
ڕێز لە پێڵاوی
بێ پێ بگرن.

**سەرکەوتن**

لە چیای شەنگال
فرۆکەیەک نیشتەوە
منداڵێک
منداڵێکی تەنیا باڵ
فرسەتی بەرکەوت
زوو سەرکەوت
لەو کاتەدا
تاکێکی پێڵاوەکەی
بە جێما!
مندال، بێ دوودڵی
زۆربە سەربەرزی
بە دوای تاکە پێڵاوەکەی دا
دابەزی.

**بەرد**

پێڵاوی قایش،
دڕا
پێڵاوی لاستیک،
پچڕا
–پێڵاوێکی بەرد
لە پێ دەکەم.
پێڵاوێک،
هیچ پاڵەوانێک
بە دەستی نەهێنابێ
پێڵاوێک
هیچ پادشایەک
بۆی نەکرابێ.



## هاوڕێ

کچۆلەیەک
لەگەڵ تاکە پێڵاوەکەی،
گەیشتە
کەمپێ نەورۆز.
کچە پێڵاوەکەی
گرتبووە باوەش
وەک خوشکێکی
دڵسۆز.
لەو ڕۆژەوە،
خۆشی دەوێ
ماچی دەکا
لە رووی خۆی
هەڵدەسوێ.
شەو بەیەکەوە
دەخەون
بەیانیان
لەگەڵی دەدوێ.

## پاکبوونەوە

دوو پاکیزە
لە دوای (پیس کردن!)
لە دەست (داعش)
ڕزگاریان بوو.
گەیشتنە چیای شەنگال
هاواریان کرد:
ئێزید نۆ
کورد نۆ
وەرن مە بکوژن!
داعش مەپیس کرن!!
خەڵک و چیا کەوتنە گریان
پاکیزە
بەڕێزەوە
پێڵاوەکانیان داکەند.
گوتیان! پێڵاو
بۆیان بگێڕنەوە
ئێمە چیمان بەسەرهات!
ئەمەیان گوت و
بە جووتە
خۆیان هەڵدێرا
بەرەو بەرزی
بەرەو (لوتکەی ئاوات)
پاکیزە،
بوون بە کۆتر
جووتە کۆتری
ڕوو لە ڕۆژهەڵات.

## پێڵاوێک لە گوڵ

پێڵاوەکان
زۆر منداڵ بوون
بەرگەی کۆچ ڕەویان.
نەگرت.
پێیەکان،
بچوک
بچوک
ناسک ناسک.
ڕۆیشتن
یالە و یال
باسکە و باسک.
پێیەکان بەرەبەرە
غونچەیان کرد
غونچەی (گڕێ) و (کوڵ)
غونچە پشکووتن
بوون بە
پێڵاوێک لە گوڵ.

## ڕۆبۆسکی

دایکێک،
لە شەنگال
بێ منداڵ بوو
بێ پیاو بوو.
ئەوەی لە دوا فەرمان
بۆی ڕزگارکراو
پێی مابوو
تاکێک پێڵاو بوو.
پێڵاو لە باوەش
لە رۆبۆسکی
سەرەی نانی گرتبوو
نەفەریکیان پێدا،
گوتی:
بۆمان بکەن بە دوو.

## فەرمان

لە کۆچ و رەوی
شەنگالییەکان
پێڵاوێکی
مێژوونووس.
خەریک بوو
دڵی پێڵاوێکی
گەنجی دەدایەوە.
وردە وردە
پێ بەپێ
فەرمان بە فەرمان
رابردووی
دوور دووری
بۆ دەگێڕایەوە.
گەنجی پێڵاو
سەرسام بوو
توڕە و توند هەڵسایەوە.
ئەوە چیە؟ باسی چی دەکەی،
پێڵاوی پیر؟
ئەوەی تۆ دەیڵێی،
هەر هەمان بەسەرهاتە
ڕوویانداوەو
ڕوویاندایەوە!

## هەمیشەیی

خەریکم
پێڵاوی
جێماوی
شەنگالیەکان
کۆدەکەمەوە.
وێنەی
یەکە بەیەکیان.
دەگرم.
چیرۆکی
یەک بەیەکیان
دەنووسمەوە.
لە پێشانگایەکی
هەمیشەیی
زۆر بە پیشەیی.
وێنەی
یەک بەیەکیان
پیشانی دنیا
دەدەم.
چیرۆکی،
یەک بە یەکیا
بۆ هەموو جیهان
دەگێرمەوە.
تا ئەو رۆژەی
پێم دەڵێن: هەڤاڵ
دنیات
هەمووی تێگەیی.

**کۆتایی ئابی/ 2014**
**هەولێر**

پیر: چینو پلەیەکی ئایینییە: لەئایینی ئیزەدی دا.
کەمپی نەورۆز: کەمپێکی تایبەتە بەئاوارە ئیزەدییەکان، لەرۆژئاوای کوردستان.
بیری بەهار: بیرە بەهارەیەکە، بەهاران ئاودارە لەچیای شەنگال.
پیرەک: ژن، ئافرەت، شۆڕە ژن
توێشە: ئەو خواردنەیە کە ریبوار بۆ ڕێگای دوور لەبوخچەیەکدا هەڵیدەگرێ.
رۆبۆسکی: گوندێکی سەرسنوورە لە کوردستانی باکوور، لەم ساڵانەی دواییدا، فرۆکەی ترک 36 کۆلبەری سەرسنوری لیکوشتن، لەم ئاواییەدا هەموویان پێکەوە نانیان بۆ ئاوارە شەنگالیەکان ئامادە دەکردو سێ ژەمە یەک یەک پێشکەشیان دەکرد.
**تێبینی:**
شیعری (پێڵاوی شەنگالییەکان) مامۆستای رۆژنامەنووس (خالید بەکر ئەیوب) کردوویەتە عەرەبی و برای هونەرمەند (محەمەد فەتاح) وێنەی بۆ کێشاوە ، لە داهاتوویێکی نزیکدا بە سەریەکەوە لە نامیلکەیەکدا (دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان) چاپی دەکات.

# هونەری بەدرخان
Bedirxan

**بڵاوکراوەیەکی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ**
**بەسەرپەرشتی: نیهاد جامی**

خولی سێیەم، ژمارە (١٧١)، پێنج شەممە، کانونی دووەمی ٢٠١٥/١/٢٢ زایینی - ڕێبەندانی ٢٧١٤ کوردی - ساڵی چواردەهەم


## شانۆکار



**نیهاد جامی**

# پینا پاوش: ئەفسانەکانی جەستە

بەئەفسانەکردنی جەستە چوونە نێو نهێنی شاردراوەکانی جەستەیە, لەوێدا کێشوەرێکی نوێ دەدۆزینەوە, ئەوانەی لەخەون دەچوو جەستە ئەو خەونە دێنێتە دی, ئەوە ڕزگارکردنمانە لەساتەوەختی ترس لەجەستە, ترس لە جەستە و ڕاکردن لەجەستە دوو چەمکی گرنگی تێگەیشتنە لە جەستە, ئەو کاتانەی ترسمان لەجەستەمان هەبوو, بیر لەوە دەکەینەوە لەجەستەی خۆمان ڕابکەین, دەمانەوێ ڕۆح لەجەستە بێتە دەرەوە, دەرکردنی ڕۆح لەجەستە هاواری ئێمەیە بۆ ڕزگار بوون, بۆیە چۆن ڕۆح لەتەک جەستە ئاشت دەکرێتەوە؟ ئەوە پرسیار نیە گومانێکە لەساتەوەختی ترسدا, ترس لەو ئۆرگانە چالاکەی بوونمان, کە دەمانەوێ کۆت بکرێت وبیری لێ نەکەینەوە, دامەرزاوەکانی سەرکوتکردن لەبەرامبەر هەر پرۆسەیەکی ڕۆحی بیر لەزەبروزەنگ نواندن بەرامبەر بەجەستە دەکەنەوە, جەستە ئەو ڕووبەرە حەرامەی بۆ خۆی وەک گوناهبار ودەرکراوێک لەبەهەشت وێنا دەکرێت, گوناهەکانی زمان وعەقڵیش ئەوە جەستەیە دێتەوە بەردەم سزا, کاتێک جەستە ئەو شوێنە بێت کە ماناکانی زەبروزەنگ وسەرکوتکردنەوەی لەسەر مومارەسە بکرێت, پێویستە ئەو ڕووبەر ماناکانی خۆی بدۆزێتەوە, گومانەکانی بە پرسیار بگۆڕێت, چیتر دەرفەت بە ووشە نەدات کارێک بکات کە دۆخێکی سۆفستایی زمان لەگەمەکردن بە ووشەکان ڕووبەرووی سزای بکاتەوە, سزاکەش بەرەو جەستە بڕوات, بۆیە جەستە لەو کاتەدا چۆن بەرگەی سزا دەگرێت, بەهەمان شێوەش پێویستە خۆی بیرکەرەوە بێت وهەر خۆشی قسە بکات.

بۆ ئەوەی لەجەستەوە بدوێین, ناچینەوە سەر هۆکارەکانی سەرکوتکردنی, بەڵکو ئێمە لەو جەستەیە قسە دەکەین کە جەستەیەکی ئامادەی نائامادە بووە, بۆ ئامادەبوونی جەستە دەبێت بگەڕێینەوە سەر جەستە خۆی, کە ئەفسانەی تایبەت بەخۆی هەیە, ئەو ئەفسانەیە لەکارە سەمائامێزە شانۆییەکانی پینا پاوش دەیبینین, بۆیە ئێمە بۆ قسەکردن لەئەفسانەی جەستە دەگەڕێینەوە سەر ڕوانین ونمایشەکانی ئەو خانمە شانۆکارە سەمازانە, کە لەوێوە ڕەهەندە فانتازی وئەفسانەییەکان وپرسیارەکانی جەستە وگومانەکان دەخەینە ڕوو, ئەوە وەک سەرەتایەک بۆ ئاشتکردنەوەی جەستە وخوێندنەوەی جەستە وەک ئەفسانەیەک کە ڕووبەرووی ترس و ڕاکردن بێتەوە لەخۆی.

پینا پاوش سەمازان وکیرۆگرافیکی ئەڵمانیە, لەدایکبوی 27 ی تەموزی 1940 زۆلینگنی ئەڵمانی, هەر لەسەرەتاوە خولیای سەماکردن لەلای سەر هەڵدەدات, سەما دەبێتە ئەو زمانە تایبەتمەندەی کە بتوانێ گوزارشت لەخەون وئازارو ئەندێشەکانی مرۆڤی هاوچەرخ بکات, لە 1955 کاتێک تەمەنی پانزە ساڵ دەبێت, وەک هەر کچێکی هەرزەکار بەدنیایەک خەونەوە دەڕوانێتە ژیان, هەر لەو تەمەنەوە بەرەو زانکۆی فۆلکوانژ هەنگاو دەنێت, تاوەکو فێری سەرەتاکانی سەماکردن وئاشنابوون بەم هونەرە ببێت, لەوێوە سەمازان وکیریۆگۆرافی ناسراو کۆرت یووس سەرپەرشتی خوێندکارانی سەما دەکات, بۆیە لەسەرەتاوە لەژێر کاریگەری ئەم هونەرمەندەوە دەست بەسەماکردن دەکات, تا ساڵانێکی زۆر ئەو کاریگەریە بەسەر کارەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە.

کاتێک خوێندنی زانکۆی تەواو دەکات, بڕیار دەدات دەست بکات بەسەفەرکردن, بۆیە لە 1960 ڕووەو نیۆرک دەڕوات بەرەو خوێندنگای گۆلیارد, ئاشنایەتی لەتەک کۆمەڵە سەمازانێکی بەتواناو ناودار پەیدا دەکات, ئەوانیش بریتین لە «پۆل تایلۆر ولیمۆن خۆسیە وئەنتۆنی تیۆدۆر, بۆیە شەستەکان بۆ ئەو دەبێتە کارکردنی وەک سەمازانێکی پیشەگەر.

لە 1972 دەکرێت بە بەڕێوبەری هونەری تیپی باڵێی ئۆپیرایی فۆبرتاڵ, بەهۆی شارەزایی وتوانا ئەفرێنەرەکانی لەبواری سەمادا, ناوی شانۆکە دەگۆڕدرێت بە (شانۆی فۆبرتاڵی پینا پاوش بۆ سەما).

لە 1975 لەدوو هەوڵی بوێرانەدا دەست دەبات بۆ نووسین وکیرۆگرافکردنی ئۆرفیۆس ویۆریدیس, ئەوە پاوش دەکاتە ناوێکی گرنگی ئەم هونەرە, قووڵ بوونەوەی لەتەک جەستە, ڕوانینی بۆ جەستە وەک زمانێکی سەربەخۆ وتیۆریی تایبەت دەخوێنێتەوە, بۆیە دەبینین کارکردنی ئەو خاڵی نیە, لەتیۆرە جەستەییەکانی شانۆ, تەنانەت لەهەندێک ڕوودا لەگەڵ گرۆتۆفسکی یەکدەگرێتەوە,

یەکەم سەفەری پاوش لەگەڵ شانۆی فۆبرتاڵ ساڵی1979 بوو, ئەو کاتەی پەیمانگای گۆتە بانگهێشتی کردن بۆ باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا, بەدوای ئەوە گەشتەکانیان بەرەو ئیتاڵیاو برازیل وئەمریکا وپورتوگاڵ وتورکیاو کۆریا وفەرەنسا وشیلی وهیند درێژە پێدا, ئەو سەفەرانەش گەشت بووە بەناو کولتورەکاندا, لەوڕێگایەوەش توانیویەتی کۆمەڵێک خەڵات وەدەست بێنێت گرنگترینیان: بیسی لە نیۆرک 1984, سەمای ئەڵمانی لە بەرلین1997, دەمامکی ئاڵتونی مۆسکۆ 2005, ڕۆژی 25 ی حوزەیرانی 2009 پزیشکەکان دەست نیشانی نەخۆشیەکەی دەکەن, کە تووشی شێرپەنجەی گەدە هاتووە, تەنیا پێنج ڕۆژیتر دەژییێت و لە 30 حوزەیران لە فویرتاڵی باکوری ڕاین وستزالیا لەتەمەنی 69 سالیدا ماڵئاوایی لەژیان دەکات

# جوانەکەی ژیانی فیللینی مرد

**ئەیوب ڕەحیمی**



کارەکتەری فیلمێکی ناسراوی فیللینی دەمرێت هیچص سەروەت وداهاتێکیش بەدوای خۆی بەجێ ناهێڵیت ژنە ئەکتەری سینەمایی ئانیتا ئیکبێرگ کە بە فیلمەکەی فیللینی ناسرا بەناوی (ژیان جوانە) لەتەمەنی 83 ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد، ڕەخنەگرانی سینەما لەو کاتەوەی ئەو ژنە سویدیە وەک ئەکتەر بەشداری لەسینەما کرد وەک هێمای جوانی سینەما ناویان دەبرد، بەتایبەت ئەو دەمەی لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە فیلمی (ژیان جوانە) توانی جوانی و شیعریەتی فیللینی بە بۆچوونی ئەوان بگەیەنێتە پلەی باڵای جوانی.

ئیکبێرگ لەدایک بووی 1931 بەدوای ئەوەی لەتەمەنی بیست ساڵی وەک شاجوانی سوید دەست ینشان کرا، بەرەو ئەمریکا سەفەری کرد، بەهۆی ناسینی وەک شاجوانی سوید خێرا کاری دەستکەوت لە کۆمپانیایەکی ئەمریکی کە ەوانیش داوایان لێکرد سەفەر بکات بۆ ئیتاڵیا کە لەوێ فیدیریکۆ فیللینی دەناسێت، لەو ڕۆژگارە ئەو ئەکتەرە سویدیە وەک کارەکتەری سەرەکی چیرۆکی خۆشەویستی ناو دەردەکات، ئەو جگە لە فیلمی (ژیان جوانە) لە دوو فیلمی کۆمیدیش بەشداری دەکات ئەوانیش (پشوویەک لە پاریس) 1957 (ناوم بوانایە) 1963، ئەوە جگە لەبەششداریکردنی لەچەندین فیلمیتر لەوانە (کۆڵانی خوێن) 1955 (شەڕو ئاشتی) 1956.

هەرچەندە سەرکەوتن وناوبانگی درێژ نابێتەوە، بۆیە کۆتایی حەفتاکان ئاوابوونی ناوی ئەو ئەستێرەی جوانیەی سینەمایە، هەرچەندە لەچەند فیلمێکی ئەورووپی بەشداری دەکات، بەلام بەهۆی دەرنەکەوتنی فیلمەکان لەئاستی جەماوەریی و ڕەخنەییەوە، بۆیە ئەویش هەست بەوە دەکات کە ناوی ئەو بریتیە لەچەند فیلمیک، کە دیارترینیان لەسەر دەستی فیللینیە، بۆیە کە هەواڵی مردنی بلاو دەبێتەوە هیچ داهاتێک وسەروەتێکی دارایی لەدوای خۆی بەجێ ناهێڵیت.

# سێڵفی

**ئا: دیاری فەرەیدون**

ساڵی ٢٠١٤ هەرچەندە ساڵێکی ناخۆش و پڕ لە نەهامەتی بۆ جیهان بەتایبەتی بۆ کوردستان و گەلی کورد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین داهێنان هاتە کایەوە لە بوارە جیاوازەکانی تەکنەلۆژیا و ئەندازیاری و پزیشکی و... هتد، ئەوەی پلەی سەرەکی بەدەست هێنا لە ساڵی (٢٠١٤) وێنەگرتنی (سێڵفی) بوو هەموو جیهان سەرقاڵبون پێوەی لە هەموو بوارەکانی ڕاگەیاندن ببوە جێگەی باس و خواستی کەناڵەکان.

ئەوەی پێوستە قسەی لەسەر بکرێت ئەوەیە (سێڵفی) مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ (١٦٤) ساڵ لەمەوبەر.

یەکەم وێنەی سلێفی ئەگەڕێتەوە بۆ وێنەگری سویدی (ئۆسکار ریلاندر) ساڵی (١٨٥٠) زیاد لە (٧٠) وێنەی سێڵفی گرتوە یەکەم وێنەی بە (هەزار) کرۆنی سویدی فرۆشرا.



ئۆسکار ریلادر

باکۆ سۆرانی کوبانی بردە هۆڵەندا

# شانۆکارێکی کورد لەهۆڵەندا نمایشێکی شانۆیی لەبارەی کوبانی نمایش دەکات



**پەیامنێری بەدرخان**

گروپی شانۆی بێسنور لەووڵاتی هۆڵەندا پرۆژەیەکی شانۆیی بەئەنجامدا بەناوی (خەندەکان وەک یەک وان) لە لێدوانێکی تایبەت بە هونەری بەدرخان باکۆ سۆرانی لەبارەی چیرۆکی شانۆگەریەکەوە باس لەوە دەکات کە نمایشەکە لەبارەی منداڵێکی کۆبانیە کە پەڕتووکەکانی سووتاوون و بێ پەڕتووکە، بۆیە دەست ئەکات بە گەڕان بە کۆڵانەکان تالە لاپەڕە بەجێماوەکان کۆدەکاتە وە پەرتووکێکی نوێ درووست دەکات، لەپاڵ ئەو چیرۆکەدا نمایشەکە باس لە منداڵێکی هۆڵندی دەکات کە بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە قژی نەماوە و کەچەڵ بووە، بەڵام ئەم منداڵە بە دووی کۆمەکدا ئەگەڕێ و قژ کۆئەکاتەوە و پاشان قژێکی نوێ درووست دەکات بۆ خۆی، ئەم دوو منداڵە دواتر یەکتری ئە بینن، پێکەوە بڕیاری ئەوە ئەدەن بۆ چەند کاتێک بیر لە خەم نەکەنە، بەڵکو پێکەوە پێبکەنن بۆ شتە جوانەکانی ژیان.

نمایشەکەش لەبەرجەستە کردنی هەردوو شانۆکار باکۆ سۆرانی وکچە ئەکتەری سورنانی جەنتڵ مارتن بوو، لەبارەی کارەکەوە باکۆ سۆرانی لە پەیوەندیەکی تایبەت دەڵێت "ئێمە ویستومانە لە ڕێگەی چالاکی کولتوری منداڵان ئاشنا بکەین بە هەست و سۆزی منداڵانی کورد ،هاوکات بە بینەران ڕابگەیێنین کە ئێمە هەموو شتەکانی دەووروبەرمان خۆش ئەوێ" سۆرانی باس لەوەش دەکات کە ئەوان ڕازین بەوەی هەیانە، باس لەچەمکی بوون دەکات وەک ئەوەی ئەگەر نەتبوو پێویستە ئەوەت خۆش بوێت کە هەتە، لەو بارەیە ئاماژە بۆ ناوەرۆکی نمایشەکە دەکات، کە منداڵە کوردەکە پەرتووکێکی کاملی نیە، بەڵام ئەوەی خۆش ئەوێ کە هەیەتی.

هەرچی لەبارەی بەرجەستەکردنی کارەکەیە ئەوە دەخاتە ڕوو کە سوودیان لەشێوازی شانۆی بانتۆمایم بۆ چەمکی گێڕانەوە بینیووە، لەپاڵ ئەوەدا نمایشەکە دوور لەتەکنەلۆژیای هاوچەرخ بەرجەستە دەکرێت، بۆ ئەوەی وەک سۆرانی دەڵێت "هەوڵماندابوو بگەڕێینەوە بۆ ساتێک کە سیمای دێرین و تام و چێژی سەردەمانی کۆن بگەڕێنینەوە بۆ ئەم سەردەمە"

# ژیانی سیمیۆن دی بۆفۆار دەکرێت بە فیلمێکی سینەمایی

**مەسعود قادر**

چیرۆکی ژیانی ژنە نوسەرو خەباتگێرێکی فەرەنسی دەکرێت بە فیلمێکی سینەمایی، دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش پێشوازیەکی بێ وێنە لەفیلمەکە دەکەن.

لەیادکردنەوەی 106 مین ساڵی لەدایکبوونی ژنە فێمێنیستی ناسراوی فەرەنسی سیمۆن دی بۆفوار فیلمێکی سینەمایی لەبارەی ژیانی ئەو ژنە نووسەرەو خەباتگێڕە بەرهەم دەهێنرێت، ئەو پێشوازیەش بەتەنها لەبەر ئەوە نیە کە یەکەمجارە فیلمێکی سینەمایی لەبارەی ژیانی درووست بکرێت، چونکە ئەو پێشتر سێ فیلمی تەلەفزیۆنی لەسەر چیرۆکی ژیانی درووست کراوە، بەڵکو هەمیشە نهێنیەکانی ئەو ژنە نووسەرە چیرۆکی سەرنج ڕاکێشی بزووتنەوە فێمێنیستی وکۆمەڵگای خۆرئاواییە، بەتایبەت لەچیرۆکی ژیانی لەگەڵ فەیلەسووفی وجودی ژان پۆل سارتەر.

بۆیە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی فەرەنسا پێشوازیەکی بێوێنەیان لەگەڵ بیرۆکەی ئەم فیلمەدا کردووەو چاوەڕوان دەکەن لەم ساڵە نوێیەدا فیلمەکە ڕۆشنایی ببینێت، بەتایبەت بەدوای ئەوەی ساڵی ڕابردوو دەست کرا بەوێنە گرتنی یەکەمین گرتەکانی فیلمەکە.



تیۆر



**دڵشاد مستەفا**

(١--٢)

# ئاستەنگییە تیۆرییەکان

هەر ڕوانینێکی سانا بۆ مێژووی هونەری شانۆ و گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی لەوە دڵنیامان دەکات کە ئەو دیاردە ژیارییە مەزنە بە پاڵپشتی تیۆرێکی تۆکمە برەوی سەند . ڕاستە سەرەتا وەک کردەیەکی ترادشناڵ وبەشێک لە سروتە ئاینییەکانی ئەو ڕۆژگارەی ژیان دەرکەوت پاشتر وەک هونەرێکی بەرجەستە لە نێوان هونەرەکانی تردا هاتە ئاراوە وەلێ دواتر ئەوەی شانۆ بەو ئاستە دەگەیێنێت کاری وردی بیۆتیکا (هونەری شیعر) ی ئەرستۆ یە .

ئەرستۆ دراما تیرۆزەدەکات و قاڵبێک کە لە ئەزموونەکانی مەزنە نوسەرانی شانۆی گریکەوە دەیخوازێت بۆ دراما دادەڕێژێت و ئیدی لەو ڕۆژگارەوە دراما بەو تێۆرەوە دەناسرێتەوە.

ئەو دۆخە مێژوییە ئەوە دەسەلمێنێت کە هەر بزاوتێکی هونەری چەند لە ڕێچکە پراکتیکییەکەیدا باڵا بێت و بگاتە بەرزترین ئاستەکانی خۆی، بەبێ تیرۆزەکردنێکی دروست ئاستەمە بتوانێت ببێتە بەشێک لەمێژووی ئەو کایەیەی کاری تێدا دەکات . ئەو گریمانە لە دۆخی بزوتنەوە شانۆییەکەی کورددا بە ئاشکرا دەسەلمێت و پێویستی بە بەڵگەی زۆر و زەوەند نییە .

هەڵبەتە تەمەنی بزوتنەوە شانۆییەکەی باشوری کوردستان بە دروستی لە سەدەیەک دەگوزەرێ بەڵام گەلێک لەوە نادیارترە کە هەر توێژەرێک بێت و بتوانێت کار لەسەر چەمکێک لە چەمکەکانی بکات . ئەو ئاستەنگیانەی دێنە بەردەم هەر کردەیەکی تێۆری لە ساتی ڕاڤەکردنی ئەو دیاردەیەدا گەلێک زۆرن . ڕاستە هەندێک کاری بیبلۆگرافیانە لەسەر نمایشەکان کراون و ساڵ و شوێنی نمایشەکان و ناوی بەرهەم و دەرهێنەر و تا ئەکتەرەکانیش تۆمارکراون کە ئەو ئەرشیفکردنە شایستەی پێزانینە ، بەڵام ئەوەی لەو نێوەندەدا ونە سروشتی نمایش و ئەو خوێندنەوە ڕەخنەییەیە کە دەتوانێت بەشداری بکات لە وێناکردنی ستایلی کارەکان و میتۆد و تەواوی پێکهاتەکانی نمایش و پەیام و گوتارەکانی . وردتر هەمو ئەو ڕەگەزانە نادیارن کە دەتوانن کۆدەکانی نمایش و کاریگەییەکانی پێ بخوێنرێتەوەو ئەو سەردەمەشی پێبهێنرێتە گۆ کە نمایشەکانی تێدا بەرهەم هاتوون.

ئەو فینۆمینە هەر لەسەرەتاکانی پەیدابوونییەوە ئەو قەیرانەی لەگەڵ خۆی هێناو بەردەوامیشی دایە. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی پانتاییەکە لەوەخاڵی تر بێت کە خوێندنەوەیەکی دروست بتوانێ تێیدا هەڵبکات و ئیدی دەیە لەدوای دەیە گوتاری نالۆژیکی و ناونانی نادروست دەبووە ئەڵتەرناتیفی ئەو کارەی دەبوو تیرۆزەکردن لە ئەستۆی بگرێت .

ئەوەی بەر لە قۆنای هەشتاکانی سەدەی رابردوو بەرهامهات وەک کردەی پراکتیک ڕەنگە لێوانلێو بووبێت لە جوانی ، بەڵام کامە توێژینەوە ، کام گوتاری ڕەخنەیی ، کام خوێندنەوەیە دەتوانێ ئەو گریمانە بسەلمێنێ .هەڵبەت نەبوونی ئەوانە ئاستەنگییەکی مەزنی تێۆری لەبەردەم هەر هەوڵێکی ڕاڤەکاریدا دەخولێنێ ، چونکە ئەو دۆخە بە گێڕانەوەی حکایەتە جۆراو جۆرەکان ناپێورێت و هەر هەوڵێک لە پای پشکنینیدا تا ڕادەیەکی زۆر جگە لە گومڕا بوون هیچی دی ناچنێتەوە .

شانۆ سەگزوشتەیەکی لامسەلایی نییە تا بەتەنها بە تۆمارکردنی لەیادەوەری کەسەکاندا ببێتە کەرەستەی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی دروست ، بەڵکو ئەو هونەرێکە لەسەر بینایی کاردەکات و بێ هاتنە دی ئەو دۆخی بینینە هەموو قسەکردنێک دەربارەی هیج نییە جگە لە خۆخەریککردن بە کایەیەکی بەتاڵەوە .

هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە دەشێت بە پڕ مشتومڕترین قۆناغ لە مێژووی بزووتنەوەی شانۆیی باشوری کوردستان ئەژمار بکرێت بەسەر دوو قۆناغی جیاوازدا دابەش دەبێت کە من بە قۆناغەکانی بەر لە سەرهەڵدانی ئەزموونگەی و دوای سەرهەڵدانی ئەزموونگەری دەیانناسم .

قۆنای بەر لە ئەزموونگەری ، سەردەمی گەشەسەندنی گوتاری ناسیۆنالیستیانەی شانۆیە کە هاوتەریبی هەمان دۆخە لە دنیای سیاسەت و ئەدەبدا ، سەردەمێکە هەموو شت لە نێو بۆتەی گووتاری مانەوەدا دەتوێتەوە و وەک جۆرێک لەرەنگدانەوەی ڕەوشی ژیان بەردەوام دەبێت .

هەڵبەتە ئەو سەردەمە لەسەر زاری خولقێنەران و بەشدارانی بە قۆناغی زێڕینی شانۆی باشوری کوردستان ناودەبرێت و لەلای نەیارەکانیشی ئەو ناولێنانە زیادەڕۆییەکی نادروستە.

لەگەڵ ئەوەی دیالۆگی ساغبوونەوەی دروستی و نادروستی ئەو ناوزەدکردنە لە زۆر شوێن و بۆنەدا درێژەی هەبوو ، بەڵام هیچ لایەک لە یار و نەیار تیرۆزەی ئەودۆخەیان نەکردو بە تەنها وەک گفتۆگۆی زاری مایەوە و ئێستاشی لەگەڵ بێت هەردوو لا سوورن لەسەر ڕاکانی خۆیان وەلێ گفتوگۆکانیان ئەو گەرم و گوڕییەی سەرەتای نەماوە .

هاتنەکایەی نەوەیەکی جیاواز لەتەمەن و بیرکردنەوە و ئەزموون لە هەشتاکانی سەدەی رابردودا هێدی هێدی ئەو بەستەڵەکەی تواندەوە وەلێ هەوڵەکانی ئەوان کەوتە بەر هێرشێکی گەورەو تاڕادەیەکی زۆر تۆمەتی لەبنەوەڕا لەبەینبردنی ئەوەی بنیاتنراوەیان بەرەوڕوو کرایەوە . ئەو نەوەیە بەپاڵپشتی ئەکادیمی بوون و زەینێکی ڕۆشنتر و پاراو بە تیۆر توانیان عەرشی ئەو بێدەنگییە بلەرزێنن کە لەدەوری ئەو دیاردەیە بنیاتنرابوو. ڕونتر هاتنە کایەی ئەزموونگەری بە خۆی و هەموو ئەو ڕاڤەکارییە تیۆریانەی لەگەڵ خۆی هێنا ئەو دیوارەی لەبەین برد کە ئەزموونەکانی پێشتر لەسێبەریدا پشویان دەدا.

# شارلی ئیبدۆ .. ئازادی ڕادەربڕین یان وروژاندنی دەمارگیریی!؟



هەندرێن خۆشناو

هەفتەنامەی (شارلی ئیبدۆ)ی فەرەنسایی دوای ئەو هێرشە تیرۆریستیەی 7ی یەنایەر ناوبانگی دەرکرد، کە ژمارەی قوربانیانی گەیشتە 12 کەس، پێنجیان سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کاریکاتێریست بوون. پێشەکی من وەکو ڕۆژنامەنووسێک و کاریکاتێریستێکی کورد سەرزەنشتی ئەو هێرشە دەکەم و لەگەڵیدا نیم، کە نەدەبوایە کاریکاتێر و نووسین بە گوللە وەڵام بدرێتەوە، قەت لەگەڵ ئەوەدا نیم کە نووسەرێک یان هونەرمەندێک لەسەر بەرهەمێکی بکوژرێت یان زیندانی بکرێت، بەڵام پێم باشە لێرەدا بە کورتی باس لەو هەفتەنامە گاڵتەجاڕییە فەرەنساییە بکەم، کە بە پلەی یەکەم بۆخۆی بووە هۆکاری ئەو هێرشە و بە کوشتدانی ئەو کاریکاتێریستانە، بە پێی یاساش هاندەری کوشتن وەک بکوژ وایە.

هەفتەنامەی شارلی ئیبدۆ، کە ناوەکەی لە ناوی ئەو شەقامە وەرگرتووە کە بارەگای هەفتەنامەکەی لێبووە، ئیبدۆش بەمانای هەفتانە دێت، واتە (شارلی هەفتانە)، هەفتەنامەیەکی گاڵتەجاڕی کاریکاتێرییە، بە ستایلی داشۆرانێکی قێزەونی ئابڕوبەری ئاست نزم دەناسرێت لە بواری ڕۆژنامەگەریی فەرەنسایی، خۆی لەسەر باڵی چەپڕەوە ڕادیکاڵەکان ناساندووە، لە ساڵی 1960 دامەزراوە بەناوی (هاراکیری)، لەو ساڵەوە چەندین سەرنووسەری گۆڕاوە و وازیهێناوە و ئەوەی ئەم دواییەش لە هێرشەکە کوژراوە. لەوەتەی دامەزراندنیەوە چەندین جار لەسەر بڕیاری حکومەتی فەرەنسا ئەم هەفتەنامەیە داخراوە و سزادراوە و قەرەبووی خەڵکی پێژمێردراوە، بەهۆی ئەو ستایلە ئابڕوبەرە ئاست نزمەیەوە، هەروەها چەندین جاریش بەهۆی بێ پارەیی و کەمفرۆشی هەفتەنامەکە ڕاگیراوە، زۆرجار ئەو سەرمایەدارانەی کە هاوکاری ئەم هەفتەنامەیان کردووە، بەهۆی ئەو گرفت و ئاژاوە و کێشانەی کە هەفتەنامەکە ناویەتەوە، وازیان لە هاوکاریکردنی هێناوە، تەنانەت بەمدواییە داوای کۆکردنەوەی کۆمەکیان لە خەڵکی دەکرد، بۆ بەردەوامبوون لە دەرچوواندنی هەفتەنامەکە!.

لە ساڵانی 1961 – 1969 (هارا کیری) سزادراوە و قەدەغەکراوە لە دەرچوون، لە ساڵی 1970 بەناوی (شارلی ئیبدۆ) دووبارە دەرچوویەوە، لەم ماوەیەشدا بەهۆی بەردەوامبوون لەسەر پەیڕەو و شێوازی کارکردنی خۆیان، چەندین جار سکاڵای یاساییان لەسەر تۆمارکراوە، بە تاوانی ناوزڕاندن و زمان پیسیی و ئاژاوەگێڕیی و هاندانی دەمارگیریی و ئابڕوبردن و سووککردنی کەس و کەمینە و ئایینە ئاسمانیەکان، لە ساڵانی 1981- 1992 یش بەهەمان شێوە چەندین جار داخراوە و سزادراوە، تەنها لە سکاڵایەکی یاسایی 90 هەزار یۆرۆ سزادراوە بەهۆی پێشێلکردنی چەندین بەندی دەستوریی فەرەنسا (کە بە وڵاتی ئازادییەکان ناسراوە)، کە چل ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ و کەمینەکان لە دژی ئەو هەفتەنامەیە تۆماریان کردبوو کە موسڵمان و کریستیان و جولەکەشیان تێدابوو، هەر بۆیە ئەو هەفتەنامەیە لەژێر بارێکی خراپی دارایی دەیناڵاند، هەفتەنامەکەش بەو جۆرە نەدەفرۆشرا و خوێنەری نەبوو، ئەوەی کە جێگەی سەرنج و هەڵوەستەکردن و پرسیارە، ئەوەیە کە ئەم هەفتەنامەیە لە ساڵانی 2000 ەوە دەستیکردووە بە گاڵتەپێکردن و ناوزڕاندن و ریسواکردنی ئایینە ئاسمانیەکان (ئیسلام، کریستیان، جو) بە پلەی یەکیش ئایینی ئیسلام، تا ئەو ڕادەیەی کە کاریکاتێر لەسەر پێغەمبەران موحەمەد و عیسا و موسا و فریشتەکان، و تەنانەت لەسەر خودی خودای گەورەش بڵاوکردۆتەوە، بە شێوازێکی زۆر شەرمەزارانەی و ئابڕوبەر، کە بە ڕووتی و لە باری نەویستراو ئەو کەسایەتیە پیرۆزانەیان وێناکردووە، کەچی ئەم هەفتەنامەیە بە کاریکاتێریکیش بەلای بت و پەیکەرپەرست و گاپەرست و ئاگرپەرست و شەیتان پەرستاندا نەچووە!. ئەوەی کە شارەزایانی بواری ڕۆژنامەگەریی فەرەنسایی باسیان لێوەکردووە، ئەوەیە کە ئەو هەفتەنامەیە بۆ ناوبانگی پەیداکردن و زیادکردنی ئاستی فرۆشتنی و چاکردنی باری داراییان ئەو کارەیان کردووە و دەیکەن، چونکە بە ئەنقەست بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەیان، خەڵکانی موسڵمان و کریستیان و جوی هاوڵاتی و دانیشتوانی فەرەنسا و دەرەوەی فەرەنساش دەوروژێنن و هانیاندەدەن و کاردانەوەیان دەبێت، جا بە سکاڵا تۆمارکردن بێت یان خۆپیشاندان بێت یان توندتر بە هێرشی چەکداری بێت، وەک ئەوەی ئەمدواییە، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش باسیان لێوەدەکرێت و ڕێکلامێکی بەخۆڕاییان بۆ دەکرێت، خەڵکیش دەیەوێت بزانێت ئەم کاردانەوانە بۆ چیە و هۆی ئەو ئاژاوە و گرفتانە چین، لەم حاڵەتەشدا فرۆشی هەفتەنامەکەیان زیاد دەکات، کە بەمدواییەش ئەم هەوڵەیان زۆر سەرکەوتووبوو، فرۆشتنی هەفتەنامەکە گەیشتە ملیۆنێک و دووسەد هەزار دانە، کە ئاستی فرۆشتنی ئاساییان نەدەگەیشتە 30 هەزار دانە لە وڵاتێکی وەک فەرەنسای 70 ملیۆن کەسی، هەروەها سەرۆکی فەرنساش یەک ملیۆن یۆرۆی بەخشیە ئەو هەفتەنامەیە!. لێکدانەوەیەکی دیکەش هەیە کە ئەم هەفتەنامەیە سیاسەتی شاراوەی حزب و گروپی سیاسی ڕەگەزپەرست و توندڕەو و ڕاستڕەوی ڕادیکاڵ و ئیتنی جیبەجێدەکەن، بۆ دژایەتیکردنی پەیڕەوکارانی ئەم سێ ئایینە لە فەرەنسا و لە ئەوروپا بە گشتی، لە کاتێکیشدا کە هەفتەنامەکە بۆخۆی جاڕی ئەوە لێدەدات کە سەر بە چەپڕەوی ڕادیکاڵە!.

ئەوەی کە ئاشکراشە هونەری کاریکاتێر (کاریکاتۆر) و نووسینی ڕەخنەئامێزی گاڵتەجاڕیی (النقد الساخر)، بە تایبەتی کاریکاتێر (کارتۆن) هونەرێکە بە ئەڵقەی بەستنەوەی هونەری شێوەکاریی و ڕۆژنامەوانیی دەژمێردرێت، و هونەرێکی زیندووی ڕەخنەئامێزە، بۆ وەدەرخستن و خستنەڕووی دیاردە دزێوەکانی نێوکۆمەڵگە و شەرمەزارکردنی کەسایەتیە گەندەڵ و نەخوازراوەکانی نێو بوارە جیاجیاکانی سیاسی و ئابوری و ئیداری و کۆمەڵایەتیە، ئامانجیش لەمەدا بنبڕکردنی ئەو کەموکوڕیانە و پێشخستنی کۆمەڵگەیە، نەک نانەوەی ئاژاوە و وروژاندنی دەمارگیریی و بوونە هۆی کوشتن و بەکەم تەماشاکردنی خەڵک و بیروڕای خەڵک و ئایینی خەڵک، کە ئەمانەش قەت نابنە هۆی پێشخستنی کۆمەڵگە و بەهیچ شێوەیەک کار و ئامانجی هونەری کاریکاتێر نین و نەبوون، ئەدی دەبێت هەفتەنامەیەکی وەک (شارلی ئیبدۆ) بۆ ئەمە بکات !؟



# ڕوانینێک بۆ حەیران

حەسەن جودی



حەیران شێوازێکی ڕەسەنی هونەری سترانبێژی میللییە و بەشێکی دەوڵەمەندی کەلەپووری کوردییە. سروشت و پێکهاتەی هونەری حەیران تایبەتمەندی جیاوازی پێداوە و لەهونەرە میللییەکانی دیکەی جوداکردۆتەوە و هەر ئەو تایبەتمەندییانەشی وایکردووە کە بەنەمری و زیندوویی بمێنێتەوە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ وەک یەکێک لە جۆشدارترین هونەری میللی کوردی چەشە و چێژی تایبەتی خۆی هەیە.

شارەزایانی حەیران بەگشتی دەقی حەیران بە پەخشانە شیعر، یان شێوازێکی تایبەتی شیعری ئازاد لەقەڵەمی دەدەن و لە ڕووی سەرواشەوە سێ سەروای خۆی هەیە کە بریتییە لە: سەربەند، ناوبەند و دوابەند. ئەمەش لەڕووی دەقەوە حەیران لە لاوک و بەیت و بەستە و سیاچەمانە و هۆرە و جۆرەکانی دیکەی سترانبێژی جودای دەکاتەوە. شارەزایانی بواری مۆزیکی کوردیش ئەوەیان دەستنیشان کردووە کە حەیران زیاتر لەسەر پەیژەی مەقامی بەیات دەگووترێت و زۆر کەم بە پەیژەی مەقامی دیکەی دەچڕدرێت. کە ئەمەش نەک هەر حەیرانی سنووردار کردووە، بەڵکو وایکردووە لەهەموو جۆرەکانی دیکەی سترانبێژی و دەنگبێژی جودا ببێتەوە و لەهیچ شتێکی دیکە نەچێت. هەروەها حەیرانیش وەک هەر ژانرێکی دیکەی سترانبێژی دەکرێ بە نۆتەش بنووسرێتەوە و بخوێنرێتەوە.

باسوخواسی سەرەکی حەیران دەربڕینی ڕاز و نیاز و هیوا و حەسرەتەکانی نێوان کوڕەتیمە حەیران و کچەتیمە حەیرانە، یان بڵێین گێڕانەوەی کورتە چیرۆکێک یان هەڵوێستەیەک یان گفتوگۆیەکی نێوان کوڕەتیمە حەیران و کچەتیمە حەیرانە کە ئەڤینداری یەکترن و بەهۆی دووری نێوانیانەوە یان بەهۆی بەربەستی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە ناتوانن بەیەک بگەن و بە مرازی دڵی خۆیان بگەن. زۆر کەم لەحەیرانەکان چیرۆکێکی درێژ لەخۆوە دەگرن. هەروەها سەرجەم بەندی حەیرانەکان یان لەسەر زمانی کچەتیمە حەیرانە یان کوڕەتیمە حەیرانە، یان لەنێو خودی حەیرانەکەدا گفتوگۆی نێوان هەردووکیان بەیەکەوە هەیە. واتا حەیرانبێژ چ ژن بێت یان پیاو، یان ڕوو لە کەسە حەیرانبووەکەی خۆی دەکات و حەسرەت و داواکانی خۆی بۆ باس دەکات، یان ڕوو لە گوێگرانی خۆی دەکات و باس لە حەیرانبووەکەی خۆی دەکات. واتا حەیرانبێژ بەردەوام یان بە ڕاناوی (ئەمن) چیرۆک و بەسەرهاتی ساتێکی خۆی لەگەڵ ئەڤیندارەکەی دەگێڕێتەوە، یاخود بە ڕاناوی (ئەتۆ) ڕوو لە کەسە حەیرانبووەکەی دەکات. بۆیە حەیرانبێژان زۆر کەم لە حەیرانەکانیاندا چیرۆک و باسوخواسی کەسێکی دیکە دەگێڕنەوە. زۆر کەم لە حەیرانەکاندا باسوخواسی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی تێدا ڕەنگیداوەتەوە. مخابن ماوەیەکە چەند حەیرانبێژێک لەچوارچێوەی ئەقڵییەت و بەرنامەی ڕەوتی ئیسلامی سیاسیدا، هەوڵدەدرێت حەیران لە جەوهەر و ناوەڕۆکی ڕاستەقینە و ڕۆمانسیانەی خۆی دووربخرێتەوە و باسوخواسە ئایینیەکانی تێوەدەئاخنرێت و بە فۆرم و ئاوازی حەیران ڕووپۆش دەکرێت. ئەمەش جۆرێکە لە شێواندنی کەلەپووری ڕەسەنی نەتەوەیەک بەگشتی و حەیران بەتایبەتی. ئەگەرنا هەموو ئایین و ئایینزایەک بەگوێرەی هزر و ڕامانی خۆی ئاواز و هونەری تایبەت بەخۆیشی هەیە و چ پێویست دەکات هانا وەبەر شێواندنی بەشێک لە کەلەپوورێکی ڕەسەنی وەکو حەیران ببرێت؟

بەڵام حەیران لەڕووی زمانی دەربڕینەوە؛ بە شێوەزارێکی زۆر سادە و ساکاری ئەو هەرێمەی کە لێی لەدایک دەبێت دەردەبڕدرێت و بە ئاوازێکی زۆر ناسک لەقوڕگی حەیرانبێژەوە چریکەی دێت و کاریگەری خۆی لەسەر گوێگرانی خۆی دەکات. دەکرێ ئەو ڕاستییە گرنگە بخەینەڕوو کە؛ شوێنی سەرهەڵدانی حەیران گوند و لادێکانە و تایبەتە بە چین و توێژەکانی ژێرەوەی کۆمەڵگا و هونەری خەڵکی جووتیار و سەپان و باخەوان و هەژارە و هیچ پەیوەندی بە چینی سەرەوە و باڵادەستی کۆمەڵگاوە نییە و بەهیچ شێوەیەکیش گوزارشت لە ڕاز و نیازی کوڕە دەرەبەگ و ئاغا و میرەوە ناکات. بەڵام ئەگەر لە مەجلیسی کۆشک و دیوەخانی بەگ و ئاغایانیش دەگووترێت، ئەوا سەرچاوەکەی بۆ کاریگەری و ئاستی هونەری حەیران و حەیرانبێژان دەگەڕێتەوە. بەپێچەوانەی ئەو بۆچوون و ڕایەی کە سەرچاوەی بەشێکی حەیران دەگەڕێننەوە بۆ ناو مەجلیسی کۆشک و دیوەخانانی بەگ و ئاغایان. ئەگەر ئەو بۆچوونە لە ڕاستییەوە نزیک بووایە ئەوا ناوەڕۆک و باسوخواسی حەیرانیش لەسادەیی و مراز و ڕاز و حەسرەتی ئەڤیندارانەی کارەکتەری کوڕەتیمە حەیران و کچەتیمە حەیران دەگۆڕدرا و لەجێی ئەمەدا باس هەر باسی شانوشەوکەت و جوامێری ئاغا و بەگ و میران دەبوو. تەنانەت زۆرێک لەو حەیرانانەی لەناو جەرگەی شاریشەوە سەریانهەڵداوە، مۆرکی سادەیی و مراز و ڕازەکانی گوندێتی پێوە دیارە. هەڵبەتە پێکهاتەیەکی گرنگی حەیران وەسفی سروشت و جوگرافیایە و لەزۆربەی هەرە زۆری حەیرانەکاندا وەسفی سروشتی گوند و دەشت و چیا و ڕەز و باخ و کانی و مەزارەکانی هەرێمەکە لەخۆوە دەگرێت. ئەگەر باسی شاریش بکات، ئەوا وەک شوێنی ڕووداو و بەسەرهاتی ناو حەیرانەکە نییە، بەڵکو زیاتر وەکو ئەوەیە کوڕەتیمە حەیران چووبێتە شاری ناوبراوەوە، یان نیازی چوونە شارێکی هەبووبێت ناوی شارەکە دێت.

بۆیە ئەگەر باس لە جۆرەکانی حەیران بکرێت ئەوا ناکرێ حەیران بۆ حەیرانی سەرچیایی و حەیرانی مەجلیس و دیوەخانان دابەش بکرێت. ئەم پۆلینکردنە لەگەڵ سروشت و تایبەتمەندییەکانی حەیراندا ناگونجێت. چونکە ناکرێت حەیران بەشێکی لە سەرچیاکان و بەشێکیشی لە نێو مەجلیس و دیوەخاناندا سەریهەڵدابێت. ئەم پۆلینکردنە نە پۆلینکردنێکی تەواو جوگرافییە و نە پۆلینکردنێکی تەواو جڤاکییە. ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بگووترابا؛ حەیرانی سەرچیایی و حەیرانی دەشتایی، یان بگووترابا؛ حەیرانی مەجلیسی و دەرەوەی مەجلیسان، هێشتا لەڕووی لۆژیکی پۆلینکردنەوە ڕاستتر دەبوو. لەلایەکی تریشەوە ئەگەر ناکرێ هەر لەبەر ئەوەی حەیرانبێژ بەدەنگێکی بەرز حەیرانەکەی دەچڕێت بەحەیرانەکەی ئەو بگووترێت حەیرانی سەرچیایی و ئەوەی بە دەنگی نزمیش بیچڕێت پێی بگووترێت حەیرانی مەجلیسی، ئەمە لەکاتێکدا دەکرێ هەمان ئەو حەیرانەی لەسەر چیا گووتوویەتی، لە دەشتایی و تەنانەت لەناو مەجلیسی دیوەخانانیشدا بەدەنگێکی بەرز بیڵێتەوە و گووتراوەتەوەش.

لەڕاستیدا لە خودی حەیران و دەقی حەیراندا هیچ ئاماژە و تایبەتمەندییەکی وەها نابینرێت کە ئەم حەیرانیان بۆ سەرچیا و ئەو حەیرانیان بۆ نێو مەجلیسان ئامادەکراوە، چونکە شوێنی ڕاستەقینەی حەیران بۆخۆی ناخی حەیرانبێژەکەیە، کاتێکیش کە حەیرانبێژ حەیرانەکەی لە ناخ و هزری خۆیدا ئافراندوویەتی هیچ حیسابێک بۆ شوێنی گووتنەکەی ناکات. هیچ بەڵگەیەکیش نییە کە حەیرانبێژان بەو حیسابە حەیرانیان ئافراندبێت. تەنانەت ئەگەر بەوردی بڕوانینە ئەو وشە و دەستەواژە و ڕستانەی لەحەیراندا زۆر بەکراوەیی دەردەبڕدرێن، کە ڕەنگە لەگەڵ دابونەیتی داخراوی مەجلیسی دیوەخاناندا نەگونجێت.

بۆیە ئەو پۆلینکردنانەی تاکو ئێستا بۆ جۆرەکانی حەیران کراون، کورتیان هێناوە و نەتوانراوە، وەکو پێویست سروشت و تایبەتمەندییە هەمەلایەنەکانی حەیران ئاشکرا بکرێت. لەسەر ئەم بنەمایە پێویست دەکات کە لۆژیک و شێوازی دیکەی لێکۆڵینەوەی کەلەپوورناسی بۆ پۆلینکردنی جۆرەکانی حەیران بەکاربهێنرێت، کە لەگەڵ سروشتی هەمەلایەنەی حەیراندا یەکانگیر ببێتەوە، ئیدی ئەم پۆلینکردنە چ لەڕووی دەق و ناوەڕۆکەوە بێت، یان لەڕووی ڕیتم و ئاواز و پەیژەی مەقامەوە، یان لەڕووی وێنەی شیعریی و وەسف و ئاستی هونەرییەوە، یان لەڕووی شوێن و هەرێمی سەرهەڵدانی هەر حەیرانێکەوە بێت. ئەوەی گرنگە لە پۆلینکردن و دەستنیشانکردنی جۆر و فۆرمەکانی حەیراندا تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی حەیران بخرێتەڕوو و سیحر و ئیستاتیکای حەیران و کاریگەرییەکانی زیاتر ئاشکرا بکرێت.

ئەگەر بەمشێوەیە سەرلەنوێ حەیران و پێکهاتەکانی شرۆڤە بکرێت، ئەوا دەتوانرێت ئاسانکاری ئەوەمان بۆ بکات کە لەڕووی کەلەپوورناسییەوە مێژووی سەرهەڵدانی حەیران و جوگرافیای بڵاوبوونەوەی حەیرانیش دەستنیشان بکرێت و کاریگەری هەرێمەکان لەسەر حەیران و کاریگەری حەیرانیش لەسەر کەلەپووری هەر هەرێم و ناوچەیەکدا ببنیرێت. بەمەش دەکرێ کەلەپوور و فۆلکلۆری میللیی و نەتەوەیی گەلی کوردیش باشتر بناسرێت. چونکە تا ئێستا بەشێوەیەکی ڕوون و یەکلاییکەرەوە مێژووی سەرهەڵدانی حەیران و پێداویستی دەرکەوتنی لەو کاتەدا نەخراوەتەڕوو. ناکرێ وەک هەندێک بۆچوون و ڕا بیربکرێتەوە کە پێیان وایە؛ تەمەنی حەیران سەدەیەک یان دوو سێ سەدە بێت، ئەمە لەکاتێکدا لەڕووی ناوەڕۆک و فۆرم و زمانی دەربڕینەوە پێدەچێت ڕەگێکی قووڵی مێژوویی هەبێت و بگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناخەی کە هێدی هێدی بەهۆی دابونەریت و باوەڕییە کۆنەپارێز و غەوارەکانەوە، پەیوەندییە سۆزدارییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێو کۆمەڵگای کوردەواری تاهاتووە بەرتەسک کراوەتەوە و لەئاکامی ئەو چەپاندن و فشارانەی خراوەتە سەر ئەو پەیوەندییانەوە هونەری حەیران وەک پێهەڵگرتنێک ئەو سنووربەندی و کۆتگیرییەی بەزاندووە و وەک کاردانەوەیەکی هونەریانە بە ڕاشکاوی و بێ پەردە باسی ئاستی پەیوەندییە سۆزدارییەکانی نێوان کوڕەتیم حەیران و کچەتیم حەیران کردووە، یان مراز و ڕازیان ئەوەبووە کە بەو ئاستە بگەن کە لەحەیراندا گوزارشتیان لێیکردووە.

ئەم ڕوانینە کۆمەڵناسییە؛ ئەوەش دەستنیشان دەکات کە حەیرانبێژ لەهەردوو ڕەگەزدا هەبووە و تەنانەت زیاتر بەلای ئەوەدا دەشکێتەوە کە حەیران زیاتر بەرهەمی ڕاز و مرازی خەفەکراوی ژن بووبێت تا لەوەی گوزارشت لەوەی پیاو بکات. تەنانەت زۆرێک لەو حەیرانانەی پیاوانیش دەیچڕن، پڕن لە داخوازی و حەسرەتەکانی ژنان، کە گوایە کچەتیم حەیران بە کوڕەتیم حەیرانی وەها و وەهای گووتووە. تەنانەت زێدەڕۆیی نابێت ئەگەر بگووترێت؛ کارەکتەری سەرەکی و تەوەری سەرەکی زۆرێک لە حەیرانەکان ژن و ڕاز و ئەڤینداریێتی ژنە. ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو کە حەیران تاڕادەیەک مۆرکی ژنانەی پێوە دیارە. پاشان لەگەڵ تێپەڕبوونی قۆناخەکانی باڵادەستی پیاوسالارێتیدا تاهاتووە پیاوانیش داخوازی و ڕاز و حەسرەتەکانی خۆیان تێوە ئاخنیوە و تێکەڵی ڕاز و نیازەکانی ژنان بووە، کە دابونەریت و باوەڕییە کۆنەپارێزەکان خەفە و چەپاندوویانە. تەنانەت هەندێک لەو حەیرانانەی کەوا حەیرانبێژانی ژن دەیچڕن تایبەتن بە خودی ژنانەوە و وەک شێوازێکی لاواندنەوە و سەردولکە و شیوەنگرتن لە کوڕ و مەجلیسی ژناندا گووتوویانە.

لێرەوە پەیوەند بە مێژووی سەرهەڵدانی حەیرانەوە، دەکرێ لەمیانەی شرۆڤەکردنی ئەو باسوخواس و تەوەرە سەرەکییەی کەوا لە خودی حەیراندا بە کراوەیی و بێپەروا لەدەوریدا دەخولێتەوە، بزانین کە مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی حەیران ڕەگێکی قووڵی مێژووی هەزاران ساڵەی خۆی هەیە، کە شیمانە دەکرێ لەگەڵ دەستپێکردن و زیاتربوونی قۆناخ بە قۆناخی فشار و چەپاندنەکانی دابونەیتی داخراو و قەدەخەکار بۆ سەر پەیوەندییە سۆزدارییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەز، بەتایبەتی بۆ سەر ڕەگەزی ژن، لەگەڵ خۆیدا وەک کاردانەوەیەک چریکەی حەیرانی ئافراند بێت و تا فشار و کۆتگیرییەکان زیاتر تەشەنەی سەندووە، حەیرانیش وەک جۆرە یاخیبوون و پێهەڵگرتنێک لەبەرامبەر بەو دابونەریتە، تاهاتووە پەرەیسەندووە و لق و پۆپەی لێبۆتەوە و جۆر و شێوازەکانی زیاتر بووە، تاهاتووە سیحر و کاریگەرییەکەیشی زیاتر بووە. ئیدی وەک هونەرمەندی حەیرانبێژی مەزن حەسەن سیساوەیی دەڵێت:»حەیران تشتەکی گەلەک غەریبە، ئینسان دری پێدەکرێتەوە«.

ئەوانەی لە هونەری حەیرانیان کۆڵیوەتەوە ڕا و بۆچوونی جیاوازیان سەبارەت بە شوێنی سەرهەڵدانی حەیران هەیە. هەندێک هەرێمی هەولێر و هەندێکی تریش هەرێمی موکریان بە کانگای سەرهەڵدانی حەیران دەزانن. هەندێکیش زۆر بەرتەسکتر دەڕوانن و چەند گوندێک یان ناوچەیەکی زۆر بچووک دەستنیشان دەکەن و بە زێدی سەرهەڵدانی حەیرانی دادەنێن. بەڵام لەڕاستیدا وەک چۆن سیاچەمانە لە هەرێمی هەوراماندا سەریهەڵداوە و پەرەیسەندووە و زیاتر تێنەپەڕیوە و هەورامان جوگرافیای ڕەسەنی سیاچەمانەیە و بەشێوەزاری هەوارمی دەچڕدرێ. ئیدی ناکرێ لەهەوارامانیشدا دەستنیشانی گوندێک یان ناوچەیەکی بچووکی هەورامان بکەینە کانگای سیاچەمانە، ئەوا حەیرانیش لە کوردستاندا جوگرافیایەکی خۆی هەیە؛ کە ئەو جوگرافیایە بەشێوەیەکی لاکێشەیی سنووری هەرێمی موکریان و هەرێمی هەولێر دەگرێتەوە و بەو شێوەزارە دەچڕدرێ کە تاڕادەیەک شێوەزاری هاوبەشی هەردوو هەرێمەکەیە. ڕەنگبێ هاوشێوەزاریش هۆکارێک بووبێت بۆ پەرەسەندنی حەیران لەهەردوو هەرێمی هەولێر و موکریان. هەروەها دەکرێ لەقۆناخێکدا، بەگوێرەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە، هەرێمێکیان لەهەرێمەکەی دیکە زیاتر تێیدا حەیران پەرەیسەندبێت و لە هەرێمەکەی تردا هەمان بارودۆخ لەئارادا نەبووبێت و پاشان بە پێچەوانە کەوتبێتەوە و لەهەرێمەکەی دیکەدا دەرفەتی پێشکەوتنی حەیرانی تێدا زیاتر بووبێت. بۆیە ناکرێ لەڕوانگەیەکی ناوچەگەریانە، یان لەبەرئەوەی لەرابردوویەکی نزیکدا یاخود لە ئێستادا حەیران لەهەرێمێکی دیاریکراودا دەرفەتی پەرەسەندنی بۆ ڕەخساوە، ئیدی بگووترێ؛ کانگای حەیران فلان هەرێمە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پێویستە بەدواداچوونی هەمەلایەنە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی حەیران و قۆناخەکانی پەرەسەندنی بکرێت و حەیران لە هەموو ڕوویەکەوە بناسرێت. بۆ ئەمەش پێویست دەکات پەیمانگای تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە هونەری سترانبێژی و دەنگبێژییە میللییەکان بەگشتی بکرێتەوە و بۆ هەر یەک لە هۆرە، سیاچەمانە، گەلۆ و بەیت، لاوک و مەقامەکان بەشی تایبەتی دابمەزرێت، بەهەمان شێوە بەشی تایبەتی حەیرانیش دابمەزرێت و هەوڵبدرێت تۆمار و ئەرشیف بکرێن و خوێندنگای تایبەتی و بەشی تایبەتی لە پەیمانگا هونەرییەکاندا بۆ فێربوونی حەیران بکرێتەوە و کەناڵە ڕادیۆیی و تەلەفیزیۆنەکانیش شانبەشانی بوارەکانی دیکەی هونەر و کەلەپووری میللی کورد، گرنگی تایبەتی بە حەیران بدەن و وەک سامانێکی بەهاداری کەلەپووری میللی و نەتەوەیی ببینرێت و بپارێزرێت.

hesencudi@gmail.com

وەرزشی بەدرخان
Bedirxan
بڵاوکراوەیەکی رووناکبیریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
سەرپەرشتیاری وەرزشی بەدرخان
کاروان مەسعود عەلی
خولی سێیەم، ژمارە (١٧١)، پێنج شەممە، کانونی دووەمی ٢٠١٥/١/٢٢ زایینی - رێبەندانی ٢٧١٤ کوردی - ساڵی چواردەهەم

# پێشکەوتنی وەرزش و نەبوونی یاسای لیژنەی ئۆلۆمپی



کاروان مەسعود

وەرزش لە دنیا ئەمرۆدا پێگە و سەنگێکی گەورەی هەیە و ئاسانتر رێگەیە بۆ گەیاندنی پەیام ،وەک دەگوترێت هەڵگری پەیامی ئاشتیە و هەردەم لایەنە ناکۆکەکان لە پاڵەوانێتی و قارەمانێتیەکان کۆدەکاتەوە بە بێ ئەوەی بۆ باکگراوندی سیاسی و ئاینی و مەزهەبی بگەرێتەوە، کەواتە ئەوەی بە وەرزش دەکرێت لە ماوەیەکی کورت خایەن، رەنگە بە سیاسەت و ئەدەب و کلتور و هونەر نەکرێت، بۆ ئەمەش نمونەی زیندوو زۆرە، لە مۆندیالی فەرەنسای 1998 کاتێک تۆپی پێ هەڵبژاردەی وڵاتەکانی ئێران و ئەمریکای کۆکردەوە و یاریەکەش بە سەرکەوتنی ئێرانیەکان کۆتایی هات، یاخود لە یاریەکانی ئۆلۆمپیاد کە زیاتر لە 200 وڵات بەشداری تێدا دەکەن لە یاریە جیاوازەکان ئەمەش بە بوونی رەنگ و ئاین و ئایدیای جۆراوجۆر، بەڵام وەرزش ئەوان کۆدەکاتەوە.

پێشکەوتنە بەرچاوەکانی وەرزش لە ئەمرۆدا زۆر خێرایە و سات بە سات هەنگاو بەرەو گەشەسەندی زیاتر دەنێت لە رێگەی داهێنانەکان و زانستی سەردەم و تەکنۆلۆژیاوە کە رێگەیەکە بۆ پەرەدانی زیاتر بە وەرزش، ئەوەتا لە دوای مۆندیالی ئەفریقیای باشوری 2010، تەکنۆلۆژیای گۆڵ بەکاردەهێندرێت، کاتێک تۆپەکە هێلی گۆڵ تێدەپەرێنێت لە رێگەی ئامێرێکەوە دادوەری یاریەکە ئاگادار دەکرێتەوە لەوەی کە گۆڵ بووە، ئەمەش مشت و مری نێوان راهێنەران و یاریزانان و دادوەرانی تارادەیەکی زۆر کەمکردۆتەوە، چونکە لە رێگەی شاشەی زیرەکیشەوە پیشان دەدرێت، ئەمە جگە لە زیادکردنی دوو دادوەری تر لە نزیک گۆڵەکانەوە و ....هتد ،ئەمەو جگە لە دروست کردنی یاریگا و هۆڵی وەرزشی داخراو کە بە شێوەیەکی مۆدێرنانە و سەردەمیانە و بە نوێترین دیزاینەکان بنیات نراون. ئەمانە بەشێکی بچوکن لەو پێشکەوتنانەی وەرزش کە بەخۆیەوە بینیوە و رۆژ لە دوای رۆژیش زیاتر دەبێت.

هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی وەرزشی دنیا بە خۆیەوە بینیوە تارادەیەکی زۆر دوورە و هێشتا لە سەرەتای پێشکەوتنەکادایە!

لە رووی یاریگا و هۆڵی داخراوی تایبەت بە یاریە جۆراوجۆرەکان و مەلەوانگە و گۆرەپانی یاریەکانی گۆرپان و مەیدان و پایسکلسواری و .... هتد، هەرێمی کوردستان زۆر هەژارە، بوونی چەند هۆڵێک کە شێوەیەکی ستانداردی جیهانی وەرنەگرتووە و بەوەی هەر رۆژە و یاریەکی تیا ئەنجام دەدرێت، مانای پێشکەوتنی وەرزش نیە لەم هەرێمە، تۆپی پێ کە زۆرترین جەماوەر و هاندەر لە خۆی کۆدەکاتەوە، تا ئێستا جەماوەری وەرزشی کوردستان کە تۆپی پێ یاری ژمارە یەکە لە نێویاندا، یاریگایەکی سەردەمیانەیان لە هەرێمی کوردستان نەبینیوە تا هانی تیپ و یانەکانی تێدا بدەن ،ئەمە سوچی ئەوان نیە، سوچی لایەنی پەیوەندی دارە کە لە ماوەی 24 ساڵی حوکمرانی کوردی نەیتوانیووە خواست و ئارەزووەکانی وەرزشکاران و هاندەران تێربکات کە تینون بە یاریگای جوان و سەرنجراکێش و هۆڵی داخراوی مۆدێرن.

نەبوونی قانونی لیژنەی ئۆلۆمپی و پەسەند نەکردن یاخود گفتوگۆ لە سەر نەکردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، کاریگەری نەرێنی بە سەر سیمای وەرزشەوە هەیە و رێگرە لە بەردەم پێشکەوتنەکان ،ئەوەی هەستی پێدەکرێت کەسی شیاو لە شوێنی شیاو نیە ! چونکە قانونێک نیە لیژنەی ئۆلۆمپی و یەکێتیە وەرزشیەکانی سەر بەو لیژنەیە رێکبخات و زۆربەی کات لە سەر بنەمای حیزبی و شەخسی بەرپرسانی وەرزشی دادەنرێن و زۆربەی بەرپرسانی وەرزشی لە کوردستان زیاد لە دوو پۆستیان هەیە و هەندێ کات پەنجەکانی دەستێکیش تێدەپەرێنێت، و کار بە شیاوی کەسەکان ناکرێت بۆ پۆستە کارگێرییە وەرزشیەکان، هەرێمی کوردستان خاوەنی چەندین کەسی ئەکادیمی و پسپۆر و خاوەن بروانامەی بەرزن لە وەرزش، بەڵام هۆکارەکانی لە سەرەوە باسکراوە رێگرن تا ئەوان خزمەتی وەرزش بکەن و رێگە چارەی گونجاو بۆ کەموکورتیەکان بدۆزنەوە، کە ئەمەش جارێکی تر وا دەکات وەرزشی کوردستان پێشنەکەوێت.

ئێتر کاتی ئەوە هاتووە پەرلەمان و حکومەت بە تایبەتی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان قانونی لیژنەی ئۆلۆمپی پەسەند بکەن و کاری جدی لە سەر بکەن تا وەرزش لە کوردستان بکەوێتە سەر رێچکەی خۆی و زیاتر هەنگاو بۆ بەرەو پێشبردنی بکرێت، چونکە تا ئەو قانونە دەرنەچێت وەرزشی هەرێمی کوردستان لەو قاڵبەی ئێستای دەمێنێتەوە و پێش ناکەوێت.

# حسێن شێروانی وەرزش دۆستەکەی هەولێر



عەقیدی ماف پەروەر (حسێن مەولود شێروانی)، بەرێوەبەری پێشوی پۆلیسی هەولێر لەساڵانی 1968-1971 لەساڵەکانی پێشتر بەجیا جیا پۆستی وەرگرتووە لەبەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر و لەشارەکانیتری دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش، لەساڵی 1930 لەشاری هەولێر لەدایکبووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لەشاری هەولێر تەواو کردووە و دواتر چوەتە کۆلیژی پۆلیس لەبەغدا، لەساڵی 1951 بووەتە دەرچوی ئەم کۆلیژە.

ساڵی 1968 ئەوکاتەی کە دامەزرا بەپۆستی (بەرێوەبەری پۆلیسی هەولێر) تاکو ساڵی 1971 بەردەوامبوو لەم پۆستەیدا و لەهەمانکاتدا لەساڵی 1970 بەرپرس بوو لە پێکهێنانی پۆلیسی پاسەوانی سنور (حرس حدود)، بۆسەرجەم پارێزگای هەولێر، لەکۆتاییەکانی ساڵی 1971 دەستگیرکرا لە لایەنی رژێمی بەعس لە زیندانی (قصر نهایە)، لە ساڵی 1972/11/23 شەهیدکرا لە بەندیخانەی (قصر نهایە)، ئەو بروانامانەی کەبەدەستی هێناوە بریتین لەمانەی خوارەوە:

- بەکالریۆس لە کۆلێژی پۆلیس لەساڵی 1952.

دبلۆم لە زانستی پۆلیس لەئاکادیمیای پۆلیسی نێودەوڵەتی لە(واشنتۆن) لەئەمریکا لەساڵی 1959.

- بەکالریۆس لە زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی بەغدا لەساڵی 1964.
- بەکالوریۆس لەماف لەزانکۆی مستنصریە لەساڵی 1968.
- هەروەها وەرگیرابوو بۆخوێندنی ماستەر لەکۆلێژی یاسا لە زانکۆی قاهیرە، بەڵام بەهۆی شەهیدبونیەوە نەیتوانیووە خوێندنەکەی تەواو بکات.

کاتێک بەنەماڵەکەی دەچن بۆ هێنانەوەی تەرمەکەی لەشاری بەغدا ئەوا رژێمی بەعس پێشبینی ئەوەی کردبوو کە خەڵکی زۆر خۆپیشاندان بکەن بۆیە ئامادەکارییەکی زۆری ئاسایشییان کردووە و هەروەها قەدەغەی هەموو رێورەسمێکیان کرد لەسەر هەموو ئاستێک کە وەکو بۆی بکردرێت لەشاری هەولێر، بەڵام ئەوکاتی پارێزگای هەولێر لەسەر پارتی حیساب بوو ئەو پابەند نەبوو بەو بریارەی بەغدا و هەڵسا رێورەسمێکی گەورەی بۆکرد خەڵکانێکیش هاتبون لەدوزەوە هاتبون بۆ پێشوازیکردن لە تەرمەکەی حسێن شێروانی و تاکو شاری هەولێر خەڵک لە پێشوازی ئەو بوون، رێو رەسمێکی گەورەی بۆکرا وەکو رێورەسمی ئەفسەرانی پلە بەرزی پۆلیس، کە ئەوکاتی چەندین هۆنراوە گوتران کەدژی رژێمی بەعس بون، وە ئەوانەی بەشداریشیان کرد لەدواتردا توشی لیپرسینەوە بون لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی شاری هەولێر و هەندێکیان لەبەر زۆری لێپرسینەوە هەڵسان پەیوەندیان بەپێشمەرگەوە کرد.

ئەوکەسانەی ئەوکاتی کە باس دەکەن گوایە گەورەترین رێورەسم بووە کە بۆ کەسێک بکرێت لەشاری هەولێر کە بۆ تەرمەکەی عەقید حسێن شێروانیان کرد.

ئێستاکەش لەیەکێک لە بەرێوەبەرایەتیەکانی پۆلیسی هەولێر هۆڵێک دروستکراوە بەناوی (حسێن شێروانی)، لە بەرێوەبەرایەتی رەگەزنامە و ناسنامەی هەولێر هۆڵێیان داناوە بەناوی حسێن شێروانی، ئەمەش وەکو لەبەرچاوگرتنی خزمت و کارەکانی ئەو و وەکو وەفادارییەکیش بوو بۆ ئەو کەڵە پیاوە.

# باشترینەکانی ٢٠١٤ دەستنیشان کران
# ڕۆنالدۆ بۆ جاری سێیەم بووە خاوەنی خەڵاتی تۆپی زێڕین











**راپۆرت : لوقمان عەلی**

کریستیانۆ ڕۆنالدۆی هێرشبەری یانەی ریال مەدریدو هەڵبژاردەی پورتوگاڵ بۆ جاری دووەم لەسەر یەک و بۆ جاری سێیەم لە مێژوویدا خەڵاتی تۆپی زێڕی باشترین یاریزانی جیهانی پێدرا.

لە ئاهەنگێکی گەورەدا لەشاری زیوریخی سویسریدا و بە بەشداری زۆربەی ئەستێرە دیارەکانی تۆپی پێی جیهان، یەکێتیی تۆپی پێ نێودەڵەتی فیفا بەهاوبەشی لەگەڵ گۆڤاری فرانس فوتبۆڵی فەڕەنسی خەڵاتی تۆپی زێڕین و باشترین راهێنەر و یاریزان و جوانترین گۆڵ وپێکهاتەی ساڵی 2014 دابەشکرد، لەسەر ئاستی یاریزانانی کوردا کریستیانۆ ڕۆنالدۆ خەڵاتی تۆپی زێڕینی وەک باشترین یاریزانی ساڵی 2014 پێدرا، ڕۆنالدۆ پێشتر لە ساڵانی 2008 و2013 ئەم خەڵاتەی پێدراوە ، ڕۆناڵدۆ 37،36%دەنگەکانی کۆکردۆتەوەو میسیش 15،76% دەنگەکانی بەدەستهێناوەو هەرچی نوێری گۆڵپارێزی ئەڵمانیشە 15،72%دەنگەکانی بەدەستهێناوە ، لەسەر ئاستی راهێنەرانی جیهانیشدا خەڵاتی باشترین راهێنەر بە یواکیم لۆفی راهێنەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا درا، بەمەش یواکیم لۆف کەوتە پێش هەریەکە لەکارلۆ ئەنچیلۆتی ئیتاڵی راهێنەری یانەی ریاڵ مەدرید و دیگۆ سیمیۆنی ئەرجەنتینی راهێنەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی، کە بەهاوبەشی کێبڕکێیان لەسەر ئەم خەڵاتە کرد.

هەڵبژاردنی یواکیم لۆف بەباشترین راهێنەری جیهان لەساڵی 2014 پاش ئەوە هات، کە ناوبراو توانی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ناسناوی جامی جیهانی 2014ی بەڕازیل بەدەست بهێنێت و بۆ جاری چوارەم ئەڵمانیا بکاتە خاوەنی جامەکە.

خەڵاتی جوانترین گۆڵیش کە بەناوی خەڵاتی بۆشکاشە بە جیمیس ڕۆدریگێزی یاریزانی یانەی ریال مەدرید درا، گۆڵەکەی جیمس ڕۆدریگێز بریتیبوو لەو گۆڵەی کە بەدرێسی هەڵبژاردەکەیەوە لەقۆناغی شانزەی مۆندیالی دووهەزاروچواردەی بەڕازیل بەرامبەر هەڵبژاردەی ئۆرۆگوای تۆماری کرد، کە کۆلۆمبیا بەدوو گۆڵی ئەم یاریزانە سەرکەوتنی بۆ قۆناغی چارەگی کۆتایی بەدەست هێنا.

بەمەش گۆڵەکەی جیمس ڕۆدریگێز کەوتە پێش گۆڵەکەی ڕۆبین ڤان پێرسی هۆڵەندی، کە ئەو لەهەمان مۆندیالدا لەئیکەر کاسیاسی گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئیسپانیای تۆمارکرد،لەسەر ئاستی کچانیشدا خەڵاتی باشترین یاریزانی ساڵی 2014 بە نادین کیسلیری یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا درا، بەمەش کیسلەر بۆ یەکەم جار ئەم خەڵاتەی بەدەست هێنا و کەوتە پێش هەریەکە لەیاریزانان مارتای بەڕازیلی و ئابی وامباکی ئەمریکی.

مارتا پێشتر بۆ پێنج جار ئەم خەڵاتەی بەدەست هێناوە، هەروەها وامباکیش لەساڵی 2012 توانی ببێتە باشترین یاریزانی جیهان لەسەر ئاستی کچان.

ئەمەو لە یازدە یاریزانی باشترین هەڵبژاردەی جیهانیشدا شەش یاریزان لە هەردوو یانەی ریال مەدرید و بایرەن میونخ بوون ، مانوێل نوێر و فلیب لام و ئاریان رۆبن و تۆنی کروس و سێرخیۆ رامۆس و کریستیانۆ رۆنالدۆ ، دوو یاریزانیش لە یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی بوون کە ئەوانیش، لیۆنێل میسی و ئەنێستا بوون، هەروەها دوو یاریزانیش لە یانەی پاریس سانجێرمانی فەڕەنسی، ئەوانیش داڤید لویز و تیاگۆ سیڵڤا بوون ، یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزیش یاریزانێکی لە پێکهاتەکەدا هەبوو کە ئەویش یاریزان ئەنخێل دی ماریا بوو.

# شەهید مورسەلی هەمیشە لەیاد



لەساڵی 1946 لەگوندی گرد عازەبان لەدایکبوە، خوێندنی سەرەتایی خوێندوە و دواتریش لەگەڵ بنەماڵەکەی هاتوەتە شاری هەولێر، خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە ئامادەیی (ئەربیل ئولا) تەواو کردوە، لەساڵانی 1968 – 1969 دەچێتە خولی ئەفسەری سەربازی لەسوپای عێراق و دەبێتە (نائب زابت)، لەسەرەتای ژیانی وەرزشیدا لەقوتابخانە و لەتیپی وەرزشی ئەنوار یاریکردوە و دواتریش بوە بەیاریزانی یانەی بروسک و یانەی هەولێر و تیپی پۆلیسی هەولێر، لەماوەی ژیانیدا چەندین گەشتی بۆدەرەوەی کوردستان و بۆ وڵاتانی ئەوروپی ئەنجامداوە، یاریزانێک بوە بەمانای وشە لەوپەڕی بەرزی ئاستی یاریکردن و رەوشت بووە، بەشێوەیەک باس لەم یاریزانە دەکرێت کە تاکو ئێستا یاریزانێکی کورد لەشێوەی ئەو دروست نەبۆتەوە لەناو کوردان دا، یاریزانێک بووە هونەری یاریکردنی زۆر بەرزبووە و لەگەڵ ئەمەش دا لە سەیتەرەکردنی تۆپدا زۆر بەئەزمون بووە و توانیویەتی بەهەمو ئەندامەکانی جەستەی کۆنترۆڵی تۆپ بکات و یاری بەتۆپ بکات بە پێ و سەر و سینگ و چۆک و ڕانی و سەرەڕای ئەمانەش لەیارکردندا هەموکات داهێنانی هەبووە و جموجۆڵی زۆرجوانی هەبووە، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێدا پەیوەندی بەشۆڕشی کورد دەکات و دەتوانێت بەپشتی خۆی دەزگای ڕادیۆی دەنگی (شۆڕشی عێراق – گەلی کوردستان) لە سوریاوە بهێنێتە ناوزەنگ، لەدواتر دا لەساڵی 1978 لە دەشتی کۆیە لەگەڵ هاوخەباتێکی ئاشکرا دەبن کە بۆ کاری شۆڕش هاتبونە ناوچەکە و دوای ئاشکرابونیان، کۆپتەر هەڵدەستێت بەهێرش کردنە سەریان و ناردنی سەرباز بۆ سەریان، لەئەنجامدا شەهید دەکرێن و تەرمەکانیان دەبردرێتە مزگەوتێکی ناحیەی تەق تەق و هەر لەو ناحیەیە دەنێژرێن و لەساڵی 2009 دا گۆڕەکەی دەگوازنەوە بۆ گوندی گرد عازەبان.



رۆژنامەنووسی
بەدرخان
Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی رووناکبیریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

سەرپەرشتیاری کەلچەری بەدرخان
د.سامان جەلال

راوێژکاری زمانەوانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان
خولی سێیەم، ژمارە (١٧١)، پێنج شەممە، کانونی دووەمی ٢٠١٥/١/٢٢ زایینی - ڕێبەندانی ٢٧١٤ کوردی - ساڵی چواردەهەم




## ما سرّ «العلاقة الغامضة» بين تركيا وتنظيم داعش؟..


عدنان حسين


تساؤل طرحته صحيفة «إندبندنت» البريطانية في الثاني والعشرين من أيلول الماضي في إطار تقرير لها غداة إفراج التنظيم الإرهابي عن نحو ٥٠ من دبلوماسيي القنصلية التركية في مدينة الموصل وعائلاتهم اختطفهم التنظيم إثر استيلائه على المدينة قبل ذلك بمئة يوم.

مبعث التساؤل ان عملية الإفراج تمّت من دون أي ثمن دفعته أنقرة بحسب ما أُعلن يومها رئيس الوزراء التركي (رئيس الجمهورية حالياً) رجب طيب أردوغان الذي زعم ان المحتجزين «حُرروا» في عملية سرية نفذّها جهاز المخابرات التركية ورفَض الكشف عن تفاصيلها.

يومها أيضاً نقلت الصحيفة في تقريرها عن أكراد سوريين شعورهم بالاستياء حيال الحكومة التركية التي قالوا أنها تتواطأ مع داعش لتدمير الجيوب المستقلة لأكراد سوريا.

«الظروف الغريبة» التي تلت عملية اعتقال الرهائن ثم الإفراج عنهم دفعت الصحيفة البريطانية – كما سواها – الى التخمين بان تركيا تجمعها مع داعش علاقة مختلفة وأكثر ودية من غيرها من الدول. وما زاد من قوة التخمين ان المواقع الإلكترونية التركية المؤيدة لداعش أعلنت أن الإفراج عن الرهائن الأتراك جاء بأوامر مباشرة من «الخليفة» أبو بكر البغدادي. وبالطبع فان الصحيفة –كما غيرها أيضاً – قارنت بين معاملة داعش لكل من الرهائن الأتراك والصحفيين الأوربيين والأميركيين الذين ذبحهم التنظيم أمام الكاميرات من دون حتى أنٍ يطلب عقد صفقة لإطلاق معتقلين للتنظيم في مكان مثلا.

بعد أقل من أربعة أشهر على نشر الصحيفة البريطانية تقريرها ما عاد في أمر العلاقة بين أنقرة وداعش أي غموض .. انه في منتهى الوضوح ، فالسلطات التركية تسهّل على المكشوف الآن لمقاتلي داعش عبورهم الى سوريا والعراق.. انهم يتدفقون بالعشرات يومياً قادمين من شتى الأصقاع في عملية لا يمكن الا أن تكون بعلم جهاز المخابرات التركي المنظم تنظيما متينا وبموافقته، وليست الإرهابية الفرنسية الجزائرية حياة بو مدين آخر العابرين!

في تسعينيات القرن الماضي وحتى مطلع العام ٢٠٠٣ اعتدت، حينما كنت أعمل في صحيفة «الشرق الاوسط» اللندنية، على التنقل مرة أو مرتين في السنة بين العاصمة البريطانية وإقليم كردستان العراق عبر تركيا .. أطير الى إسطنبول ثم الى ديار بكر، ومنها بالسيارة الى زاخو .. كان عليّ دائماً أن أخفي طبيعة مهنتي ومهمتي الصحفية.. ما من مرة ذهبتُ الى هناك منفردا أو مع زملاء الا وتعرّضت مرتين أو ثلاثة في الأقل للتحقيق من قوات الجندرمة أو المخابرات التركية.. يسألون عن كل شيء، ويدقّقون في كل الوثائق، ويفتّشون حتى الملابس الداخلية... على طول الطريق البرية كانت أكثر اللافتات انتشاراً هي التي تقول (DUR) التي تعني (توقف)، من أجل المساءلة والتفتيش بالطبع.

ذات مرة، على سبيل المثال، كنت أحمل مجموعة قصصية للكاتب التركي الساخر الشهير عزيز نيسين مترجمة الى العربية.. حقق معي عنصر المخابرات مطولاً بشأن الكتاب.. لم ينفع انه لكاتب تركي، فقد صادره لأن حمل الكتب من والى إقليم كردستان محظور كما قال. وفي مرة أخرى صادر عنصر آخر صوراً تذكارية لي وللزميلين إقبال القزويني ومحمد خلف، رفيقيَّ في تلك السفرة.

كان الأتراك يستخدمون مترجمين من التركمان العراقيين للتأكد من ان العابر الى إقليم كردستان أو منه عراقي فعلاً.

الحرب الدولية على الإرهاب قاصرة ما لم تضع أطرافها، بما فيها حكومتنا العراقية، في حسبانها العامل التركي .. انه عامل خطير في الواقع، فدعم أنقرة لداعش واضح تماماً، وهو عامل قوة كبير بالنسبة للتنظيم الإرهابي.

ينبغي أن يُقال للتركي الآن بنبرة عالية وقوية

**تێبینی: لەبەر گرنگی نووسینەکە وەکو خۆی بڵاومان کردەوە.**

# گێژاوی زمان لە رۆژنامەکاندا




غازی حەسەن


کە دەڵێین گێژاوی زمان، مەبەستمانە بێژین ئەو تێک قژقژانەی هەنێکجار بە هۆی خراپ بەکارهێنانی زمانی کوردی لەهەندێک رۆژنامەدا دەبینرێت، بێزەوقی یاخود تێکچوونی بنەمای رێزمانی لە نووسیندا لێدەکەوێتەوە.

لە رۆژنامەیەکدا ئەم ناونیشانەی خوارەوە نووسراون:

(سوپا رایکردو ئاسایش قوربانیدا). (هۆکاری روداوەکەی گوێڕ بۆ پشتگوێخستنی رێگای ئاوی دەگەڕێندرێتەوەو لیژنەیپێشمەرگەی پەرلەمانیش لێکۆڵینەوە دەکات).

(وشەی رایکرد) کەسێک وەرزش بکات، یا غار بدات، بەڵام سوپا سەنگەرەکەی خۆی چۆل دەکات، دەبەزێت، دەشکێت. لە (قوربانیدا) دەبوایە (دا)ی کار بە جیا بنووسرابایە. ئەی کەسێک بەدزییەوە رابکات، پێی ناڵێن قوچاندنی.

لەرستەی دووەمدا کە ناونیشانێکی گەورەی رۆژنامەکەیە، دەکرا وشەی (هۆکاری) لەگەڵ نەبێت، ئینجا (لیژنەیپێشمەرگە) بەمجۆرە بەیەکەوە نووسێنراون، کە دەبێت بۆشاییەک لە نێوانیاندا هەبێت.

(پرۆژەیاسا)، (پیێشکەشبکەن)، (تۆمەتباردەکات)، (چاوەڕواناکرێت)، (جێبەجێنەکراوەو)، (ئەنجامدەدرێت)، ئەم زاراوانەی دەبینرێت، هەموو بەیەکەوە نووسێنراون، مرۆڤ هەست بەتەنگە نەفەسی دەکات کە ئەم شێوە بەزۆر لێکندرانەی چەند وشەیەکی دەکەوێتە بەرچاو. بۆ دەبێت رۆژنامەنووس بەمجۆرە، وشەکان بەسەریەکەوە بنووسێت. ئەمە جۆرێکە لە هەڵە باوەکانی نێو رۆژنامە کوردییەکان. لە زمانەکانی دیکەشدا ئەم وشانە بە جیا دەنووسرێن.




(لەمەعەسکەر سەلام بکوژەکان زۆرینەن)، کەواتە کارێکی باشە، کە زۆرینەن. لێرەدا مەبەست ئەوەیە بگوترێت ژمارەیان لە هەموو تاوانبارەکانی دیکە زۆرترە. کاتێک دەڵێین ئەوان زۆرینەن، واتە ئەوان جۆرێک لە ماف و هەقیان هەیە، چونکە زۆرینەن لە نێو ئەو گشتە. ئەگەر بکرێتە رێژە شێوەیەکە، ئەگەر بکرێتە ژمارە شێوەیەکە، ئەگەر بکرێتە بەرکار، یانژی ئاوەلکار و ئاوەلناو شتێکی دیکەیە. بۆیە گرینگە تۆ وشە لە شوێن و کات بۆ مەبەستی گونجاو، بە شێوەی گونجاو بەکاربهێنیت. دەنا مەسەلەکە گێژاو دروست دەکات، خوێنەر لەگەڵ خۆیدا دەخنکێنێت.

(بەرەنگاربوونەوەی قەڵەوی لای منداڵ!) ئێمە گوێمان لە بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی بووە، بەڵام بۆ دەبێت ئێمە هێندە توندڕەوانە بەرەنگاری قەڵەوی لای منداڵ ببینەوە. بەرای تۆ ئەگەر بگوترێت نەهێشتنی قەڵەوی منداڵ جوانتر نییە؟. یاخود بێژین چارەسەری قەڵەوی منداڵ رەوانتر دەرناکەوێت. چونکە تۆ کە جارێکی دیکە بەم ناونیشانەدا دەچیتەوە، هەست ناکەیت لە سەنگەرێکی سەخت و ئاگراوی و تەژی لە شەڕ نزیکیت. دە هەندێک تێفکرە، بزانە کوردی بەستە زمان چۆن ئەم شتانە دەڵێت. سەیرەکە لەوەیە نیشانەی (!) سەرسوڕمانیشی بەدوای رستەکەوە داناوە، بۆ؟ پرسیارە. ئێمە گەلێکجاران بێ هۆکار بەتایبەتیش لە ناونیشانەکاندا نیشانەکانی خاڵبەندی بەکاردەهێنین، یا پێچەوانە بەکاریان ناهێنین. چی لەم رستەیەدا سەیرە تا نیشانەیەکی سەرسوڕمانی بەدواوە دابنێیت. ئینجا بۆ (لای منداڵ). وەکو تۆ بڵێت لای خانووەکە، لای شارەکە، لای پیاوەکە. ئەمە ناکاتە ئەوەی بڵێین نەخۆشییەکە تووشی منداڵەکە بووە، بەڵکو لایەتی، لە تەنیشتیەتی، لێرە مەرج نییە کەسەکە تووشی نەخۆشی بووبێت. جا بۆ کورتی نووسینیش باشترە بڵێیت (قەڵەوی منداڵ). دەزانم ئەمە شتە باوەکانی ناو زمانن، بەڵام دەکرێت ئێمە هێندێکی چاک بکەینەوە. باشبوو بە بیرم هاتەوە ئەم ناونیشانە، یاخود زاراوەنەی لە ناونیشانەکان وەرگیراون لە ژمارە (١٤٦٧ی ٢٠١٥/١/١١) (هاوڵاتی) بوو.

با سەیری ئەم ناونیشانانە بکەین لە رۆژنامەی خەبات ژمارە (٤٧٢٠ی ٢٠١٥/١/١١) لاپەڕە سێزدە. نووسراوە (شکاندنی پێوانەی یاریی بە کەنەفە لە تایوان) ئەگەر بمانەوێت بە کوردییەکی رەوان ئەم رستەیە بنووسینەوە دەبێت وەها بنووسرێت ( لە تایواندا یاری گوریسانێ بۆ بەدەستهێنانی یەکەم، کرا) لە شێوە نووسینەکەی رۆژنامەکەدا نابێت (یاریی) بە دوو (ی) بنووسرێت. ئینجا (بە کەنەفە) کەمەبەست لێی (تەنافە- گوریسە). واتە یارییەکە بە کەنەفە کراوە، وەکو بڵێت راکردن بە بایسکل، یا بە پێ رۆیشت، نەک بە ئۆتۆمبێل. لێرە مەبەست ئەوە نییە بە چی کراوە، بەڵکو خودی یارییەکە ناوی کەنەفە. وەکو بڵێیت (تۆپانێ) کرا (دامە کرا). دەبووایە بگوترێت (پێوانەیی) تاکو مەبەستەکە رون بێت.

لە هەواڵێکی دیکە نووسراوە کەناونیشانەیە بەم شێوەیە (یەکەم قاوەخانەی تایبەت بە پشیلە کرایەوە!) لە بەشێکی هەواڵە پێنج دێڕی و نیویەکەدا هاتووە: (قاوەخانەی تایبەت بە «پشیلە» لە جیهاندا کرایەوە. لەوڵاتی ئوستراليا و شاری ملبۆرن قاوەخانەی تایبەت بە گیانلەبەری «پشیلە» لە جیهاندا کرایەوە. کە قاوەخانەیەکی تایبەت بە پشیلە بەرووی مشتەرییەکاندا بکرێتەوە..... لە کۆتاییدا دەڵێت: کە لە ساڵی ١٩٩٨ بۆ یەکەمین جار قاوەخانە تایبەت بە پشیلە لە تایوان کرایەوە).

دیسانە نیشانەی سەرسوڕمان هەیە، گلەییمان نییە، بەڵام وەکو لە نێو هەواڵەکەدا هاتووە، دەبێت ئەمە یەکەم نەبێت چونکە پێشتر لە ساڵی ١٩٩٨ لە تایوانیش قاوەخانەی لەمجۆرە کراوەتەوە. کە دەڵێت (قاوەخانەی تایبەت بە «پشیلە» لە جیهاندا کرایەوە). بۆ پشیلە خراوەتەوە نێو دوو ( « ..»). چما لە زمانی کوردی پشیلە وشە و ناوێکی نامۆ و نەناسراوە، تا بەمجۆرە بە خوێنەر بناسێنرێت. ئینجا جیهان لە کوێیە؟ کە دەڵێت لە جیهان کرایەوە، واتە شوێنێکی دیارکراوە. ئێمەی کوردی نووس گەلێکجاران دووچاری کێشەی نووسین لە بارەی (شوێن و کات) دێین، ئەمەش بە هەڵە باوەکان دادەنرێت. باشە کەس نازانێت ئوستراليا وڵاتە، براله نەڵێی مەبەستم بووە لە گەڵ کیشوەر تێکەڵ نەبێت، دەکرا بنووسرێت لە (شاری ملبۆرنی ئوستراليا). ئیدی ئاو بێنە و دەستت بشۆ. یاخود دەڵێت (گیانلەبەری پشیلە) کەواتە پشیلە گومانی لێدەکرێت گیان لەبەر بێت، ئەمە وەکو ئەوە وایە بڵێن کراسی پشیلە، بایسکلی پشیلە، ئەمە وەکو هەبوونی شتێک بۆ پشیلەکە دەگەڕێتەوە، نەک باسی ئەوە بکرێت کە پشیلەش گیان لەبەرە. واتە بە کورتی (جۆرێکە لە حەیوانات).ئەگەر دیقەت لەم رستەیە بدەین: (کە قاوەخانەیەکی تایبەت بە پشیلە بەرووی مشتەرییەکاندا بکرێتەوە)، وەکو ئەوە وایە تۆ دیواری خانوێک بە بلۆک بکەیت، کەچی لە ناوەراستی سێ خشتی قوڕ بەکارهێنابێت، لەم رستەیەشدا هەست دەکەیت، هیچ پەیوەندی و بەیەکەوە بەستنەوەیەکی لەبار لە گەڵ رستەکانی پێشەخۆی و دوای خۆی نییە. ئینجا خودی رستەکە پێویستی بە سەرەو ژێر کردنێکی وەستایانە هەیە. ئێ هەر بەرویاندا دەکرێتەوە، ماڵت بە قوڕ بەگیرێت کەس هەیە، بە پشتی کڕیار نەک موشتەریدا شوێن و دوکانەکەی بکاتەوە. کورد دەڵێت بەروی دادایەوە، تفێکی لە رووی کابرا کرد. بەرووی کڕیارەکاندا کرایەوە، هێندە مەبەست ناگەیەنێت، لەهەواڵەکەدا مەبەست ئەوەیە بگوترێت (وەکو قاوەخانەیەکی تایبەت بە کڕیارەکان بکرێتەوە).

بۆیە دەڵێم، زمانی رۆژنامەی ئێستە لە گێژوایێکدا خول دەدات، هاگات لە خۆت نەبێت، دەخنکێی و ئاو ئاو دەچێت.

# لە پاریسەوە تا کوردستان: ئیدانەی تۆقاندنی ئازادی بیرورِا دەکەین




**پ. بەدرخان**

**ڕۆژی 2015/1/11 سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان لەبەردەم قۆنسولخانەی فەڕەنسا لە هەولێر بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بە پەلاماردانی هەفتەنامەی (شارلی ئیبدوی فەڕەنسی) لە ئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی 12 کەس.**

**سەرەتا ئازاد حەمەدئەمین نەقیبی ڕۆژنامەنوسان لە وتەیەکی کورتیدا گوتی: ئەمڕۆ ڕۆژێکی ڕەشە بۆ هەموو ئەوانەی دەخوازن ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین کپ بکەن لە کوردستان بێ یان فەڕەنسا.**

**لە پاشان بەیاننامەی سەندیکا لە لایەن هەندرێن ئەحمەد سکرتێری ڕۆژنامەنووسان خوێندرایەوە.**

**پاشان سەر قونسولی گشتی فەڕەنسا لە هەولێر لە وتەیەکی کورتیدا گوتی: ئەمڕۆ سەرجەم مرۆڤایەتی دڵ دەنگە لە بەرامبەر ئەو کارەساتەی بەسەر هەفتەنامەی (شارلی ئیبدوی فەڕەنسی) هات جێگای خۆشحاڵی ئێمەشە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ڕۆژنامەنوسانی کوردستان دەنگی نارەزایی بەرامبەر ئەو کارە نەشیاوە دەرهەق بە مرۆڤایەتی دەردەبڕن. لە پاشان نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لە وتەیەکی کورتیدا هاوخەمی شاری هەولێری گەیاندە گەلی فەڕەنسا.**

**ئەمەش دەقی بەیاننامەی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان**

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی ئازادیخوازانی جیهان لە ئیدانەکردنی ئەو کارە تیرۆریستییەی کەکراوەتە سەر بارەگای هەفتانەمەی (شارڵی ئیبدۆ) لەپاریس کەتیایدا (12) کەس کوژراون و ژمارەیەکیش برینداربوون.

ئەو گروپە جیهادییانە بەم کارە نامرۆڤانەیە، ئەگەر شتێک پیشانی جیهانی بدەن، ئەوا ڕووی ڕاستی ئەم جۆرە ڕێکخراوانەیە، کە هیچ جۆرە پرەنیسیپێک و سنوورێک ناناسن و تەنانەت دەیانەوێ لەهەموو دونیادا ترس و تۆقاندن بڵاوبکەنەوە، ئەمەش ڕۆژگارێکی سەخت دەهێنێتە پێشەوەو ڕووبەڕووی بەرەنگاری توندی ئازادیخوازان و بەهاکانی ئازادی ڕادەربڕین دەبنەوە.

لەکاتێکدا کارێکی تیرۆریستی لەپاریس لەدژی ڕۆژنامەنووسان ئەنجام دەدرێت و لە هەندێک شوێنی دیکەی جیهانی ئیسلامی و عەرەبیش هەندێک لەڕێکخراوەکانی ئیسلامی سیاسی دژایەتی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی دەکەن و لەگەڵیشیدا ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لەژێر پەردەی کلتوورێکی کۆندا دەیەوێ هەموو ئازادییەکان کۆت و بەند بکات و سەردەمانی کۆنی کۆیلایەتی و تەپەسەرکردن، بکاتە مۆدێلی نوێی خۆی، بەمەش سوود لەهەست و سۆزی گەلانی ئەم ناوچەیە بۆ ئیسلام وەردەگرن، لەهەمانکاتدا، لەکوردستانیشدا بەبڕو بیانووی جۆراوجۆر دژایەتی دەستەبژێری ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگای کوردستانی و ئازادیخوازانی ڕێگای مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی و ئازادی بیرکردنەوە و نووسین و بڵاوکردنەوە دەکەن، هەموو جۆرە هەنجەتێکیان پێ دەگرن و سوود لەو یاسا بەرکارانەش وەردەگرن بۆ ئەم مەرامە پڕ لەمەترسییە، کە هێرشی ناڕەوا بۆ سەر ڕۆژنامەنووس و نووسەر (حەمە سەعید حەسەن) لەم ئاراستەیە بەدەرنییەو هێرشی لەم جۆرەش بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان و بیرمەندان، پێشینەی دوورو درێژی هەیە.

ئەم هێرشە بۆ سەر ڕۆژنامەنووسانی هەفتەنامەی شارڵی ئیبدۆ (Charlie Hebdo) و هێرشی ناڕەوا بۆسەر ئازادی بیرکردنەوە لەکوردستان و ناوچەکەدا، هەمان ئامانج و سەرچاوەی بیرکردنەوەی لەپشتە، ڕەوشێکی نوێ هاتۆتە پێش کە دەخوازێت دەسەڵاتی سیاسی لەوڵاتەکان و کۆمەڵگاکانمان بەگشتی لەدژی ئەم بارە نوێیە بەئاشکرا بەرەی ئازادیخوازان هەڵبژێرن و بەرەی تیرۆریستانی فیکری و جەستەیی ڕیسوا بکەن.




سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەناوی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە هاوخەمی خۆی دەگەیێنێتە گەل و هاوکارانمان لە ڕۆژنامەنووسانی فەرەنسی و خانەوادەی ڕۆژنامەنووسە تیرۆرکراوەکان، هیوای چاکبوونەوەی خێراش بۆ بریندارەکان دەخوازێت.

هەروەکو ڕۆژنامەنووس (ستیفان شاربۆنێر - شارب) سەرنووسەری هەفتەنامەی (شارلی ئیبدۆ)، لە وتارێکیدا لەژێر ناوی (کوردەکان هەموومان دەپارێزن)دا دەڵێت: (ئەوان تەنها کورد نین، ئەوان تەواوی مرۆڤایەتین و خەبات دەکەن دژی تاریکی و دۆزەخ).

ڕێگا لە کاروانی ئازادیخوازی ناگیرێت

**ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**





FRANCE TÉLÉCOM : SILENCE, ON VIRE P. 2
16 DÉCEMBRE 2009 / N° 913
CHARLIE HEBDO
www.charliehebdo
CADEAU LE DERNIER POSTER DE JOHNNY
IDENTITÉ NATIONALE DONNONS LA PAROLE AUX ATHÉES ! P. 3
CHAMBRES RÉGIONALES DES COMPTES FLINGUÉES PAR SARKO P. 7
RÉFORME DU LYCÉ « LA SUPPRESSION DE L'HISTOIRE, C'EST POLITIQUE » P.

ماس میدیا



د. سامان جەلال

## میدیاو توندوتیژی و پێشێلکاری

هەموو ئەو هەڕەشەو توندوتیژی و پێشێلکارییانەی کە دەرهەق بەرۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن و میدیاکاران لە هەرێمی کوردستاندا کراون، نووسین و بەدیکۆمێنتکردنی شەش مانگی پێشێلکاریەکان لەبەرامبەر رۆژنامەنووسان لە راپۆرتەکانی لیژنەی داکوکی لە مافی رۆژنامەنووسان و ئازادی رۆژنامەنووسی، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە هەلو مەرج و دۆخێکی جیاوازدا ئامادەکراوە. بۆیە ئەگەرچی ژمارەی پێشلێکارییەکانی دژ بەرۆژنامەنووسان تارادەیەک رووەو کەمبوونەوە چوون، بەڵام هێشتا بەکۆتا نەهاتوون و هەندێک دیاریدەو دەرهاویشتەی تر لەنێو دەزگاکانی راگەیاندن و لای رۆژنامەنووسان دەرکەوتن و بوونە جێگای پرسیارو ئالۆزکردنی رەوشی میدیا لەهەرێمی کوردستاندا. بەبەراورد لەگەڵ ئاماری پێشووتری ساڵی رابردوو، بەتایبەتی لە راپۆرتەکانی دوانزدەهەمین و سێزدەهەمین لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان، پێشێلکارییەکان بەئاستێک کەمیان کردوە، بەڵام هێشتا لەلایەن دەزگا پەیوەندارەکان وەڵامی راپۆرتەکانی تر نەدراوەنەتەوەو بۆنەتە جێگای نیگەرانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان و میدیاکاران و رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها بێ هوودەیی هەموو ئەو ناوەندانەی کار لەسەر پاراستنی بەها مرۆڤایەتییەکان دەکەن، چ ئەو ناوەند و سەنتەرو دەزگا ناوخۆییەکان بێت یان دام و دەزگا و رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان بێت، کە کار لەداکۆکی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی رادەربڕین و میدیا دەکەن. هەر لەو ماوەیەدا رەوشێکی ناهەموار بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتەوەو هەرەشەی گروپە توندرەو تیرۆریستەکان بەتایبەتی گروپی تیرۆریستی (داعش) بۆ سنوور و چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، چڕکرانەوە. کاریگەریی ئەو رەوشە ناهەموارو نەخوازراوە، لەسەر جومگەکانی هەرێمی کوردستان و هەندێک لەناوچەکانی عیراق تا دەهات زیاتر دەبوون، بۆیە رووداوەکان بووە هۆی سەرنج راکێشانی زیاتری میدیا کوردی و نێودەوڵەتییەکان، بەڵام لەبەرامبەردا جولەی هەندێک لە دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسان، دوور بوون لەکاری زانستی پیشەیی و ئەخلاقی رۆژنامەنووسی، بەشێوەیەک هەندێک کاری میدیا کاریگەری نیگەتیفیان دەکردە سەر نەخشە سەربازییەکانی هێزی پێشمەرگەو کارئاسانیکردن بۆ گروپە تیرۆریستەکان... هەروەها هەر کەناڵێکی میدیایی و هەر رۆژنامەنووسێک بەشێوەیەکی جیاواز، رووماڵی رووداوەکانی دەکرد و زانیاریەکانی دەردەبڕی و دەیگەیاند، بۆیە ئەو جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ زانیاری میدیاییدا، زۆرجار دەبوونە سەرلێشواندن و بەلارێدابردنی هاووڵاتی و خەڵک و کۆمەڵگا. بۆیە دەخوازین، رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن، لە یاریکردن بە هەواڵ و بەکارهێنانی زانیاری وورووژاندن، بەمەبەستی کێش کردنی سەرنجی وەرگر، دووربکەونەوەو هەوڵ بدەن وەک ناوەندی ئەکادیمی و وەک رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ، کاری رۆژنامەنووسی و میدیایی خۆیان بکەن و بەرهەمەکانیان نەبێتە ژەهرێکی کۆشندە بۆ کۆمەڵگا و هەروەها نەبێتە هەرەشە بۆ دەزگا ئەمنیەکان و ئاسانکاری کردن بۆ نەیاران و گروپە تیرۆریست و توندرەوەکان. هەروەها داواکارین هەرچی زووە وەڵامی راپۆرتەکانی تر و ئەم راپۆرتە لەلایەن دام دەزگا پەیوەستدارەکان بدرێتەوەو بەهەند وەربگیرێت و بەدواداچوونی ووردی بۆ بکرێت، بۆئەوەی هەم نەشوونما بەجوولەی دیموکراسی لەهەرێمی کوردستان بکرێت و هەم ناوەندە رۆژنامەنوسیەکانی هاوشێوەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان، بەو رادەیە نیگەران نەکات، تاوەکو ناچاربین، لەرێگەی کاری مەدەنییانەی دیکە پەنا بۆ گوشاری زیاتر بۆ ناوەندە پەیوەندارەکان بەرین.

# پێشنیازێک سەبارەت بە رووماڵی میدیای کوردی لە سەردەمی شەڕدا





ئەرسەلان رەحمان*

میدیا بە گشتی بە فاکتەرێکی سەرەکی و کاریگەر و وەک یەکێک لە ئامرازەکانی بەڕێوبردنی قەیرانەکان هەژمار دەکرێت. لە ئاستی نێودەوڵەتییدا تا دێت کاریگەری میدیا لەسەر یەکلاکردنەوەی ململانێی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان، خولقاندنی قەیران و کێشە، تەنانەت بەرپاکردنی جەنگیش فراوانتر دەبێت. بە پێچەوانەشەوە کاریگەرییەکانی لەسەر هێورکردنەوەی ململانێکان، بەدیهاتنی ئاشتی، گەیشتنە چارەسەر دیار و بەرچاوون.
بە هۆی سنوور نەناسیین، رووماڵکردنی رووداوەکان، گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری، درووستکردنی رایگشتی سەبارەت بە پرسەکانی رۆژ، لەپاڵ ئەوانیشدا کاریگەری میدیا لەسەر رای تاک و بەجێهێشتنی کاریگەری لەسەر دەروونی تاک وایکردووە، لە ئاستی نێودەوڵەتییدا بایەخی زیاتر بەو پرسە بدرێت.
کاریگەری میدیا لە بەڕێوبردنی قەیرانەکاندا ماوەی زیاتر لە چوار دەیەیە لە ئەوروپا و ئەمریکا بووەتە جێی باسوخواسی ناوەندە زانستییەکان. بە سەدان توێژینەوەی لە بارەوە کراوە. تیۆری جۆراو جۆر بۆ شیتەڵکردنی هاوکێشەی نێوان میدیا و قەیرانەکان هاتوونەتە ئاراوە. لە ناو وڵاتانی عەرەبیشدا لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، لێرەو لەوێ ژمارەیەک توێژەر کەوتوونەتە شوێن بەدواداچوونی ئەو پرسە، بەڵام بەداخەوە بۆ ئێمەی کورد هێشتا لە ئاستی ناوەندی زانستیی و توێژینەوەییدا ئەو پرسە بە شێوەیەکی جێی بایەخ نەهاتووەتە ئاراوە. رەنگە لێرە و لەوێ هەوڵی تاکە کەسی هەبووبن بۆ بەدواداچوون و توێژینەوەی مەیدانی و تیۆری سەبارەت بەو پرسە، بەڵام هێشتا لە سەرەتادایین و ناوەندی ئەکادیمی و میدیایی کوردیی وەک پێویست پێی ئاشنا نییە.
میدیا بە دوو باری «ئەرێنی» و «نەرێنی»یدا کاریگەری گەورەی لەسەر قەیرانەکان هەیە. بە باری ئەرێنییدا مەبەست لێی رووماڵکردن، شەنوکەوکردنی بابەت و هەواڵ و زانیارییەکانی پەیوەست بە قەیرانێک و ئەنجامدانی هەڵمەتی میدیاییە بۆ هێنانەدی مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو سەبارەت بە دەرچە و چارەسەری قەیرانەکە.
هەرچی باری نەرێنییە؛ خۆی لە رووداپۆشین، پەردە بەسەردادان، ژێرلێوخستنی رووداوەکان، بچووک کردنەوەیان و هەوڵدانە بۆ کەمکردنەوەی سەنگیان بەسەر کایەکانی دیکەوە. جا هەندێکجار ئەو سیاسەتە میدیاییە «گشتگیرانە«یە و بە هەموو شێوەیەک دەیەوێت رووداو و قەیرانەکان بشارێتەوە. هەندێکجاریش «بەشەکییە» و تەنیا دەرفەت بە لایەنێکی بچووکی قەیرانەکە دەدات بۆ ئەوەی باسبکرێت و لە ئەندازەی خۆی بچووکتری دەکاتەوە.
توێژینەوەکانی بواری رووماڵی میدیا بۆ قەیرانەکان ئەوەیان دەرخستووە، لە کاتی رووماڵی قەیراندا، میدیا بە سێ قۆناغدا گوزەر دەکات. ئەوانیش پێکهاتوون لە:
قۆناغی یەکەم: رووماڵی هەڕەمەکییانە؛ لەو قۆناغەدا میدیا هیچ ئاسۆیەکی لێوە دیار نییە. بە شێوەیەکی هەڕەمەکییانە رووماڵی قەیرانەکان دەکات.
دووەم: قۆناغی گشتاندنی رێکخراو؛ لەم قۆناغەدا میدیا قورسایی و کاریگەری قەیرانەکەی بۆ روونەدەبێتەوە. لە لایەنە جیاجیاکانی تێدەگات. بە بەرچاوڕۆشنییەوە دەیەوێت رووماڵ بکات. زانیارییەکان بە شێوەیەکی ئامانجدارانە دەگوازێتەوە.
قۆناغی سێیەم: سازان و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ قەیراندا؛ میدیا دەستوپەنجە لەگەڵ قەیرانەکە نەرمدەکات. دەیەوێت بیروڕای نوێ و لێکدانەوەی نوێ بۆ قەیرانەکە بخاتەڕوو.
ئەوەی جێی بایەخە لە رووماڵی میدیایی بۆ قەیراندا، میدیا بە دۆخێکی هەستیاردا تێپەڕدەبێت. رەنگە لە لایەکەوە سانسۆر و چاودێری لایەنی رەسمی بەسەرییەوە زیاتر بێت. لە لایەکی دیکەشەوە رەنگە لە نەزانیینەوە زۆرجار میدیاکاران و کەناڵەکانی راگەیاندن ببنە بەشێک لە هەڵمەتی پڕوپاگەندەی لایەنە ناکۆکەکانی قەیران، بە تایبەتی ئەگەر قەیرانەکە شەڕ بوو لەگەڵ لایەنێکی دەرەکییدا ئەو کاتە مەترسی ئەم لایەنە زیاتر دەبێت و رەنگە میدیای ناوخۆیی جێگەی تابووری پێنجەم و کەناڵی دوژمن بگرێتەوە.
جێی سەرنجە لە نیوەی دووەمی ساڵی رابردوودا، هەرێمی کوردستان بە ژمارەیەک قەیراندا تێپەڕی. هەر لە کێشەی دارایی و نەبوونی موچەوە بگرە، تا دەگاتە هاتنی بە لێشاوی ئاوارەکان و لە سەرووشیانەوە هەڵگیرسانی شەڕی داعش بوو، بە تایبەتی دوای داگیرکردنی جەلەولا و شنگال لە لایەن داعشەوە.
لە ماوەی شەش مانگی رووماڵی شەڕی داعشدا، میدیای کوردی وەک ئەوەی پێویست بوو، بە باری ئەرێنییدا رووماڵی شەڕی داعش بکات سەرکەوتوو نەبوو، بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین لە بری بەهێزکردنی سەنگەری کوردستانی بەرامبەر بە داعش، لە هەندێک کات و قۆناغی جیاوازی شەڕەکەدا، بووە ئامرازێک بۆ پڕوپاگەندەی داعش. کاریگەری نەرێنی لەسەر رایگشتی کوردستانی دژ بە شەڕی داعش و ورەی خەڵک و پێشمەرگە درووستکرد. رەنگە چۆڵکردن و راکردنی هاووڵاتییانی شارۆچکەی مەخمور و هەندێک خێزانی نیشتەجێبووی هەولێر دیارترینی ئەو کاریگەرییانە بێت، کە میدیای کوردی لەسەر نەک رایگشتی، بەڵکو دەروونی هاووڵاتییانیش لە بەرژەوەندی داعش درووستیکرد.
قسەکردن لەسەر رووماڵی میدیای کوردی بۆ شەڕی داعش پێویستی بە توێژینەوەی زانستی وردتر هەیە. پێویستە ناوەندی زانستی و توێژینەوەی میدیایی لە هەرێمی کوردستان رێگە نەدەن ئەو پرسە فەرامۆش بکرێت. هەقی ئەوەی هەیە لە چەندین رووی زانستییەوە بە تایبەتی کایە زانستییەکانی پەیوەست بە راگەیاندن کاری توێژینەوەی تیۆری و مەیدانی لەسەر ئەو پرسە بکرێت. بۆ ئەوەی بتوانین ئەو قۆناغەی مێژووی میدیای کوردی بکەینە سەرەتایەکی گرنگ بۆ هێنانەدی میدیایەکی بەرپرسیار و پرۆفیشناڵی ئەوتۆ، کە بتوانێت لە کاتی قەیراندا ببێتە پشتیوانیی بەرژەوەندی نەتەوەیی و هاوڕێ لەگەڵ پیشەیی بوونی خۆیدا ناسنامەی نەتەوەیی خۆیشی بپارێزێت.
هاوکات پێویستە هەرچی زیاترە میدیای رەسمی کوردیی و کەناڵەکانی راگەیاندن، سەبارەت بە رێوبردنی رووماڵی میدیایی بۆ قەیران و شەڕ و ململانێکان کۆششی زیاتر بە خەرج بدەن و کۆرسی راهێنانی تایبەتمەند بەو پرسە بۆ میدیاکارانیان بکەنەوە، بۆ ئەوەی میدیا ببێتە بەشێک لە پرۆسەی یەکخستنی نێوماڵی کورد دژ بە هەڕەشەی دەرەکی و بە تێڕوانینێکی نەتەوەییانەوە شەنوکەوی بابەتی رۆژنامەوانی و هەواڵ و زانیارییەکان.

*** بەڕێوبەری ماڵپەڕی رۆژنامەوانی تایبەت بە هونەر و زانستی راگەیاندن.**
**arsalan.rahman@yahoo.com**

### لە ئەرشیفی فیستیڤاڵی بەدرخانەوە

# راگەیاندراوی کۆتایی دەیەمین فیستیڤاڵی (بەدرخان) لە ئۆکرانیا

لەژێر دروشمی «کەلتوور لەنێوان خۆشەویستی و ژیان «داو، بەچاودێری بالیۆزخانەی کۆماری عێراق لەئۆکرانیا، رۆژانی (27_28/ 8/ 2013) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، دەیەمین فیستیڤاڵی خۆی، سەرکەوتووانە بەڕێوە برد.

ویستگەی یەکەم:

کاتژمێر 11 ی پێش نیوەڕۆی 27/8/ 2013 بەئامادەبوونی بەرێز شۆرش خالید، باڵیۆزی کۆماری عێراق و، جەزائیرو، مەغریب لەئۆکرانیاو، کۆنسڵی بەشێک لەوڵاتانی تری ناوچەکەو، هەریەک لەنوێنەرایەتی پەرلەمان و، وەزارەتی رۆشنبیری ئۆکرانیاو، سەرۆکی زانکۆی کیڤ و، ئەندامانی بالیۆزخانەی کۆماری عێراق و، سەرۆکی کۆمەڵەی کۆمەڵایەتی کوردی «میدیا» و، سەرۆکی ماڵی عێراقی لەکیڤ و، میوانانی ولاتانی ئێرلەنداو، ئەڵمانیاو، کازاخستان، دەیەمین فیستیڤاڵی بەدرخان، لەهۆڵی زانکۆی کیڤی نیشتمانی(The National University of theatre, cinema and television of Karpenko-Kary

The main building address: 40 (Yaroslaviv Val Street, Kyiv, Ukraine

بەم شێوەیەی خوارەوە دەستی بەکارەکانی خۆیکرد.

لەسەرەتادا، وتەی بەخێرهاتن لەلایەن سمکۆ ئەنوەر ئەندامی لیژنەی باڵای فیستیڤاڵ، خوێنرایەوە. دوای ئەوە، سروودی» بەدرخانی خاک پەروەرم» لەهۆنراوەی مامۆستا»جەمال عەبدول «و، ئاوازی «ئەنوەر قەرەداغی» پێشکەش کران.

دواتر، وتاری پەرلەمانتاری ئۆکرانی و، سەرۆکی کۆمەڵەی دۆستایەتی ئۆکرانی _ عێراقی، لەلایەن (نیکۆلای نیکۆلایفتیش رۆدکۆفیسکی) خوێندرایەوەو، تیایدا جەخت لەپەیوەندی نێوان گەلی کوردو ئۆکرانی لەرێگەی ئالوگۆڕی کەلتووری و، هونەری و، ئەدەبییەوە کرایەوە، دواتر باڵیۆزی کۆماری عێراق «شۆرش خالید سەعید» وتەیەکی پێشکەشکردو، تیایدا ئاماژەی بەگرنگی سازدانی فیستیڤاڵی دەیەمینی بەدرخان کرد لەئۆکرانیاو، بەسەرەتای دروستکردنی پەیوەندی کەلتووری نێوان هەرێمی کوردستان و ئۆکرانیای ناساند، هەروەها دەستخۆشی ئاراستەی رێکخەران و شاندی بەشدرابووی فیستیڤاڵ کرد، هەروەک چۆن لەبەرامبەر ئەو کارئاسانی و هاوکارییەی پێشکەشیانکردوە، سوپاسی خۆی ئاراستەی بالیۆزی ئۆکرانیا لەعێراق و، سەرۆکی زانکۆی کیڤی نیشتمانی کرد، لەلایەکی ترەوەو، هەر لەوتەکەیدا، باڵیۆزی عیراق لەئۆکرانیا، دەستخۆشی لە (حەمید ئەبوبەکر بەدرخان) کرد بۆ ئەنجامدانی ئەم فیستیڤاڵە لەو وڵاتەدا.

دواتر پەیامی وەزارەتی رۆشنبیری ئۆکرانیا لەلایەن خاتوو «ئۆلیگا» خوێنرایەوە، هەر لەمیانی ویستگەی یەکەمی کۆنفرانسدا، پەرلەمانتاری پێشووی ئۆکرانیا «یڤگینی دوبریاک «وتارێکی دەربارەی سازدانی فیستیڤالی کەلتووری نێوان نەتەوە جیاوازەکان پێشکەشکردو، ئەم فیستیڤاڵەی بەهەنگاوێکی ئەرێنی وەسفکردو، لەلای خۆیشییەوە بەناوی بەشی کاروباری نەتەوەکان لەئەنجومەنی پارێزگای کیڤ، پشتیوانی خۆی بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارو چالاکییانە دوپاتکردەوە.

لەدوای ئەوە، وتاری رێکخەری دەیەمین فیستیڤاڵی بەدرخان لەلایەن «حەمید بەدرخان» بەرپرسی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان پێشکەشکراو، تیایدا ئاماژەی بەوەدا «کەلتوور لەنێوان خۆشەویستی و ژیان بەواتای کەلتوور خۆشەویستیە، ژیانە ئاییندەیە، داهاتووە، شوناسە، رایەڵەی بەیەکەوە ژیانی گەلانە، هەمووومان دەبێ بۆ ژیان دۆستی و ژیان خۆشی کەلتوور پەرستبین».

ویستگەی دووەم:

لەوێستگەی دووەمی ڤیستیڤاڵدا، پێشانگەی تایبەتی هونەرمەند «نامیق عەلی قادر» تیایدا( 30 )کاری هونەری لەپەیکەر گرافیک و تابلۆو فۆتۆو پێشانگای کتێب و زیاتر لە 100 ناونیشانی جیاواز، خرا بوونە روو، لەلایەن باڵیۆزی کۆماری عێراق و، بەئامادەبوونی میوانان و بەشداربووانی فیستیڤاڵ و سەرۆکی زانکۆی کیڤی نیشتمانی کرایەوە.

هەر لەوێستگەی دووەمدا، میوانان و، بەشداربووانی فیستیڤاڵ، هیوای چاکبوونەویان بۆ بەرێز سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ «جەلال تاڵەبانی» خواست، هەروەها هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو ئوسەیمە خان جەلادەت بەدرخانی خوشکی شازادە سینەم جەلادەت بەدرخان، لەتەمەنی 83 ساڵیدا، ڕاگەیەندراو، بەناوی دەیەمین فیستیڤاڵی بەدرخانەوە پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی سینەم خان و بنەماڵەی بەدرخانیەکان کرا، جێگەی باسە وەفدی میوان لەکوردستانەوە پێکهاتبوون لە (45) نووسەرو رۆشنبیرو رۆژنامەنووس و هونەرمەندو مامۆستایانی زانکۆو، بەئامادەبوونی میوانی وڵاتانی کازاخستان و ئەڵمانیا و ئێرلەنداو رووسیاو زۆرێک لەمیوانانی تری وڵاتی ئۆکرانیا.

ویستگەی سێیەم:

لەوێستگەی سێیەم و، رۆژی دووەمی فیستیڤاڵدا، تابلۆی «لاس و خەزاڵ» لە نوسینی دلشاد مستەقا و ئاوازی ئەنوەر قەرەداغی و، تابلۆی «هەڵسانەوەی هەڵەبجە» لە نوسینی نەجم هۆگر و لە ئاوازو میوزیکی و ئەنوەر قەرەداغی بەئامادەبوونی بەشداربووان و، میوانانی ڤیستیڤال، پێشکەش کران.

هەر لەچوارچێوەی وێستگەی سێیەمدا، چەندین باس و توێژینەوە لەلایەن نوسەران و ئەدیبانەوە پێشکەش کران، لەوانە: سیمیناری د.عەدنان جەواد کازمی بەناونیشانی«هەڵو مەرجی قوتابیانی عێراق لە ئۆکرانیا»، هەروەها سیمیناری د.سامان جەلال بەناونیشانی « ئازادی میدیا لەهەرێمی کوردستاندا»، سمیناری عزیز شەمۆ بەناونیشانی «کورتەیەک لەمێژوی رۆژنامەوانی ئێزیدیان»، سمیناری شوان داودی بەناونیشانی «راگەیاندنی کوردی لەدوای راپەریندا»، سمیناری د.عەلی تاهیر بەرزنجی بەناونیشانی «رەخنەی ئەدەبی لەروانگەی زانستی ئەکادیمییەوە» و، سمیناری بەدرخان عەزیز بەدرخان دەربارەی «کوردانی کازاخستان» پێشکەشکران.

وێستگەی چوارەم:

لەم وێستگەیەدا، چەند چالاکییەکی هونەری پێشکەش کران، لەوانە: «شانۆگەری رووحە بلوورییەکانی نیشتمانێک» و، میوزیکی «ئۆرکێسترای کەلتووری نیشتیمانی ئۆکرانی» هەروەها لەلایەن هونەرمەندان: ئەیاس فەرهاد، لەیلا قاسم و، دارین فەرهاد چەند گۆرانیەک بەزمانی ئۆکرانی و، رووسی و، ئینگلیزی و، کوردی پێشکەشکران.

دوا وێستگە:

لەدوا وێستگەدا، راگەیەندراوی کۆتایی فیستیڤاڵی دەیەمینی بەدرخان لەلایەن» حەمید بەدرخان «خوێندرایەوەو، لەمەڕاسیمێکی شایستەدا، مەدالیاو بروانامەی رێزلێنان و، بەشداربوونی فیستیڤاڵی دەیەمی بەدرخان بەخشرایە ئامادەکاران و، بەشداربووانی فیستیڤاڵ.

شیاوی باسە لەکۆتایی فیستیڤاڵدا، بالیۆزی کۆماری عێراق لەئۆکرانیا (شۆرش سەعید) لەوتەیەکیدا وێرای دەستخۆشی لەدەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان و سەرۆکی زانکۆی کیڤی نیشتمانی، سوپاسی باڵیۆزی ئۆکرانیای لەعێراق کردو هیوا سەرکەوتنی بۆ فستیڤاڵی داهاتووی بەدرخان خواست.

ماوەتەوە بگوترێ، ڤبستیڤاڵی یازدە، ساڵی ئاییندە لەوڵاتی ئێرلەندا ئەنجام دەدرێت هەروەک بەرێز فلیپ ژیان لەئێرلەنداوە هاتبوو بەتایبەتی بۆ ئامادەکاری و راگەیاندنی فیستیڤاڵی داهاتوو لەوڵاتەکەیاندا.







بۆچوون

حەسەن یاسین

## شکۆی رۆژنامەنووس

لـەم هەرێمـی کوردسـتانەی ئێمـەدا رۆژنامەنووسـان ژمارەیـان زۆرە. ئێمـە هەرێمێکیـن کـە دانیشـتوانەکەی لـە (٥) ملیـۆن تێـەڕ نـاکات، کەچـی رۆژنامەنووسەکـانمان ژمـارەیان چەندیـن هـەزار دەبێـت.

رۆژنامەمەنووس بووە بەپیشەیەکی ئاسان و ئەم و ئەو بێ هیچ پێشینەیەک و پاشخانێکی رۆشنبیریی گشتی و رۆژنامەنووسی، دەبن بە رۆژنامەنووس و هەر ئەوەندەی کە ئەم لایەن و ئەو لایەن دەستی لەپشتیاندا و پاڵپشتیی دارایی کرد، ئیدی فڵان لەپڕ دەبێ بە خاوەنی رۆژنامە یان گۆڤار و بەدڵی ئەو لایەنەی کە پارەی دەداتێ، پەلاماری ئەو لایەنە دەدات، کە پێیسپێردراوە پەلاماریان بدات و تۆمەتیان بۆ هەڵبەستێ.

کارکردن لە رۆژنامەو بواری رۆژنامەنووسی پێویستیی بەوەیە ئەو کەسە هەمیشە لەهەوڵی خۆپێگەیاندندا بێت و کۆشش بکات بۆ ئەوەی پەرە بە رۆشنبیریی گشتی خۆی بدات و لەڕووی زانیاریی رۆژنامەنووسیشەوە ئاستی خۆی بەرزبکاتەوە.

لەمەیدانی رۆژنامەنووسیی ئێستای ئێمەدا، گۆڤار و رۆژنامە زۆر و بۆرن، زۆرن لەڕووی ژمارەوە، بەڵام بۆر و ئاست نزمن لەرووی ناوەڕۆک و دەرهێنانی رۆژنامەوانییەوە.

زۆرینەی ئەوانەی ئەمڕۆ لەنێو گۆڤارەکاندا وەک سەرنووسەر ناویان لەسەر بەرگ و لاپەڕەی ناوەوەی گۆڤارەکاندا، وەک سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسین، تۆمار کراوە، کەمترین کاریگەرییان لەبواری رۆژنامەنووسیی ئێمەدا نییەو تا ئێستا بەدەگمەنیش رووینەداوە نووسینێکیان کاریگەرییەکی وای هەبووبێت، کە بووبێتە مایەی ئەوەی خوێنەران بەدوایدا بگەڕێن.

لەم ماوەیەی رابردوودا چاوپێکەوتنێکم خوێندەوە لەگەڵ خانمە گۆرانیبێژێکی کورددا، کە یەکێ لەو رۆژنامەنووسانە ئەنجامیداوە، کە لەسەر ەوە ئاماژەم پێکردوون. خانمە گۆرانیبێژەکە خۆی لەچاوپێکەوتنەکەدا ئاماژەی بەباری خراپی دەروونیی خۆی کردووەو باسی ئەوەشی کردووە کە بۆ چارەسەر لەنەخۆشخانەش ماوەتەوە، کەچی تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو خانەمە گۆرانیبێژە لەیەکێک لەکلیپەکانی خۆیدا لەکاتی گۆرانیدا بەشێوەیەک دەرکەوتووە کە حسابی رووت و بێبەرگی بۆ دەکرێ، برای رۆژنامەنووس لێیدەپرسێ تا ئێستا لەگەڵ چەند کەسدا بەمەبەستی سێکسکردن خەوتووی؟ ئایا ژمارەکەت لەبیرە؟ ئایا لەکاتی کلیپەکەدا کە خۆت رووتکردەوە چەند کەس لەوێ بوون؟

برای رۆژنامەنووس بیری چووە ناوی ئەو کەسانەش داوا بکات کە لەوێ بوون؟

ئەم جۆرە رۆژنامەنووسانە جگە لەوەی هیچ شکۆیەکی رۆژنامەنووسییان تێدا نییە، لەهەمان کاتدا دەبنە مایەی شکاندنی شکۆی رۆژنامەنووسیی کوردیش.

# تێپەڕین لە داعش
# خوێندنەوەیەکی سیاسیی سۆسیۆلۆژیانە



ئارام باموکی

## ١-٢

لە بری جیهان لە مەترسیدایین، هەر هێندە جیاوازیی هەیە ئەمجارەیان جیهان بەشێکی باش لەو مەترسییەی بەردەکەوێت، هەرچەند هەندێ ئاماژەی قوڵ و دووریش هەن کە گوزارەی ئەوە دەڵێنەوە کە گوایە ئاڵۆزییە بەرپابووەکەی بەردەرکی کوردان هەر ڕووکەشێکی ئەو یارییە نێودەوڵەتیانەیە کە پێشتر و لە مێژووی ناوچەکەدا ڕوویانداوە.

هەر شێوەیەک لە بیرکردنەوەی داعشیانە یان هەر بیرکردنەوەیەکی دیکەی بە شێوە سیکۆلاری توندڕەوانە، بەپێی کات و شوێن و دیاردەکان قابیلی قەبووڵ نییە، بەهەر شێوازێک لێی بڕوانیت ئیسلام و بنەماکانی پێی ڕەفز و خراپە!، هەر جۆرە قسەیەک لەبارەیانەوە بکەیت لەسەر ئیسلام حساب نییە.!

ئێمە وەک ڕۆژنامەنووس و نووسەری کوردی هەر چۆن قسەیان لەسەر بکەین، هەر چۆن بیریان لێ بکەینەوە، بەهەرچی پێوەرێکی ئاینیی و عەقڵیی بیانخوێنینەوە، مافی خۆمانە، چونکە یەکەمین کەسین کە لێی زەرەرمەندین و تێیدا دەبێت هاوکاری یەکتری بکەین بۆ تێپەڕین و بەجێهێشتنی و مەترسییەکانی دووربخەینەوە، لە برا و خوشکە موسڵنان تەنانەت ناموسڵمانەکانیش و هەر بستە خاکێکی کورد.

هەر چۆن بۆ خەڵکی کوردستانی ڕوونبکەینەوە کە ئیسلام جیاوازە لە مێژووەکەی، بە تایبەت ئەو مێژووەی تێکەڵە بە کێشەی نێوانەکان، تێیدا خەڵکێکی زۆر بوون بە قوربانی و دەستی ئەم و ئەوی تێدا جوڵێنراوە، مێژوویەک کە مرۆڤی خراپ دەستی تێدایە و ئیسلامیش ئەسڵێکی هەیە ناگۆڕێت، سەبارەت بە ژیار و کۆمەڵکارییە مرۆیی و مەدەنییەتەکەی کە پەیامی ئاشتی و خۆشەویستی پێیە.

ئیسلامێک وەک دواپەیامی خودایی بۆ سەرفرازیی بەشەریی هاتووە و هیچ پێوەرێکی سیاسیی و فەلسەفی ناتوانێ لەکەداری بکات، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای کوردیی کۆمەڵگایەکی عورفیی و عاتیفییە لە زۆر ڕووەوە، کە ڕەنگە لە ئێستا کەسمان زۆر نەوێرین ڕوون و ڕاست و وەک خۆی قسە لەسەر داعش بکەین و تێیپەڕێنین، هەم لەبەر ئەوەی زۆر جار قسە لەسەر لایەنێکی ئیسلامیی، بەلایەنی کەم دەرکەوتەیەکی بەناو ئیسلامیی، یان قسەی سادەیی ڕەخنەیی لەسەر ڕەوتێکی سیاسیی ئیسلامیی، هەموو ئەمانە ڕووبەڕووی کێشەی ئاینیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیت دەکەنەوە، چونکە ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی کوردستان زۆرجار قسەی جدیی هەڵناگرێت، یان پرسە سیاسیی و هەنوکەییەکان تەحەمولی ئەوە ناکەن قەسەیان لەسەر بکەیت، ئەوەش بە حوکمی ئەوەی کە چ نوخبەی کوردیی و چ ڕەشایی خەڵک، لەسەر یەک بنەمای ستوونی توند تێگەیشتنیان هەیە و گۆرانکارییە نوێیەکان ورد هەزم ناکەن، یان تێگەیشتنیان کورتخایەن و توند، ئەم پێوەرە لە تێگەیشتنی ئێمە سەلیمانراوە بەسەر ڕەوتی سیکۆلاری کوردیشدا.

دەبێت هەموومان وەک یەک ڕامان ڕوون بێت لەسەر داعش و بیرکردنەوەی داعشیانە، پێش هەر خوێندنەوەیەک بۆی، دەبێت گومانمان هەبێت نەخشەیەکی گەورەی وڵاتانە و تێکەڵەیەکیشە لە زوخاوی کوڵاوی ئەهلی سوننە و بەعسییە کۆنەکان و موسڵمانی توندڕەو و سادەی هەموو جیهان و ناوچەکە، کە بە عەشوایی دەجوڵێنرێن و وەک هەل و مەبەستی تایبەت و سیاسیی جڵەوی ڕاستەقینەی خۆی لەدەستداوە، لەسەر زوڵم و زۆر و تاوان و ستەمکارییەکانی ئەهلی شیعەی عێراقی و دەوروبەر لەسەر ئەهلی سوونەی عێراقی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە نەدەبوو ئەم جەنگە بەردەرگای کوردی بگرتایە، بەڵکو دەبوو ئێستا بەغداد و نەجەف و کەربەلا و بەسرەی بگرتایەتەوە.

سەرەتا چەند خوێندەوەیەک هەبوو، یان بڵێین دانپێدانانێک هەبوو، لەسەر دیاردەی داعش و خوێندنەوەکانی سەری، بۆ داعشێکی دیار و بەرچاوی سەر گۆڕەپانی جەنگ و داعشی ئەو دیو گۆڕەپان و نەخشە نهێنییەکەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ناوچەکە، کە بۆ مەبەستی سیاسیی و ئاژاوەی ناوچەکە درووستکراوە، بۆ سەر گۆڕەپانی سیاسیی و ئابووریی و ئاینیی و کۆمەڵایەتیی، بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و ململانێکانی وڵاتان و تەسفییە حسابە نهێنییەکان، لە میسرەوە تا عێراق و سوریا، پاش تەواوبوونی ئەو نەخشەیە، یان سەرکەوتن و شکستی ئەو نەخشە نێودەوڵەتییە، ئێستا بە داری عەسا ڕووبەڕووی کوردیان کردووەتەوە، هەروەک چۆن لەم ڕۆژانەشدا سەرۆکی هەرێم وتبووی دەزانین کێ داعشی لە ئێمە هانداوە.

خوێندەوەکان سەرەتا وتیان داعش ڕەوانەی سوریا دەکرێت و لە ڕێی تورکیاوە دووبارە نۆژەن دەکرێتەوە بە شێوازێکی نوێ و پڕچەک دەکرێتەوە، دیارە لە سوریاش مەحەلی سەرکەوتن و شکستی دەبێت خوێندنەوەی تایبەتی خۆی لەسەر بکرێت و بخرێتە بەر لێکۆڵینەوەوە، پاش ئەوەی سوریا بە پاڵپشتی ڕوسیا و ئێران بەتایبەتی، پشتگیریی زۆری لێکرا و نەتوانرا بە تەواوەتی شکستی پێبهێنرێت، لە لایەن خەڵک و شۆڕشگێڕانی وڵاتەکەیەوە، ئەوجا دەستتێکەڵی ئێران و تورکیا و وڵاتانی بەرژەوەندیدار لە سەر ناوچەکە، وای کرد داعش ڕووبکاتە عێراق و شەقامی سوونەی قۆستەوە، کە شەقامێکی پەنگخواردووبوو لەسەر ستەمکارییەکانی مالیکی و مەزهەبەکەی لە دەرهەق ئەهلی سوونە و قەیرانە سیاسییەکانی عێراق بە گشتی!.

هەر لەگەڵ جوڵەی کردە سەربازییەکانی داعش و ڕووبەڕووبوونەیان لەگەڵ سوپای عێراق و شکستی سوپای عێراق و وەک دەڵێن هاتنەسەر خەتی ڕاستەوخۆ و نێهێنیئامێزانەی ئێران و تورکیا و وڵاتانی تری وەک قەتەر و سعوودییە، هەریەک لە لایەک و بۆ مەبەستێکی تایبەتی خۆی و ڕاگرتنی مەترسییەکانی داعش لەسەر حکومەتەکەی مالیکی و پێچەوانەکردنەوەی، ئەو جەنگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەسەر کورد و ناشیرینکردنی شەقامی سوونەی عێراقیش بۆ خۆی شتی زۆر هەڵدەگرێت و دەبێت خاڵ بە خاڵ و ورد قسەی لەسەر بکرێت، کە جارێ دیاری نییە کێ ئەم نەخشەی پێچەوانەکردەوە و جەنگەکەی ڕووبەڕووی کورد کردەوە، بەڵام ئاماژەکان قسەیان لەبارەوە کراوە!.

هەموو ئەمانە و قسەی دیکەش کە نابێت ونبکرێت و لێیەوە نەدوێین، من دەمەوێت شەقامی کوردیی وەک خۆی لەسەر ململانێکانی جیهان و ناوچەکە بڕوانن و ببینن لەم بارەیەوە، دەمەوێت خوێندنەوەیەکی باش و هاوڕایی تەواو هەبێت لەسەر ئەم بۆچوونەی سەرەوەم، لەسەر ئەوەش قسەیەکمان هەبێت لەبارەی توونودتوڵیی و ساردوسڕیی سیاسییانەی ئیسلامییەکانی کوردستان لەبارەی دیاردەی بیرکردنەوەی داعشیانەی ئەمڕۆ، هەروەها بە پێچەوانەشەوە، خوێندەوەمان هاوڕوانین بێت لەسەر توندڕەوی دیاردەی بیری سیکۆلاریی کوردیی.

بە بڕوای شەقامی سیاسیی ئەمەریکی و جیهانی و پانتاییەکی باشی شەقامی سیاسی کوردیش داعش بە ئاینییکراوە، کەوا هیچ ئەرگۆمێنتێک نییە کە داعش وەک هێزێکی سیاسیی و موئەسەسێکی ئیسلامیی خۆی ڕاگەیاندبێت بە فەرمی، زۆرێک پێیان وایە داعش ئامادەکراوی بەردەم شۆڕشی عەرەبیی بوو، لەلایەن زلهێزانەوە، وەک ڕێگریی و چەواشەکردنی بەهاری عەرەبیی، یان بێداری ئیسلامیی، وەک بەلاڕێدا بردنی، وەک شکستپێهێنانی، وەک ئەوەی وڵاتانی دیکەی بەرژەوەندیداری ناوچەکە و جیهان ویستیان بۆ سەرنەکەوتنی بەهاری عەرەبی و بێداریی ئیسلامیی، ئەم دیاردەیەش تاقی بکەنەوە، بۆ ئەوەی لەمپەر بن لەبەردەم سروشتی شۆڕشەکان، ئەو شۆڕشانەی کە دەمێک بوو دەبوو بکرێن و گەلانی ناوچەکە ئازاد بن و سەربەستبن لە بڕیاری سیاسیی و ئایندەسازیی خۆیان، دەبوو ئەو بەهار و بێدارییەش هەندێ وڵاتی تریش بگرێتەوە، ئەم ڕێگریی و لەمپەر درووستکردنەشیان لە ڕێگەی بیرکردنەوەی داعشیانەوە، هەم بۆیان ئاسان بوو، هەمیش بۆ ئەوە بوو خۆیان بزیسزکی ئەو شۆڕشەیان بەرنەکەوێت و دووری بخەنەوە لە خۆیان، ئەوە بوو بە تێکەڵیی و بە عشوایی سەرەتا چەندین ڕێکخەر و جموجوولی بەناو میللیی و ئەتنیکیان درووستکرد لە میسر و وڵاتانی دیکەی خاوەن بێداریی و بەهاری عەرەبیی، دواجار داعشی لێوە هاتەدەر، کە ئێستا داعش وەک ڕێکخراوێکی جیهانی لێهاتووە و وەک خۆیان دەڵێن لە دەستدەرچووە، بە پێی هەندێ خوێندنەوە و قسەی ڕاوێژکار و توێژەرە بەناوبانگەکانی ئەمەریکار و وڵاتانی ئەوروپا و ناوچەکەی خۆشمان، ئێستا جوڵەی داعشیانەی وڵاتان لە ڕێی داعشێکی بەناو لۆکاڵییەوە کاری گلۆباڵیانە دەکەن بە داعش لەسەر ئەرزی واقیع، کە ئێستا لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکە هێزێکی فرە دەوڵەمەند و خاوەن هێز و وزەی سەربازیی و مەعنەویی سیاسییە، هەر ئەمەشە وای کردووە هەندێجار ئەمەریکا بڵێت لەناوبردنی داعش ئەستەمە لەم نزیکانە کۆتایی پێ بێت، لەکاتێکدا ئەمەریکا لە توانایدا هەیە تۆویشیان نەهێڵێت، لە کەمترین کاتدا، هەر ئەمەیە وادەکات هەموو لایەک دوودڵ بن و بە گومانەوە لە تەحەدیاتەکانی ناوچەکە بڕوانن، هەر ئەمەیە وادەکات هەموو لایەکی چاودێر وای ببینن کە داعش دەستێکی تەحەدیاتی هاوبەشی وڵاتانی ناوچەکە و جیهانە بۆ وەدەستخستن و چنگکەوتنی بەرهەم و سەهمی زیاتری پترۆڵ و مانەوە لە ناوچەکە وەک وجوودیی سیاسیی و سەربازیی و هەژموونی ئابووریانەیان، تورکیا و ئێران لەم نێوانەدا یاری پێچەوانە دەکەن و لە ڕووشدا شتێکی تر نیشان دەدەن!.



# شۆڕش و توندوتیژی



جانگیر وسو

وشەی شۆڕش لە زمانی کوردیدا بەرامبەر وشەی (Revolution)ی ئینگلیزی بە کاردێت و لە ئینسکلۆپیدیای ئازاددا پێناسەکەی بەم شێوەیە کراوە: شۆڕش کردەیەکی سیاسییە، گۆڕانکارییە لە دەسەڵات ڕوودەدات و دەبێتە هۆی گۆڕینی شێوازی حوکمڕانی و هەڵوەشانەوەی یاسا کۆنەکانی و یاسا نوێیەکان شوێنیان دەکرنەوە.
هەموو شۆڕشێک بە چەند قۆناغێکدا تێ دەپەڕێت کە کاتێکی پێویستە تا بە ئامانج دەگات. ئەرستۆ شۆڕشە سیاسییەکانی بەسەر دوو جۆر دابەشکردوون، یەکەم: ئەو جۆرە شۆڕشانەن کە گۆڕانی تەواوەتی بە هۆیانەوە ڕوودەدات، واتا هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و بڕیاردان و جێبەجێکردن دەگۆڕدرێن. دووەم: ئەو شۆڕشانەن کە دەبنە هۆی هەموارکردنەوەی یاسا بنچینەییەکان و پێداچوونەوە بە یاسا کۆنەکان، واتا گۆڕانکاری تەنها بەسەر چەند کایەیەکی دەسەڵاتدا دێت، بە دەسەڵاتی چوارەمیشەوە، بەو مانایەی دەکرێت بەو گۆڕانە گەورانەی کە بەسەر میدیاشدا دێت، بڵێین شۆڕش، کە بە دەسەڵاتی چوارەم ناسراوە.
هەموو شۆڕشێک لە ناخی خۆیدا چەندین ئامانجی جۆراوجۆری هەڵگرتووە، بەو پێیەی شۆڕش بیروباوەڕی جیاوازی لەخۆی گرتووە و زۆربەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا تیاییدا بەشدار دەبن، هەندێک جار ئەنجامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە، واتە لە جیاتی ئەوەی شۆڕش ببێتە هۆی کۆتاییهێنان بە حوکمڕانی، لە ئەنجامی دووبەرەکیی و ناکۆکیی نێو شۆڕشەکە، کۆتایی بە شۆڕشەکە دێت، یانیش دوای کۆتاییهاتن بە شۆڕش و سەکەوتنی شۆڕشەکە، ئەو گروپەی سەرکردایەتی شۆڕشیان کردووە، زۆربەی بەرهەمەکانی شۆڕش بۆ خۆیان قۆرخ دەکەن.
جۆرج ئۆروێل هەندێک شۆڕشی بە باخچەی ئاژەلان شوبهاندووە، و کۆمەلێک بەراز پەیدا دەبن کە زۆربەی داهاتەکانی باخچەکە بۆ خۆیان قۆرغ دەکەن، لە شۆڕشدا لەبەر ئەوەی هەر کۆمەلەیە و بۆ ئامانجێکی دیاریکراو خەبات دەکەن، بۆ نموونە کرێکار بۆ باشبوونی ئاستی خزمەتگوزاری کرێکاران و کەمبوونەوەی ئاستی بێکاری و قوتابی بۆ باشبوونی سیستەمی پەروەردەی و....هتد. بۆیە زۆر جار لەنێو شۆڕش ململانێ دروست دەبێت و سەرئەنجام ئەو شۆڕشە لە جیاتی ئەوەی بە لای سەرکەوتن بشکێتەوە، دەبێتە چەکێک بۆ لەناوبردنی شۆڕشەکە.
مۆدێرنە بزوێنەرەکەی جیاوازییە و لەسەر بنەمای جیاوازی گەورە بونیاد نراوە، لەم جۆرە شۆڕشانەدا، ئەو جیاوازییەی کە مۆدێرنەی لەسەر دامەزراوە، دەبێتە هۆی نسکۆی شۆڕشەکە و ئەو جۆرە شۆڕشانە لە مێژووی زۆربەی نەتەوەکان بوونیان هەیە، دیارترین نموونە لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا ئەو شۆڕشەی سوریایە کە لەسەرەتادا پێشڕەوییەکی باشی کرد، بەڵام لە دواییدا بە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان لایەنە جیاوازەکانی شۆڕش، شۆڕشەکە خاوبوونەوەیەکی زۆری بەخۆیەوە بینی، لێردەدا جیاوازییەکانی لە جیاتی ئەوەی مۆدیرنە دروست بکەن، کاولکاری و کارەساتی مرۆیی گەورەیان دروست کرد. لە ڕۆژهەڵاتدا لە جیاتی ئەوەی جیاوازی ببێتە هۆی پێشکەوتن و بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن، دەبێتە هۆی کارەساتی گەورەی مرۆی وەک ئەوەی لە شەنگال ڕویدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نائامەدەگیی گفتووگۆ، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هیچ مەسەلەیەک لە مێژوو ناگۆڕێت بەبێ توندوتیژی، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە زۆربەی شۆرەشەکانی ئەو ناوچەیە، ڕۆحێکی مارکیسیانەیان هەیە، وەک لە تیۆرە بەناوبەنگەکەی دەڵێت: «توندوتیژی مامانی مێژووە، هیچ مەسەلەیەکی بنەڕەتی لە مێژوو نادۆزیتەوە کە بەبێ بوونی توندوتیژی چارەسەر کرابێت»، هەرچەندە من خۆم بڕوام وانییە کە توندوتیژی بزووێنەری مێژوو بێت، بەڵام ئەو تیۆرە یارمەتی دەرمان دەبێت بۆ شیکردنەوەی بەشێکی زۆری شۆڕشەکانی ناوچەکەمان، هەتا هەندێک لە شۆڕشە دینیەکانیش. لێرەوە دەگەڕێمەوە بۆ لای فەیلەسوفی فەڕەنسی پۆڵ ڕیکۆر، ئەو پێی وایە لە هەر شوێنێک زمان ئامادە بوو، لەو شوێنە تووندوتیژی ئامادە نییە، بە بۆچوونی ئەو پەیوەندی نێوان زمان و تووندوتیژی، پەیوەندیەکی پێچەوانەیە، لەهەر شوێنێک توندوتیژی ئامادەگیی هەبوو، ئەوە زمان لەو شوێنە غیابە، زمان بە واتای گۆڕینەوەی ئایدیاڵ و دیالۆگ و کۆکردنەوەی چەند ئایدۆلۆژیایەک لەسەر مێزی گفتوگۆ.
دەتوانین شۆڕشەکان بەسەر دوو جۆر لە شۆڕش دابەش بکەین، یەکەمیان: ئەو شۆڕشە چەکداریانەن کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێوان لێوە لەو جۆرە شۆڕشانە و بەرهەمی ترسناکیان هەیە و کارەساتی گەورەی مرۆیی بە دوای خۆیاندا دەهێنن.
جۆری دووەم: ئەو شۆڕشانەن کە فیکریین و دوور لە چەک و سەرباز دەکرێن، واتا شۆڕشێکن پێویستییان بە موشەک و سەرباز و فڕۆکە نییە، بەڵکو پێویستە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بەشداری تێدا بکەن، ئەم جۆرە شۆڕەشانە لە ڕێگای دیالۆگەوە دەکرێن و بەهۆیانەوە گۆڕانکاری لە دەسەڵات ڕوودەدەن، هەر چەندە دەکرێت ئەو جۆرە شۆڕشانەش بەرهەمی ترسناکیان هەبێت، وەک ئەوەی حیزبی نازی ئەڵمانی کە لە ڕێگای دەنگدانێکی دیموکراسییانەوە هاتە سەر کورسی دەسەڵات، بەڵام دواتر ئەوەبوو کە هەموو جیهان بەرهەمەکەی دی.
لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ئایین ئەو چەکەیە کە بە دەستی زۆر تاخم و گروپەوەیە و بەشێوەیەک تەفسیر بۆ تێکستە دینییەکان دەکەن کە لە بەرژەوەندی ئەواندا بێت، لەولاشەوە جگە لە دین کە شوێنێکی سەنتڕاڵی هەیە لە کێشەکانی ئەم ناوچەیە، شێوازی دروستبوونی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەشێوەیەکە کە کۆمەڵێک نەتەوە و ئایین و مەزهەبی جیاواز لەخۆی دەگرێت، بێئەوەی لەیەکگەیشتن هەبێت، کۆبونەوەی ئەم هەموو شوناسە ئاڵۆز و دژبەیەکانە لە سنورێکی جوگرافی و دەستووریی، بێئەوەی لەیەک تێگەیشتن هەبێت، کێشەیەکی ترە کە ئەم ناوچەیە بەدەستییەوە دەناڵێنێ، تەنانەت دەتوانین لە نێو یەک نەتەوەشدا کاریگەری ئەو لەیەک تێنەگەیشتنە و کاریگەری دین ببینین. بۆیە زۆر زەحمەتە شۆڕشێک لەو ناوچەیە بەرپابکرێ (مەبەستم شۆڕشی چەکدارییە) پێکهاتەیەکی بۆگەنی لەخۆی نەگرتبێت و کارەساتی گەورەی مرۆیی بەدواوە نەبێت، ئەستەمە شۆڕشێک بەرپابکەی و لەئەنجامدا چەند هێزێکی وەک داعش و جەبهەتولنوسڕە دورست نەبن کە هەرجارە و ئەو کۆمەلەیە لە ژێر دەمامکێکی جیاواز خۆنیشان دەدەن، ڕۆژهەڵات پێش ئەوەی پێویستی بەهەر شۆڕشێکی چەکداری بێت، پێویستی بە شۆڕشێکی فیکریی گەورە هەیە، بە جۆرێک هەموو شوناسەکان بە یەکەوە کۆبکاتەوە و لەیەکگەیشتن لە نێوانیاندا دروست بکات، تا ئێستاش لە ڕۆژهەڵات بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بە تایبەتی، نەتوانراوە ئەو لە یەکگەیشتنە دروست بکرێت، کە من پێم وایە ئەگەر دروست بوو دەبێتە گەورەترین شۆڕشی ناوچەکە.





راز

عەبدولواحید ئیدریس شەریف

## رازی پێشمەرگەیەک

ڕۆژانێکە چەقۆی بێئەمەکی گیانی تەژی ئەوینمان دەسووێ ، بۆیە مەل وەڵامێکی تورە بەدرەنگ وەختەوە لەشەقەی باڵیداو بەم جۆرە لێیان هاتە گۆ : هۆ قەڵەم لەرزۆکو بێبارەکان، منی پێشمەرگە هەر بە ئەزەلی عیشقی تفەنگ نیم، وەک لە فەرهەنگی ئێوەدا نووسراوە، نە کێویم و نە تینووی خوێنی ڕەگەزێکی ترو ڕەگەزی خۆشمم، زۆر لە ئێوە زیاتر بە کەسەرو ئازارەکانی شەڕ ئاشنام، پێویستم بە ئاموژگاری ئێوەی بازرگانی هزرو وشە نییە؟! لەمێژە لەوە حاڵیم شەڕ ماڵوێرانی و خەراباتە، شەڕ مەرگ و ئاوارەیی و کارەساتە، منیش ئارەزوومە ژیانێکی دوور لە شەڕو تفەنگو سەنگەر لە ماڵۆچکەیەکی ئاسوودەدا بە هێمنی بەرمەسەر، بەڵام تاوانم چییە کە ئەهریمەنە نەگریسەکانی چوارشێوم هەموو شتێکم لێ زەوت دەکەن، دەمکەن بە هیچ؟ چۆن تفەنگ نابێتە ئازیزترین هاوڕێم، کە نیشتمان چارەنووسی دەکەوێتە دەستی قەدەر، تفەنگ نەبێ کێ بە هانامان دێ، تفەنگیش شانی بەرزەفڕو نەخەساوی دەوێ، بە پێچەوانەی تانەو تەشەری ژەهراویو بوختانی ناو درۆنامە و بڵندگۆی کەری ناو جۆگە ئاساتان، من هێندە بە ئاگام دەمێکە ناخی قێزەونی ئێوەی لێبوک و مەرایی کەرم خوێندۆتەوە، ببورن قەڵەمە زڕاوەکان، برسیەتیو کاڵفامی و بێکاری دنەی نەداوم ببم بە پێشمەرگە، بەڵکو لەوپەڕی هۆشیارییەوە عەشقی ئازادی ئاوێزانی ئەم ڕێبازەی کردووم، لەوەش دڵنیا بن هیچتان هێندەی من ڕقتان لە تفەنگو چەکی ناو کۆڵانو بازاڕ نابێتەوە، هێندەی منیش تفەنگەکانتان خۆش ناوێ، کاتێک ناحەزو ڕووزەردان هەڕەشەی نەمانو سڕینەوەی مێژوومان لێ دەکەن، من پێشمەرگایەتیو نیشتمانپەروەریم پاوان نەکردووە، بەڵام چی بکەم کە ئاسۆی دواڕۆژی گەلەکەم لێڵ دیارە، ئێوە نانی ئەو ئاسۆ لێڵییە دەخۆن ، منیش سەرم بە کازیوەی دەبەخشم ، دەزانم گرێی دەروونی ئێوەمانان چییە، بۆ وا بە نارەوا قەندیلی بەژنی پێشمەرگەو نسێی سیمای خیانەت وەک یەک دەبینن! ئەو ساتانەی من سێدارەم ڕام دەکرد ئێوە بە دوو دەست کڵاوی خۆتان گرتبوو، کە ئەشکی نامۆیی چیاکانم دەسڕی، ئێوە لە کەسابەت بوون، کە بە پشتیوانی گەل گڕی ڕاپەڕینیشم داگیرساند، ئێوە ناسنامەی سەفەرتان لە گیرفان گیرا، جا چۆن ڕقتان لە منی پێشمەرگە نابێ کە هەمیشە بۆ ئازادی بە سەر شاخی مردندا هەڵدەزنێمو هەرگیز دەستی دیلی هەڵنابڕم، ئێوەش وریای گیرفانەکانتان بن با دۆلارو دینارو تمەنو لیرە تێکەڵ نەبێو هەموو ساتێ مردنێکتان پیرۆزو منیش تەنیا یەک جارلە پێناو خاک و گەلەکەم خوێنم دەبێتە بەراتی سەرکەوتن.

وەرزێکی تر



# هەموومان وێکدەچین

سمکۆ عەبدولکەریم

زۆرجار رووبەڕووی یەکتر دەبینەوە، یەکدی ناناسینەوە، چونکە لەم وڵاتە بچکۆلانەیدا هەموومان وێک دەچین، تا ئەو شوێنەی زۆرجار هەریەکەمان دەبین بە ئەوی تر، وەک ئەوەی هەموومان بەرهەمی یەک بەر بین، لە کاتێکدا یەکمان لە باکورەوە هاتوین ئەویتر لە باشور، ئەویان لە خۆرئاوا و ئەمیشیان لە خۆرهەڵات، بەڵام وەک ئەوە وایە هەموومان لە یەک ژینگە و یەک قوتابخانە و یەک جوگرافیاوە هات بین، هەموومان لە باکورەوە هاتبین، یەک ناخ و یەک دەروونمان هەبێت، هەریەکەمان لە گۆشە نیگایەکەوە دەڕوانینە ئاسۆ، ئاسۆیەک کە بۆ هەموومان هەر یەک ئاسۆیە، بۆ من و بۆ تۆش، بۆ ئەو و بۆ ئەمیش، هەر یەک ئاسۆیە، ئەوە نەبێت کە هەندێکامان ئاسۆکە روونتر دەبینین.

ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت، باشتر وایە بە پێچەوانەوەی بیرکردنەوەی ئەقڵ هەموومان ببین بە مەڕ، زۆر باشترە لەوەی هەموومان ببین بە گورگ، یان بۆ هەتا هەتایە نەزانین ئێمە کێین.

کاتێک هەوڵی دۆزینەوەی خۆمان دەدەین، دەرمان دەکەن، کاتێکیش بە زیندوویی دەگەڕینەوە، لێناگەڕێن.

کێشەکە ئەوەیە، بۆیە کاتێک بە دوای خۆماندا دەگەڕێن، خۆمان پێنادۆزرێتەوە، چونکە بەر لە خۆدۆزینەوەمان دەمانکوژن، بەر لە گەڕانەوەمان دەمانخنکێنن، ئەو دەمەش تەرمەکەمان دێننەوە وڵات، وەک نەفرەت لێکراوێک لێناگەڕێن لە گۆرستانیش بنێژرێین، بەر لە خۆرئاوابوون، ونمان دەکەن، بەر لە خۆرهەڵات دەماننێژن.

وەک چۆن کاتێک نیکۆس کازانتزاکیس خۆی دۆزییەوە، بەر نەفرەتی کەنیسە کەوت، کاتێکیش تەرمەکەیان هێنایەوە نەیانهێشت ئەو لە وڵاتی خۆیدا، روحەکەی ئارام بگرێ، بۆیە لە سەر کێلی گلکۆکەیدا نووسرا» هیوام بە هیچ نییەو هیچیشم ناوێ، من ئازادم».

دیارە سەرەنجام مرۆڤ جگە لە ئازادی شتێک نییە دەستی پێوە بگرێت، ئازادییەک کە تەنیا دەتوانی بۆ خۆت و لەسەر خۆتی جێبەجێ بکەیت، ئەگەرنا ئەمەشیان ئەوە نییە کە بتوانێ یارمەتیت بدات، بۆ ئەوەی لەم رێگەیەوە بتوانی خۆت بدۆزیتەوە، بەبێ ئەوەی بەر نەفرەتی هاوشێوەکانی خۆت بکەویت، ئەوانەی لە خۆت دەچن، بەڵام خۆت نین، ئەو لێچوانەی هەر لە منالییەوە تۆیان پێچوواندوە.

ئۆشۆ دەمەو ئێوارەیەکی خۆرنشین، کاتێک باڵندەکان بەرەو لانەکانیان دەگەڕانەوە، لە منالە بچکۆلانەکەی ئەو ماڵەی پرسی: « دەزانیت تۆ کێیت؟ وتی: پرسیارێکی قورسە، وتم بۆ؟ وتی: چونکە من تاقانەی دایک و باوکمم، هەرکە میوانمان دێت، یەکێکیان دەڵێت: چاوت لە چاوی باوکت دەچێت، یەکێکی تریان دەڵێت: لووتت لە لووتی دایکت دەچێت، یەکێکی دی دەڵێ: دەموچاوت چوەتەوە سەر دەموچاوی مامت، لەبەر ئەوە نازانم من کێم، چونکە کەس پێی نەوتوم تۆ لە خۆت دەچیت».



## شازادە سینەم خان جەلادەت بەدرخان:

# حەزمدەکرد لەکوردستان لەڕێورەسمێکی تایبەت ئەم خەڵاتەم پێبدرابوایە





تاقە کچی بنەماڵەی بەدرخانیەکان مەدالیای ناپلیۆن وەردەگرێت ونیگەرانی خۆی دەخاتە ڕوو بەهۆی ئەوەی ئەو بارودۆخە ڕێگر بووە کە نەیهێشتووە مەراسیمەکە لە کوردستان ساز بکرێت.

رۆژی ٢٠١٥/١/٥ لەڕێو ڕەسمێکی تایبەتدا لەلایان قونسلی گشتی پێشووی فەڕەنسا لە هەولێر، د. فریدریک تیسۆ، بیرنارد کۆشنەر، مەدام هێلین هاوسەری شەهید د. قاسملۆ، دلناز سەعدۆڵلاو هاوسەری سێرج، فەردە جەمیل پاشاو، کاک خوسرەۆ زۆرێک لە میوانان لە پاریسی پایەختی فەڕەنسا، شازادە سینەم خان جەلادەت بەدرخان مەدالیای شەرەف کە بەمەدالیای ناپلیۆن ناسراوە وەردەگرێت.

لەپەیوەندیەکی تایبەت بە بەدرخان شازادە سینەم خان باس لەوە دەکات کە ئەو خوازیاربووە ئەو ڕێوڕەسمە لە کوردستان جێبەجێ بکرابوایە، بەڵام بەهۆی ئەم بارودۆخە نەکراوە، بۆیە دەڵێت: (حەزمدەکرد لەکوردستان لەڕێوڕەسمێکی تایبەت ئەم خەڵاتەم پێبدرابوایە).

شازادە سینەم خان جەلادەت بەدرخان لەساڵی ١٩٣٨ لەدیمەشق لەدایک بووە، تاقە کچی بنەماڵەی بەدرخانیەکانە کە لەژیاندا ماوە، هەموو ئەرشیف وبەڵگەکانی بنەماڵەی بەدرخانیەکانی پاراستووە.

هەروەها سەبارەت بەو ڕێزلێنانە گوتی: وەرگرتنی ئەو خەڵاتە بۆ هەموو کوردان جێگای شانازیە.

بەناوی دەزگای بەدرخان پیرۆزبایی لە شازادە سینەم خان جەلادەت بەدرخان دەکەین.

بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
- حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)

بەڕێوەبەری نووسین:
- نیهاد جامی
nihad_jami@yahoo.com

- راوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
- راوێژکاری رووناکبیریی: د. عادل گەرمیانی
- راوێژکاری کەلتووری: د. ئازاد عەبدولواحید کەریم

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری